






## بڕی مارەیی، هەناسەیەک بۆ ژیان یان ڕووبەڕووبوونەوەی گلەییەکان








گوڵان پەیامی ئەمڕۆ و سبەی

■ خاوەن ئیمتیاز
**شەوکەت شێخ یەزدین**
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
**فەرهاد محەمەد**
Editor-in-Chief
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
tel: 07504030900

■ سکرتێری نووسین
**ماجید نووری**

■ سیاسەت و ناوخۆ:
**ساڵح عومەر**
**شەماڵ نوری**
**هێمن غەنی**
**شێبان فەرهاد**
**قانیع کاکەیی**

■ گشتی:
**ئەحمەد عەزیز**
**د.عادل حوسێن**
**ڕۆشنە عومەر**
**خەلیل بلەیی**
**سەنگەر شنۆیی**
**مەهدی حاجی ساڵح**

■ بەڕێوبەری کارگێری و دارایی
**سلێمان یاسین**

■ بەڕێوبەری هونەری
**شاخەوان جەعفەر**

■ بەرگ
**لوقمان ڕەشیدی**

■ وێنەگر
**کەمال ئاکرەیی**

■ ناونیشان: هەولێر - شەقامی ٤٠ مەتری تەنیشت مەکتەبی ناوەندی ڕاگەیاندنی(پ.د.ك)

بۆ ریکلام کردن پەیوەندی بکە بە:
Mobil: 0750 456 7070
salih_omer2003@yahoo.com
Mobil: 07504349426
Ayoob_kurde@yahoo.com

Web: www.gulan-media.com



## بونیادنانی دەوڵەتی یاسا لەناو دەوڵەتدا

ڕۆژ کەریم:

## پێویست ناکات هونەرمەند ببێتە مشەخۆر





## هەڵبژاردنەکانی تورکیا و شەڕی پڕۆژەی هەموارکردنی دەستوور



## کراسێکی بووک لە دراو!

گوڵان
پەیامی ئەمڕۆ و سبەی

## ئامادەباشی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان لە ڕێی دیالۆگەوە

# بڕیاردانە بۆ بەردەوامێتی چاکسازی لە ڕێی دامەزراوە

وەڵامدانەوەی ئیجابیانـــەی لایەنەکانی ئۆپۆزســـیۆن بۆ پەیامەکەی بەڕێز مسعود بارزانی ســـەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ کۆبوونـــەوەی هەردوو لایەنی دەســـەڵات و ئۆپۆزسیۆن و بۆ چارەسەرکردنی ئاشتیانەی کێشەکە بە وتوویژ و ڕێگەچارەی ئاشتیانە، هەنگاوێکـــی گرنگە بۆ چارەســـەرکردنی کێشـــەکان و بەردەوامـــی ئەو پرۆســـەی

### ئەگەر جیاوازییەك لە تێڕوانینی نێوان لایەنەکانی دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆندا هەبێت لەسەر شێواز و ڕێگەچارەی جیاواز بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان

چاکســـازییەی ســـەرۆکی کوردستانە کە ماوەیەکە دەستی پێکردووە، لەمەش گرنگتر ســـەلماندنی ئەو راســـتیەیە کە کێشەکانی کۆمەڵگـــەی دیموکراتـــی بەهێزی نەرم و لێکتێگەیشـــتن و لەچوارچێوەی سەروەری یاســـادا جێبەجـــێ دەکرێـــت، دیموکراتی چەند بریتی بێت لـــە کەمینە و زۆرینەی ســـندوقەکانی دەنگدان، هێنـــدە و زیاتریش بریتییە لە ڕێزگرتنی دەنگی ئۆپۆزســـیۆن و هەوڵـــدان بۆ لەبەرچاوگرتنی ئەو چەمك و پێشـــنیارانەی کە لایەنی ئۆپۆزســـیۆن بۆ چارەســـەرکردنی کێشـــەکانی هەرێمی کوردســـتان دەیخەنەڕوو. ئەوەشی کە زیاتر بەم لایەنە گەشبینمان دەکات ئەوەیە وێڕای ئەوەی بۆچوونەکانی ئۆپۆزســـیۆن لەگەڵ بۆچوونەکانی هەردوو لایەنی ســـەرەکی ( پارتی و یەکێتی ) جیـــاوازی هەیە، بەڵام لەنێـــو جیاوازییەکاندا خاڵـــی هاوبەش بەو ئاســـتە هەیە کە بتوانن خاڵە هاوبەشـــەکان بکەنە هەوێنی بەردەوامی دانیشـــتنەکان و دۆزینەوەی ڕێگـــە چارەی گونجاو بۆ ئەو کێشـــانەی ئەمڕۆ لەکوردستان بوونی هەیە و هەردوو لایەنی ئۆپۆزسیۆن و دەسەڵاتیش لەسەر ئەوە کۆکن کە ئەو کێشانەی بوونیان هەیە پێویستیان بەچارەسەرکردن هەیە، لێرەوە ئەوەی جێگەی خۆشحاڵییە، کێشەی نێوان ئۆپۆزسیۆن و دەسەڵات، بەوجۆرە نییە لایەك جەخت لەســـەر ئەوە بکاتەوە کێشە هەیە و لایەکی دیکە نکوڵی لێبکات، نەخێر ئەگەر جیاوازییـــەك لە تێڕوانینی نێوان لایەنەکانی دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆندا هەبێت لەسەر شێواز و ڕێگەچارەی جیاوازە بۆ چارەســـەرکردنی کێشەکان، خۆ ئەگەر ئەم تێڕوانینە جیاوازو ڕێگەچارە بەدیلانە لە سیستمی دیموکراتی بوونی نەبێت، ئەوا راشکاوانە دەڵێین ئەسڵەن دیموکراتی بوونـــی نابێت، هەر بۆیە کاتێك دیموکراتی بوونی هەبێت، ئەوا بیربۆچوون و بەرنامەی جیاوازیش بوونی دەبێت و ئەرکی هەموو لایەنەکانیشە بە گیانی لێبوردەیی و یەکتری قبوڵکردنەوە ڕێز لە جیاوازییەکانی یەکتـــری بگرن و هەوڵبـــدەن جیاوازییەکان هەموو لایەنـــەکان لە خاڵێکی هاوبەشـــدا کۆبکاتـــەوە بۆ ئەوەی هەموو پێکەوە بگەنە چارەســـەرێکی مـــام ناوەندی و کێشـــە و قەیرانەکان کۆتایی پێ بێت.

لایەنێکی دیکە کە ئەویش خاڵێکی گرنگە بۆ ئەوەی بەگەشبینیەوە بۆ ئاییندە بڕوانین، هەڵوێستی ســـەرۆکی هەرێمی کوردستانە کە لەم قۆناخە ناســـك و مێژووییەدا، وەك مەرجەعێك بۆ هەموو لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن و دەسەڵات ڕۆڵێکی حەکیمانە و بێلایەنانەی گێڕاوە، بێجگە لە لایەنگیری بۆ دیموکراتی و چارەسەری ئاشتیانەی کێشەکان بەزمانی

### حزبەکانی ناو کۆمەڵگەی دیموکراتی پێویستە ئەو ڕاستییە لەبەرچاوبگرن کە هەر یەکەیان نوێنەرایەتی بەشێکی کۆمەڵگە دەکەن و بیربۆچوونی هیچ حزبێك لە کۆمەڵگەی دیموکراتی لە سەدا سەد ڕاست و لەسەدا سەد هەڵە نییە

دیالـــۆگ و لێکتێگەیشـــتن، لایەنگیری هیچ لایەکی نەکـــردووە، بەپێچەوانەوە هەر لەســـەرەتاوە و پێش ئەوەی خۆپیشاندانەکان دەست پێبکەن، سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ لایەنەکانی ئۆپۆزســـیۆن کۆبووەوە بۆ ئەوەی بەرنامـــەی خۆیان ئامادە بکەن و پێکەوە پرۆســـەی چاکسازی لە هەرێمی کوردستان دەست پێبکەن، بەداخەوە لەگەڵ ئەوەی پێش گەڕانەوەی سەرۆکی هەرێمی کوردســـتان لەســـەردانەکەی بۆ ئەورووپا، کۆمەڵێـــك ڕووداوی نەخـــوازراو ڕوویانداو

# دیمـــوکـــراتییـــەکـــــــــانەوە

نەتوانرا ئەوەی پێش سەفەرەکەی بڕیاری لەسەر درابوو، پاش سەفەرەکەی جێبەجێ بکرێت و باردۆخێکی تازەی نەخوازراو هێنرابووە پێشەوە، بەڵام دیسان هەڵوێستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بە لۆژیکی خۆی و نەفەسی درێژی ئاشتی و دیموکراتیانەوە، مامەڵەی لەگەڵ ئەو باردۆخە هەستیارە کرد و بە هەموو لایەکی ڕاگەیاند، کوردستان وڵاتێکی دیموکراتییە و هیچ دەسەڵاتێك لەکوردستان ئەبەدی نییە، ئەو دەسەڵاتەی ئێستا لەکوردستان هەیە، بەرهەنجامی هەڵبژاردنەوە بەدەنگی خەڵکی کوردستان هاتۆتە ئاراوە، بۆیە ئێستاش گەلی کوردستان دەتوانێت ئەو دەسەڵاتە بگۆڕێت وگەلی کوردستان چ بڕیارێك بدات دەبێت هەموومان ملکەچی بڕیارەکە بین، لەمەش زیاتر پرۆژەی تایبەتی بۆ چاکسازی لە هەرێمی کوردستان ڕاگەیاند و هەموو لایەنە پێوەندارەکانی ڕاسپارد بۆ ئەوەی دەست بکەن بەچاکسازی و ئەوەی گەلی کوردستان داوای دەکات و ڕەخنە و گازندەی لەسەری هەیە، دەبێت بەدڵی خەڵکی کوردستان چارەسەر بکرێت.

لێرەدا ئەو خاڵەی پێویستە لەبەرچاوبگیرێت و هەموو لایەنەکان پێوەی پابەندبن ئەوەیە، کاتێك ئێمە دیموکراتی وەك سیستمێکی سیاسیی بۆ بەڕێوەبردنی ژیانی کۆمەڵگەی خۆمان هەڵدەبژێرین، گرنگە پابەندی ڕێساکانی سیستمی دیموکراتی بین و ڕێز لەشەرعیەتی دامەزراوە دیموکراتییەکان بگرین، کە ئەمەش خۆی لەخۆیدا ڕێزگرتنە لەو دەنگانەی کە ئەو دامەزراوە شەرعیانەی لێ هاتۆتە بەرهەم، هەروەها دەبێت ڕێز لە بیروبۆچوونی لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆنیش بگیرێت، لەبەر ئەوەی بوونی دیاردەی ئۆپۆزسیۆنیش بەرهەمی دەنگدانی خەڵکی کوردستان و ئۆپۆزسیۆن نوێنەرایەتی ژمارەیەکی بەرچاوی خەڵکی کوردستان دەکات، بۆیە لەم چوارچێوەیەدا، پابەندبوون بە بنەماکانی دیموکراتی خۆی لەخۆیدا


**کاتێك دیموکراتی بوونی هەبێت، ئەوا بیروبۆچوون و بەرنامەی جیاوازیش بوونی دەبێت و ئەرکی هەموو لایەنەکانیشە بە گیانی لێبوردەیی و یەکتری قبوڵکردنەوە ڕێز لە جیاوازییەکانی یەکتری بگرن و هەوڵبدەن جیاوازییەکان هەموو لایەنەکان لە خاڵێکی هاوبەشدا کۆبکاتەوە**

دەبێتە ڕێزگرتن لە دەنگی هاووڵاتیانی کوردستان و حزبەکانی ناو کۆمەڵگەی دیموکراتی پێویستە ئەو ڕاستییە لەبەرچاوبگرن کە هەر یەکەیان نوێنەرایەتی بەشێکی کۆمەڵگە دەکەن و بیروبۆچوونی هیچ حزبێك لە کۆمەڵگەی دیموکراتی لە سەدا سەد ڕاست و لەسەدا سەد هەڵە نییە، لەمەش گرنگتر ئەوەیە هەموو شتێك لە کۆمەڵگەی دیموکراتیدا ڕێژەییە و خەڵك مافی خۆیەتی پشتگیری لەبۆچوونی کام حزب بکات و بۆچوونی ئەوی دیکە ڕەتبکاتەوە، بۆیە ئەمە وادەکات کاتێك لایەنە سیاسیەکانی کۆمەڵگەی دیموکراتی ئەگەر لەسەر مێزی وتووێژ یان تەنانەت لەناو هۆڵی پەرلەمانیشدا نەیانتوانی بەزمانی دیالۆگ بگەنە یەك و ڕێگەچارەی مامناوەندی بۆ کێشەکان بدۆزنەوە، ئەوا دەسەڵات و مەرجەعێکی گەورەتر لەسەرو هەموو لایەکەوە هەیە، کە ئەویش دەسەڵاتی گەلەو، لەو قۆناخانەی کە کێشەکان دەگەنە بنبەست هەموو دەسەڵاتەکان ڕادەستی گەل دەکرێتەوەو گەلیش ئازادە لەوەی بۆ قۆناخی داهاتوو چۆن پۆلبەندی هێزەکان دەکاتەوە و متمانەی خۆی بەکام لایەن دەدات بۆ ئەوەی نوێنەرایەتی بکات.

بۆیە ئەگەر هەموو ئەو خاڵانەی کە ئۆپۆزسیۆن وەك ڕەخنە و خاڵی نارەزایی بانگێشەی بۆ دەکات و هەموو ئەو خاڵ و بەرنامانەی لایەنی دەسەڵات بانگێشەی ئەوەی بۆدەکات جێبەجێیان دەکات، پێکەوە کۆنەکەینەوە، هەست دەکەین سیستمە دیموکراتییەکە کەموکورتی تێدەکەوێت و ناتوانێت بەردەوامی هەبێت، کەواتە بۆ ئەوەی پرۆسەکە بەردەوامی هەبێت و ڕۆژ لەدوای ڕۆژ دیموکراتی لە گەشەکردنێکی لەسەرخۆیی بەردەوامدا بێت و هەوڵەکان بەبەردەوامی بۆ بەگژداچوونەوەی گەندەڵی و هاندانی دژە گەندەڵی بن، ئەوکاتە هەست دەکەین پرۆسە دیموکراتیەکە زیاتر خۆی دەچەسپێنێت و ڕەگ و ڕیشەی باشتر لە کۆمەڵگە دادەکوترێت و ئاسانتریش دەستاو دەستکردنی ئاشتیانەی دەسەڵات بەردەوامی دەبێت و سووری بوون بە دەسەڵات و بوون بە ئۆپۆزسیۆن بەشێوەیەکی ئاسایی وەردەگیرێت، ئەو بیروبۆچوونانە تازانە سەر هەڵدەدەن کە نە بوونی لایەنەکانی دەسەڵات بە ئۆپۆزسیۆن کۆتایی دێت و نە بەگەیشتنی ئۆپۆزسیۆنیش بۆ دەسەڵات ئیدی ئەو بەهەشتە دروست دەبێت کە کۆمەڵگە هیچ کێشە و کەموکورتیەکی تیا نەمێنێت، بەڵکو هەموو ئەمانە یەك ڕاستی فێری هەموو لایەکمان دەکات ئەویش ئەوەیە ئەگەر بمانەوێت دیموکراتی گەشە بکات و لەکۆمەڵگەدا بچەسپێت، دەبێت لە پێناوی بەرژەوەندی خەڵکدا قوربانی بەبەرژەوەندییە حزبییەکان بدرێن.


# بودجە نەخشە ڕێگەیە بۆ بەرزکردنەوەی ئەدای حکومەت

## بەسیاسیکردنی بودجە و بوونی کەموکوڕی زیان بەهاووڵاتیان دەگەیەنێت



بۆ ئەوەی خەڵکی کوردستان لە چۆنیەتی خەرجکردنی داهاتەکانی هەرێم ئاگاداربن و دەرفەتێکیش بۆ دەستنیشانکردن و چاککردنی کەموکوڕییەکان بدرێت؛ حکومەتی هەرێم بودجەی گشتی بۆ ساڵی ٢٠١١ ناردە پەرلەمان و لەوێش گفتوگۆکان دەستی پێکرد، بەڕێوەچوونی گفتوگۆکانی بودجەی گشتی هەرێم لەناو پەرلەمانی کوردستاندا لەکاتێکدایە کە دەنگۆی ئەوە هەیە پارتە فەرمانڕەواکان لەگەڵ هەرسێ پارتەکەی ئۆپۆزسیۆن بۆ هێورکردنەوەی بارودۆخەکە هەنگاو بەرەو دیالۆگ بنێن، دوای ئەوەی سەرۆکی هەرێم داوای لە لایەنەکان کرد بگەڕێنەوە بۆ سەر مێزی گفتوگۆو هەموو لایەنە سیاسییەکانیش پێشوازییان لەم دەستپێشخەرییە نوێیە کرد، ئەمەش پاڵپشتیەکی زیاتر بە پەرلەمانتاران دەدات کە ڕێگا نەدرێت بودجە بەسیاسی بکرێت هەروەکو چۆن پاڵپشتییەکی زیاتر بەوە دەدات کە هیچ کەموکوڕییەك لە پڕۆژەکە تێپەڕ نەبێت و، هەوڵی ئەوەش بدرێت تارادەیەك هاوسەنگی بە بوارەکانی بودجەی بەکاربردن و وەبەرهێنان بدرێت و شەفافییەتی تەواو بەبڕگەو ماددەکانی ناو بودجەکەوە دیار بێت.

خوێندنەوەی زانستی و ڕاستگۆیی نوێ بۆ بودجە ئەرکی شارەزایان و پسپۆرانی ئەمبوارەیە، هەروەکو چۆن ئەرکی راگەیاندنکارانە بەوردییەوە بڕواننە ئەو گفتوگۆو وتووێژانەی لەناو پەرلەمان و لەپەراوێزی وتووێژە سیاسییەکان لەسەر ئەم مەسەلە چارەنووسازە دەکرێت، پێویستە ڕەخنەو باسەکان دوور بێت لەمەرامی حزبایەتی، چونکە بودجە بۆ خەڵکەو ناکرێت بخرێتە ناو گەمەی حزبایەتی و مەرامی شەخسیی کەسانی سیاسییەوە، ئەوەتا لە پڕۆسەیەکی دیموکراسیدا سەرجەم نوێنەرانی خەڵك لە پەرلەمان و پسپۆران و شارەزایانی پێوەندارو تەنانەت هاووڵاتی ئاسایی راوبۆچوونی خۆیان لەسەر وردەکارییەکانی پرۆژە یاسای بودجەی ٢٠١١ دەخەنە ڕوو، تەنانەت چەندین رەخنەو پێشنیازی باش لەلایەن لیستەکانی ناو پەرلەمان خراونەتە ڕوو، ئەمەش حاڵەتێکی سروشتی و ئاساییەو بە پێداویستییەکانی چاکسازی و دژایەتیکردنی گەندەڵی و پەیڕەوکردنی شەفافیەت دادەنرێت، لەم بارودۆخەدا پێویستە گفتوگۆکان لەسەر پارەو داهاتی میللەت کە لە پرۆژە یاسای بودجەکەدا خۆی دەنوێنێت بەشێوەیەك چاکبکرێتەوەو ئاڕاستە بکرێت کە بۆ باشکردنی باروگوزەرانی یەکە یەکەی تاکەکانی ناو کۆمەڵگا بێت، نەك بۆ ئامانجی سیاسی و پروپاگەندەی ئیعلامی. لەم راپۆرتەدا بەمەبەستی هەڵسەنگاندنی رەخنەکان و پێدانی شەفافیەت بە بودجەکەو دەرخستنی کەموکورتیەکان چەند پرسیارێکمان ئاراستەی هەریەك لە وەزیری پلاندانان و بریکاری وەزارەتی دارایی و ئابووری و چەند پسپۆرێکی ئەکادیمی شارەزا لەبواری بودجەدا کرد، لێرەدا پوختەی وەڵامەکانیان دەخەینە ڕوو تاوەکو بتوانین دەرگای گفتوگۆ ئاواڵابکەین بۆ زیاتر وتووێژکردن و باشترکردنی پرۆژە یاساکە، بەشێوەیەك لەخزمەتی هاووڵاتییانی هەرێمەکە بەتایبەتی چینی هەژاران و بەرزکردنەوەی ئەدای حکومەتدا بێت.



**دکتۆر عەلی سندی وەزیری پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ (گوڵان):**

# بودجە پەیوەستە بە گوزەرانی هاووڵاتیانەوە بۆیە پێویستە لایەنەکان ئەم پرۆژەیە بە سیاسی نەکەن

سەرەتا دکتۆر عەلی سندی وەزیری پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردستان سەبارەت بەبودجەی ئەمساڵی هەرێمی کوردستان وتی: کۆی بودجەی ساڵی ٢٠١١ی هەرێمی کوردستان (١٣،٩٤٠،٢٩٦ ترلیۆن دینار)ە. لەمە بودجەی وەبەرهێنان (٤،١٥٠) ترلیۆن دینار. بودجەی وەبەرهێنان دابەشی دوو بەشی سەرەکیی دەبێت: بەشی یەکەم پرۆژە بەردەوامەکان کە ژمارەیان (٢٣٩٥) پرۆژەیە بە گوژمەی (٢،٨٧٠،٨٠٣ تریلیۆن دینار) و بەشی دووەم پرۆژە پێشنیارکراوەکانە کە ژمارەیان (٥٤٣) پرۆژەیە بە گوژمەی (٩٨٨،٠٩٧ ملیار دینار). هەروەها بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکان لە بودجەی وەبەرهێنان دیاری دەکرێت، کە ئەمساڵ بڕی (٢٩١ ملیار دینار)ە کە بەم شێوەیە دابەشکراوە بەسەر پارێزگاکاندا: هەولێر (١٠٥ ملیار دینار)، سلێمانی (١١٦ ملیار دینار) و دهۆك (٧٠ ملیار دینارە).

ئەگەر رەچاوی پێشکەوتنی بەرچاوی هەرێمی کوردستان و بەرزبوونەوەی ئاستی پێداویستییەکان بکەین، دەبینین ئەم بودجەیە ناتوانێت کۆی ئەو پرۆژانە تەمویل بکات کە خەڵکی ناوچە جیاوازەکانی هەرێمی کوردستان داخوازی دەکەن. هەروەها ئەو پرۆژانەی لەژێر جێبەجێکردان و ئەوانەش کە پێشنیار دەکرێن، لەئاستی خواستی وەزارەتەکاندا نین، بەڵکو خواستی وەزارەتەکان زۆر لەوە زیاترە. لەسەرەتای ئەیلولی هەموو ساڵێکدا، ئێمە لە وەزارەتی پلاندانان بەهەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتەکانی تری حکومەتی هەرێمی کوردستان، لێکۆڵینەوەی شایستە بۆ ئەو پرۆژانە دەکەین کە وەزارەتەکان پێشکەشیان دەکەن. خاڵی یەکەم کە لەبەرچاوی دەگرین بارودۆخی ئابووری کوردستانە بەگشتی، واتا بزانین کام لەم پرۆژانە دەبنە هۆی بووژاندنەوەی ئابووری و دروستکردنی سەرمایە و راکێشانی وەبەرهێنان. بۆ نموونە ئەمساڵ گرنگی زۆرمان داوە بە کەرتی کارەبا، لەسەر ئەو بنەمایەی کە کۆی ئەو پرۆژانەی تر کە لەژێرجێبەجێکردندان و ئەوانەش کە لە داهاتوو جێبەجێ دەکرێن، پێویستیان بە سەرچاوەکانی وزە هەیە. واتا تەرخانکردنی ٦٠٪ی کۆی بودجەی پرۆژە پێشنیارکراوەکان بۆ کەرتی کارەبا بڕیارێکی سەربەخۆ و هەڕەمەکی نەبووە، بەڵکو لەسەر بنەمای لێکۆڵینەوەی زانستی و راوێژکردن بووە لەگەڵ هەموو وەزارەتەکان و شارەزایانی بوارەکە. ئەگەر ئەمساڵ توانرا کێشەی کارەبا چارەسەر بکرێت، ئەوا ساڵانی داهاتوو دەتوانین گوژمەی زیاتر تەرخان بکەین بۆ



کەرتی پیشەسازی و هاندانی وەبەرهێنان لەم کەرتە و کەرتەکانی تر، ئەمەش دواجار دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی بێکاری و بەرزکردنەوەی ئاستی گوزەرانی خەڵکی کوردستان.

## راگرتنی هاوسەنگی لەبودجەدا کارێکی ئاسان نییە

وەزیری پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردستان سەبارەت بەوەی تاچ رادەیەك دەکرێت هاوسەنگی لەپرۆژە بودجەی حکومەت دا بکرێت وتی :وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا ئێمە لەسەر بنەمای لێکۆڵینەوەو راوێژکردن لەگەڵ لایەنە پێوەندیدارەکان بڕیار لە تەرخانکردنی بودجە دەدەین بۆ پرۆژەکان. ئەمەش کارێکی ئاسان نییە، چونکە ئێمە بودجەکەمان دیاریکراوە و پرۆژەکان زۆرن، راگرتنی هاوسەنگی لێرەدا کارێکی ئاسان نییە، هاوکات پێویستە هاوسەنگی رابگرین لەنێوان ناوچە جیاوازەکانی هەرێمدا و ریزبەندی وەزارەتەکان و پرۆژەکانیان بکەین. هەموو ناوچەیەکی هەرێمی کوردستان پێویستی بە ئاوەدانکردنەوەو خزمەتگوزاری زیاترە، بەڵام ئێمە لەسەر بنەمای ریزبەندی و ئامانجە ستراتیژییەکان بڕیار لە دانانی پرۆژەکان دەدەین.

## ئەو پرۆژە گرنگانەی لەبودجەی ئەمساڵدا دانراوە

لە بودجەی وەبەرهێنانی ئەمساڵدا توانیومانە لە هەموو کەرتەکاندا کۆمەڵێك پرۆژەی گرنگ جێبکەینەوە. سەرەڕای بایەخدانی سەرەکیی بە کەرتی کارەبا، پرۆژەی گرنگی کشتوکاڵیمان ریزبەند کردووە بۆ زۆربەی ناوچەکان، تەنیا وەك نمونەیەك پرۆژەی کشتوکاڵی و ئاودێری شەمامك بە گوژمەی سەرەتایی (٦٠ ملیار دینار)، سەرەڕای ژمارەیەکی بەرچاوی بەنداو لە هەر سێ پارێزگاکەی هەرێم و چەندین پرۆژەی تری کشتوکاڵی کە لەمساڵدا جێبەجێ دەکرێن. هەر لەمساڵدا ژمارەیەك قوتابخانەو پرۆژەی خزمەتگوزاری وەك باخچە و ئاو و ئاوەڕۆ جێبەجێ دەکرێن. هەروەها پرۆژەی ستراتیژی وەك فرۆکەخانە و دروستکردن و دووسایدکردنی رێگە سەرەکییەکان ریزبەندکراون.

لەکۆتاییدا عەلی سندی وەزیری پلاندانانی حکومەتی هەرێم بە گوڵانی راگەیاند: مەبەست لە پێشکەشکردنی بودجە بە پەرلەمان دروستبوونی گفتوگۆیە لەسەر بڕگەکانی بودجە تا خەڵکی کورستان ئاگاداربن لە چۆنێتی خەرجکردنی سەروەتی هەرێم، هەروەها دەرفەتێکە ئەندامانی پەرلەمان کەموکوڕییەکانی بودجە دەستنیشان بکەن. بەڵام زۆر گرنگە کە هەموو لایەك بەرژەوەندی خەڵکی کوردستان بخەنە پێش بەرژەوەندییەکانی ترەوە و پەنابگرن لە بەسیاسیکردنی پرۆژەی بودجە کە پەیوەستە بە گوزەرانی هاووڵاتیانەوە.

## دکتۆر سەباح خۆشناو پسپۆر لەبواری دارایی گشتی و شارەزا لە بودجە بۆ ( گوڵان ):

# بە پلانی زانستییەوە کورتهێنانی بوودجە چارەسەر دەبێت

هەر سەبارەت بەبودجەو کەموکورییەکان و چۆنیەتی چارەسەرکردنی دکتۆر سەباح خۆشناو پسپۆرو شارەزا لەبواری دارایی گشتی و بودجە پێی وایە بودجە پلانی حکومەتە لە خەملاندنی داهاتەکان و خەرجییەکان بۆ ساڵی داهاتوو لە ژێر رۆشنایی ئامانجە هەڵقولاوەکانی فەلسەفەی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی. سەبارەت بە پۆلێنکردنی خەرجییەکانیش ئەو شارەزا ئابوورییە خەرجییەکانی بۆ دوو پۆلێن دابەشکرد؛ کەئەویش خەرجییە جێگیرەکان و گۆڕاوەکان ؛ لەمبارەیەوە وتی: هەندێك خەرجی هەیە رێژەی جێگیرە وەکو مووچەو خەرجی ئیداریی و. تاد، هەندێك خەرجی هەیە دەگۆڕدرێت وەکو خەرجییەکانی وەبەرهێنان، بەڵام دەبێت بودجە دوو خەسڵەتی سەرەکی تێدا بێت کەئەویش خەملاندن و مۆڵەت وەرگرتن لە دەسەڵاتی یاسادانانەوە، بودجە راستە دەخەملێنرێت بەڵام گەر بێتوو یاسا لەگەڵیدا نەبێت ناچێتە بواری جێبەجێکردنەوە، چونکە بودجە دەبێ یاسای پێ دەربچێت، هەر لەبەرئەمەشە کە لەپەرلەمان پەسەند دەکرێت پێی دەڵێن یاسای موازەنە، بەو پێیەی یاساش بە ئامرازێکی رێکخستنی ژیانی کۆمەڵگا دادەنرێت، هەر بۆیە بودجە کە بوو بەیاسا لە بواری ئاسایی دەچێتە بواری پراکتیکی واتە لە تیۆرییەوە دەچێتە قۆناغی جێبەجێکردنەوە .



سەبارەت بە کورتهێنانی پرۆژە یاسای ٢٠١١ی بودجەی هەرێمی کوردستان دکتۆر سەباح خۆشناو وتی: ئەو کورتهێنانەی لە بوجەکەدا هاتووە راستەقینە نییە، لەبەر ئەوەی سەرچاوەی داهاتەکانمان شەفاف نییە، ئەمەشە وایکردووە لە بودجەی ئەمساڵدا کورتهێنان و کەلێنێکی زۆر گەورەی تێدا بێت، بودجە تەنیا خەرجی نییە بەڵکو دەبێت داهاتی لەگەڵدا بێت، ئێستاکە بودجە گەیشتۆتە پەرلەمان پێویستە هەموو سەرچاوەی داهاتەکان ئاشکرا بێت، کەواتە بۆ چارەسەرکردنی کورتهێنان پێویستە بەنا ببرێتە بەر دەرکردن و چاپکردنی پارەی نوێ کاتێکیش بەپێی یاسا لە دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمدا نەبێت ئەو دراوە چاپ بکرێت بەڵکو لەدەسەڵاتی بانکی ناوەندی حکومەتی عێراقدایە، کەواتە بەپێی چی پێوەرێك ئەو کورتهێنانە چارەسەر دەکرێت، ئایا بەقەرزی ناوخۆییە یا بەچ شێوازێکە دەبێت روون بکرێتەوە.

لەوەڵامی پرسیارێکماندا کەچی بکرێت بۆ ئەوەی بودجەی بەکاربردن کەمبکرێتەوە دکتۆر سەباح خۆشناو وتی: چارەسەرکردنی کێشەیەکی وا گەورە زۆر رەهەندی ئابووری و سیاسی هەڵدەگرێت، پێویستە پلان و بەرنامەی زانستی و ئابووری پیادە بکرێت تاوەکو کورتهێنانی بودجە چارەسەر بکرێت دوور لە حزبایەتی و مەحسوبیەت، کاتی ئەوەهاتووە بێکاری رووپۆشراو چارەسەر بکەین و هەلی کاری راستەقینە بدۆزینەوە، هاوکات لەبواری کشتوکاڵ و پیشەسازی هەنگاو بەهەنگاو بەرەو پێشەوە بچین و کۆمەڵگا بەرەو کۆمەڵگایەکی کشتوکاڵی و پیشەسازی راپێچ بکەین، بەداخەوە ئێستا بەشێوەیەکی زۆر تەقلیدی کار لەسەر کەرتە ئابووری و سێکتەرەکان دەکرێت . کاتی ئەوەهاتووە حکومەتی هەرێم پرس و راوبۆچوونی شارەزایانی ئابووری و ئەکادیمی و رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی بەهەند وەربگرێت و هەنگاو بەرەو پەرەپێدانی ئابووری بنرێت.

## دکتۆر عەلی راوی ئوستادی ئابووری لەزانکۆی بەغدا ( بۆ گوڵان ):

# دڵسۆزی و شارەزایی دەبێتە هۆی بەدەستهێنانی بودجەیەکی باش و شەفاف

سەبارەت بە ئەرك و ئامانجی بودجە و چۆنیەتی رێکخستنی پرۆژە یاسای بودجە د. عەلی راوی ئوستادی ئابووری لە زانکۆی بەغدا بە گوڤارەکەمانی راگەیاند: بودجە چەند ئەرك و ئامانجێکی بنەڕەتی لەخۆ دەگرێت، کە گرنگترینیان ئاراستەکردنی داهات و خەرجییەکانە بەرەو پیادەکردنی سیاسەتێکی ئابووری لە رێگای ئاراستەکردنی پرۆژەو کارەکان بەپێی ریزبەندی پێداویستییەکانی هاوڵاتیان و کۆمەڵگا بەشێوەیەك دەرئەنجام بتوانرێت بەگەڕخستنێکی باش و وەبەرهێنانێکی راستەقینەی لێبکەوێتەوە، سەرەتا پێویستە لە کاتی داڕشتنەوەی فەلسەفەی بودجەدا ئەولەویاتی بەرنامەو کارەکان و دەرامەتەکان دیاری بکرێت، لەرێگای داهاتەکانیشەوە پێداویستییەکان دابین بکرێت، بەشێوەیەك هاوسەنگی لەنێوان بەکاربردن و وەبەرهێنان هەبێت . ئەوەی پێویستە لە کاتی داڕشتنەوەی بودجەی عێراق و هەرێمی کوردستان رەچاو بکرێت ئەولەویات و پێداویستییەکانی چینی هەژارانە یا گرنگیدان بەو سێکتەرو کەرتانەیە کە ناراستەوخۆ کاریگەری باشی لەسەر باشترکردنی باروگوزەرانی چینی هەژاران هەیە، خاڵێکی تری گرنگ



بوونی نییەت و ئیرادەیەکی باشە لەلایەن ئەو کەسانەی کە لەناو حکومەتدا بەکاری داڕشتنەوەی بودجە هەڵدەستن، چونکە دڵسۆزی و شارەزایی لەلای بەرپرسان و شارەزایانی داڕشتنەوەی بودجە دەبێتە هۆی بەدەستهێنانی بودجەیەکی باش و شەفاف کە کەمترین هەڵە لە خۆ دەگرێت و ئەدای ئابووری بەرز دەکاتەوە.

دکتۆر عەلی راوی سەبارەت بەگفتوگۆکانی بودجە کە لەهەردوو پەرلەمانی عێراقی و کوردستانی بەرێوەدەچێت وتی: کاتێك گفتوگۆو بۆچوون و راو پێشنیارەکانی پەرلەمانداران لەسەر بودجە لەناو هۆڵەکانی پەرلەماندا بەئاراستەی ئاڵۆزی و توندوتیژی و ئیعتیباراتی حزبی دەچێت، ئەو کاتە ناتوانرێت هەڵسەنگاندنێکی زانستی و یاسایی و دروست بۆ بودجە بکرێت، چونکە رەنگە لەکۆتایی دا دەنگەکان بۆ زۆرینە بێت، بۆیە زۆر پێویستە هەموو لیستەکان و پەرلەمانتارێك دوور لەبەرژەوەندی سیاسی و حزبی تەسك خوێندنەوەی واقیعی و زانستی و یاسایی بۆ یەکەیەکەی بڕگەکانی بودجە ببێت، بەبۆچوونی من گەر بێتوو لەسەر بنەمای ئاڵۆزیی حزبی و سیاسییەکەی ناو گۆڕەپانی عێراقی و کوردستانی و نەبوونی شارەزایانی بەتوانا لەسەر هەڵسەنگاندنی بودجە سەیری ئەم بابەتە حەساسە بکەین ئەوا کەوتنەوەی دۆخێکی ئاڵۆزو دژوار پێشبینی کراوە لەسەر بودجە، کە پێوەندی بە سیاسەتی ئابووری و چارەنووسی وڵاتەکەو یەکەیەکەی تاکەکانی ناو کۆمەڵگاوە هەیە.



ڕەشید تاهیر بریکاری وەزارەتی دارایی و ئـابووری بۆ(گوڵان):

# پرۆژە پێشنیارکراوەکانی ئەمساڵ گوزەرانی هاوڵاتیان باش دەکات

ڕەشـــید تاهیر بریکاری وەزارەتی دارایی و ئابووری ســـەبارەت بـــەو خاڵ و بڕگانەی کەلەبودجەی ئەمساڵدایەو کاریگەری لەسەر باش کردنی گوزەرانی خەڵك هەیە بە (گوڵان)ی ڕاگەیاند: لەبودجەی ئەمســـاڵدا گرنگی بەم لایەنە گرنگانە دراوە کە هەرهەمووی لە خزمەتی هاووڵاتیانی کوردستاندایە :

١- بایەخێکـــی بـــاش بەفراوانکردنـــی پرۆژەکانـــی ژێرخانی ئابـــووری دراوە؛ کە ڕێژەی لـــە ٣٠٪ی تەرخانکراوە بۆ بودجەی وەبەرهێنان.

٢- بەردەوامبوون بۆ پەرەپێدانی ئاسایش و جێگیربوونی، هەروەها سەپاندن و چەسپاندنی یاساو دروستکردنی توانای سەربازی.

٣- پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری گشتی و درێژخایەن و بەردەوامبوون بۆ دابینکردنی پرۆژەکانی بەردەوام .

٤- تەرخانکردنـــی پارە بۆ گەشـــەپێدانی پارێزگاکان و پشـــتیوانیکردنی کەرتی کارەبا لەپارێـــزگاکان لە ڕێگای پـــڕۆژەی پێترۆ دۆلارەوە.

٥- پەرەپێدانی کەرتی پەروەردەو خوێندنی بـــاڵا و زیادکردنی تەرخانکردنی ئەم کەرتانە لە ساڵی ٢٠١١ بە بڕی ( ٤٩٠) ملیار دینار لەبودجەی بەگەڕخستن.

٦- بەردەوامبـــوون لە پشـــتیوانیکردن لە کەرتی کشتوکاڵ و دانانی بڕی (٦٥) ملیار دینار بۆ پاڵپشـــتیکردنی ئەم کەرتە، ئەمەش بەمەبەســـتی هاوکاریکردنـــی جووتیاران و بەردەوامبوون لە پێدانی قەرزی کشتوکاڵی.

٧- بایەخـــدان بەکەرتی کارەبـــا و دانانی داهاتی کارەبا بۆ کارەبا و پرۆژەکانی کارەبا.

٨- بایەخدان بەکێشـــەی نیشـــتەجێبوون و بەردەوامبوون بە پێدانی پارە بۆ ئەم مەبەستە، ئەمەش لەدوو ڕێگاوە ئەنجام دەدرێت ( پێدانی قەرزی خانووبەرە و پشـــتیوانی ســـندووقی نیشتەجێبوون).

٩- چاککردن و پەرەپێدانی کەرتی دارایی و کارکردن بۆ دەرفەتدان بۆ کاری بانکی.

١٠- پەرەپێدانـــی کەرتـــی تایبـــەت بۆ کەمکردنەوەی بێکاری.

ئەم ١٠ خاڵە سەرەکییەی کە ئاماژەم پێدا چەند نموونەیەکی گشـــتی بوو لە کۆی ئەو پـــڕۆژە فراوانەی کە حکومەتـــی هەرێم بۆ هاووڵاتیانی خۆی وەکو سیاســـەتی بودجەی ئەمساڵی ٢٠١١ دایڕشتووە.

### بودجەی ساڵی ٢٠١١ ئەو ژمارانەی لە بودجەکەدا تەقدیر کراوە

لە وەڵامی پرســـیارێکی گوڵاندا بەوەی: گـــەر بێتوو بودجـــەی ٢٠١١ ئەو ســـوودو دەســـکەوتانەی بـــۆ هاوڵاتیان تێـــدا بێت، بۆچی کەموکـــوڕی لەزۆر بڕگەو خاڵی ناو پرۆژەکە هەیە؟ بریـــکاری وەزارەتی دارایی و ئابـــووری وتی: بودجەی ســـاڵی ٢٠١١ ئەو ژمارانەی لـــە بودجەکـــەدا تەقدیرکراوە لەمـــاوەی دوو مانگی ١٠ و ١١ی ســـاڵی ٢٠١٠ ئەو ژمارانە چەسپێنراوە، ئەوە بودجەی خەمڵاندن و پێشبینی کراوە، لەکاتێکدا بودجە بەیاســـا تەقدیر دەکرێت بۆ ساڵێك کە داخڵی ســـاڵ نەبین، بەپێی یاسا بودجەی کوردستان یا بودجـــەی عێراق دەبێ ئـــەو خەمڵاندن و تەقدیرو چەسپاندن و پەسەندکردنەیشی بکەیت پێش ئەوەی داخڵی ســـاڵ بیـــت، کەواتە ئەو ژمارەیە تەنیا پێشبینی کراوە، کە بەپێی چەند بنەمایەك (پوابت ) کـــراوە، ئەو تەقدیرانەش کراوە بەپێی چەند جێگیرییەك لەناو لیســـتی بودجـــەدا هاتووە کە پەنا دەبـــات بۆ خەرجی ڕاستەقینەی ساڵی ٢٠٠٩ و گۆڕانکارییەکانی بودجەی ســـاڵی ٢٠١٠ تا ٢٠١٠/٦/٣٠ چی خەرجکراوە ئەوە دەکاتـــە پێوەرو، جگە لەوەی گفتوگۆی تێرو تەســـەل لەگەڵ وەزارەتەکان دەکرێت و هەر وەزارەتێك ئامانجی خۆی هەیە؛ وەزارەتی داراییش تەماشـــای داهاتی خۆی دەکات، داهاتی وەزارەتی دارایی پشت بەچەند ســـەرچاوەیەك دەبەستێت کە لەم ماوەیەدا زۆر پڕوپاگەندە کـــراو باس لەوە کـــراوە کە لەناو بودجەکەدا زۆر شەفاف نییە، بودجەی گشتی ئێمە کە خەمڵاندومانە کردویەتیە ١٣ ترلیۆن و ٩٤٠ ملیار دینار، لەم ١٣ ترلیۆنە ١٢ ترلیۆن و ٣٨٦ملیار هەیە کە داهاتی ئێمەیە، داهاتی ئێمـــە ئەو داهاتەی کـــە لەعێراقەوە دێت ١١ ترلیۆن و ١٨٠ ملیارەو داهاتی ســـاڵی ٢٠١٠ و ٢٠١١ی حکومەتی هەرێمی کوردســـتانە تەنیا ئەو ساڵە تەسلیمی حکومەتی بەغدای ناکەین، ئەوەی داخڵکـــراوە لە نزیکەی ٤٠٠ ملیارەو داهاتی ساڵی ٢٠١١ ی خۆمان داخڵ کردووە کە ئەویش نزیکەی ٤٠٠ ملیار دینارە لەگەڵ پـــڕۆژەی پێترۆ دۆلار کە ٣٥٠ ملیار دینارەو داهاتی وەزارەتـــی کارەباش کە ١٥١ ملیار دینارە، هەمووی بەگشتی حساب بکەین کە لەبودجەکە کورتهێنانمان هەیە کەدەکاتە (١ ترلیۆن و ٥٥٤ ملیار دینار) ئەم کورتهێنانەش لەپـــارەی قـــەرز لەبەغدا لەســـەر بودجەی پێشمەرگە پڕ دەکرێتەوە، کورتهێنان لەبودجەدا ئاســـاییە چونکە دەوڵەتە پێشـــکەوتووەکانی دنیاش بودجە بەکورتهێنان پێشـــکەش دەکەن، سەبارەت بەو ڕەخنەیەی کە دەڵێت خەرجییاتی زۆرمان هەیە، چونکە بودجەی بەگەڕخســـتن زۆری دەڕوات بۆ مووچـــەی فەرمانبەران و خانەنشینان و شەهیدان و . تاد، ئەمەش بۆتە بارگرانی لەسەرحکومەت، چونکە لە ٦٣٪ی بودجەی بەگەڕخســـتن دەچێت بۆ مووچەی فەرمانبەران.

لەلایەکی ترەوە لە حکومەتی هەرێمی کوردستاندا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بوارەکان زیاتر دەبن و فراوانتر دەبن، ئەمەش پێویستی بەکارو ئیشی زیاتر دەبێت، هەروەها بەبەردەوام پێویستیمان بە نەخۆشخانەو قوتابخانەی زیاتر هەیە، لەئەنجامدا بەبەراورد بەساڵانی ڕابردوو خەرجییەکان زیاد دەکات.


## وەزارەتی دارایی و ئابووری بەخشینی حزب و ڕێکخراوو شەخس ناکات بەڵکو بەخشین بۆ پڕکردنەوەی کورتهێنانی چەند بەڕێوەبەرایەتییەکە

سەبارەت بەو بڕگەیەی کە تایبەتە بە بەخشین بریکاری وەزارەتی دارایی و ئابووری وتی: ئەم مەسەلەیە بەهەڵە باس دەکرێت واتا وەزارەتی دارایی و ئابووری بەخشینی حزب و ڕێکخراوو شەخس ناکات بەڵکو بەخشین بۆ پڕکردنەوەی کورتهێنانی چەند بەڕێوەبەرایەتییەکە، بۆ نموونەو بەرچاو ڕوونی کاتێك گەربێتوو شارەوانییەکان کە خەرجییان ملیارێك بێت و داهاتیان ٥٠٠ ملیۆن بێت، وەزارەتی دارایی و ئابووری ناچار دەبێت ٥٠٠ ملیۆنی تریان پێ بدات تاوەکو کارەکانی خۆیان بەرن بەڕێوە، لێرەدا بۆ نموونە تەنیا ٥٠٠ ملیۆنەکە داخڵی ناو مینحەکە دەبێت و دەچێتە وەزارەتی دارایی و ئابووری.

لە وەڵامی پرسیارێکی گوڵاندا کە تاچ ڕادەیەك لایەنی حکومەت لەو گفتوگۆیانە ڕازین و هاوکات تاچ ڕادەیەك دەکرێت لە ڕووی یاساییەوە دەکرێت کەموکوڕییەکان چاك بکرێنەوە؟ لەمبارەیەوە بریکاری وەزارەتی دارایی و ئابووری ووتی : گفتوگۆکانی ناو پەرلەمان دیموکراتیەت و شەفافییەتی حکومەت دەردەخات لە قسەکردن لەسەر یەکە یەکەی بڕگەو خاڵەکانی ناو پرۆژەی بودجەکە، بەڵام دەبێت ئەو ڕاستییە بزانین کە ئەم بودجەیە بودجەیەکی تەقدیرییە، ڕاستەقینە نییە، چونکە دوو حسابات هەیە ؛ حساباتێك کە پلان و خەمڵاندنە بۆ ساڵێك دەیکەین ئەوە پێویستە بکرێت پێش ئەوەی داخڵی ساڵ بین واتا پێش ئەوەی داخڵی ساڵی ٢٠١١ بین، هاوکات حساباتێکی تر هەیە پێی دەڵێن حساباتی فیعلی (ختامی) کە لە ٢٠١١/١/١ دەست پێ دەکات و تا ٢٠١٢/١٢/٣١ تەواو دەبێت.

## ئێمە تەنیا ئەرکی پاراستنی گیان و ماڵی هاووڵاتییانی سێ پارێزگامان لە ئەستۆ نییە

سەبارەت بەو ڕەخنانەی کە باس لەوە دەکات



خەرجیەکانی پۆلیس و ئاسایش و پێشمەرگە زیادی کردووەو ئەولەوییەتی بودجەکە بۆ ئەم بوارانە، سەرەتا پێویستە ئەو ڕاستییە بوترێت کە ئێمە تەنیا ئەرکی پاراستنی گیان و ماڵی هاووڵاتیانی سێ پارێزگامان لە ئەستۆ نییە، بەڵکو لە سنجار و کەرکوك و موسڵ و مەخمورو دوزو تاخانەقین پۆلیس و ئاسایش و پێشمەرگەمان هەیەو بودجەی ئەمانەش لەسەر هەرێمی کوردستانە، ئەوەتا لە ڕۆژێکدا لە هەفتەی ڕابردوو زیاتر لە ١١٠ ئاسایش و پۆلیس شەهیدو بریندار بوون واتا پۆلیس و ئاسایشی حکومەتی هەرێمی کوردستان چونکە مووچە لە حکومەتەوە بۆیان دەچێت ئەگەر ئەوان نەبن نەك تەنیا ژیان و ئارامی هاووڵاتیان لە ناوچە دابڕاوەکان دەکەوێتە مەترسییەوە بەڵکو لە هەولێرو دهۆك و سلێمانیش تیرۆر بارودۆخەکە تێك دەدات، ئێستا هەموو ئەندامانی پەرلەمان لەسەر ئەوەکۆکن کە دەرماڵەی خواردنی پۆلیس و هێزەکانی ناوخۆ زیاد بکەن بەمەش بودجەکەیان زیاد دەبێت. لەلایەکی ترەوە ئێمە گرفتێکی گەورەمان لەگەڵ حکومەتی عێراقی فیدرال لەسەر بودجە هەیە، کێشەی بودجەی پێشمەرگە یەکێکە لەو گرفتانە کەبە یاسا هەموو ساڵێك کە بودجەی عێراقی فیدرال دەردەچێت یاسایەك دەردەچێت و لەناو یاساکە چەسپێنراوە

کە پێشمەرگە بەشێکن لەهێزی عێراقی فیدرال لەچوارچێوەی وەزارەتی بەرگری عێراق دا و بودجەکەیان لەوێیە، چەند ساڵە تاکو ئێستا کاتێك بودجە پەسەند دەکرێت پارەکە لە وەزارەتی بەرگرییەو یەك دینار لەو بودجەیە ڕەوانەی هەرێمی کوردستان نەکراوە و هەوڵەکانیشمان بەردەوامەو پێویستە بەهەموولایەك و لەڕێگای نوێنەرەکانی کوردستان لەبەغداو بەپاڵپشتی پەرلەمان ئەم کێشەیە یەکلابکرێتەوە، چونکە پێوەندی بەکۆمەڵێك کێشەی تریشەوە هەیە کە لەنێوان عێراق و هەولێر یەکلانەبۆتەوە لەوانە جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ ی دەستووری.

لەکۆتایی دا بەڕێزی وتی: لەپەرلەمان گلەیمان لێدەکرێت کە ڕێژەی جێبەجێکردنی پرۆژەکان زۆر کەمن، ساڵی داراییش لە ٢٠١١/١/١ دەست پێ دەکات تا ٢٠١٢/١٢/٣١ کۆتایی دێت ناشتوانین ساڵی دارایی بگۆڕین چونکە بەشێکین لە عێراق، لای هەموو شارەزایانیش زانراوە کە دواکەوتنی پەسەندکردنی بودجە کاریگەری زۆر خراپ دەکاتە سەر هاوڵاتیان، ئەوەتا ٢٥ هەزار کەس چاوەڕێی دامەزراندنن، لەلایەکی ترەوە بەبەهای نزیکەی ١ ترلیۆن دینار پرۆژەی پێشنیازکراومان هەیەو ناتوانرێت بچێتە قۆناغی ڕاگەیاندن و تەندەرات و گرێبەست و جێبەجێکردن.

# توركیا: هەڵبژاردنێكی یەكلاكەرەوەیە بۆ كوردو تورك



ئاسۆ كەریم

هەڵبژاردنی گشتی لە هەر وڵاتێكدا كە دیموكراسی و فرە حزبی تێدا بێت، پێشهاتێكی گرنگە لە ژیانی دەوڵەت و كۆمەڵدا، چونكە لە رێگەی سندووقی دەنگدانەوە، ئاڵوگۆڕی بەئاشتییانەی دەسەڵات دەكرێت.

لە توركیا لە دوای پەنجاكانەوە، سیستەمی تاكحزبی نەما. هەرچەندە قانوونی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی گەورەی میللی (پەرلەمان)، بەدەستهێنانی رێژەی ١٠٪ی دەنگەكانی لەسەر ئاستی توركیا كردۆتە مەرج بۆ چوونە ناو ئەنجومەنەوە، ئەمەش بۆتە رێگر لەوەی كە هەموو پێكهاتەو ئاراستەكان لە ئەنجومەندا جێگەیان ببێتەوەو نوێنەرایەتیان تێدا هەبێت، لەگەڵ ئەوەشدا سندوقی دەنگدان، دەرفەتی بۆ ئاڵوگۆڕی دەسەڵات لە توركیا كردۆتەوە.

لە هەڵبژاردنی ساڵی (٢٠٠٢)دا، پارتی دادو گەشەپێدان (ئاق پارتی) كە حزبێكی تازە دامەزراو و میانڕەوی كونزەرڤاتیف و باكگراوند ئیسلامییە، زۆرینەی كورسییەكانی ئەنجوومەنی گەورەی میللی توركیای بردەوە و بەتەنیا حكومەتی پێكهێنا. ئەو بردنەوەیە، شكستێكی گەورە بوو، بۆ بەرەی ناسیۆنالیست و بەناو «عەلمانی»ی تورك. لە هەڵبژاردنی تەمووزی ٢٠٠٧یشدا، دیسان ئاق پارتی بردیەوە، هەرچەند لەچاو ٢٠٠٢، رێژەیەكی زۆرتری دەنگەكانی لە توركیا بەدەستهێنا، بەڵام ژمارەی كورسییەكانی كەم بووەوە، بەڵام سوكانی حوكمڕانیی لە دەست مایەوە. هەروا لە دوا هەڵبژاردنی شارەوانییەكانیشدا، ئاق پارتی هەژموونی خۆی لە دەست نەدا...

لەو ٩ ساڵەدا، ئاق پارتی سەنگەر دوای سەنگەری لە ناسیۆنالیست و بەناو عەلمانییەكاندا گرتووە. هەنووكە ئاق پارتی (حكوومەت، سەرۆكایەتیی كۆمار)ی بەدەستەوەیە، لەناو پەرلەمانیشدا، هەرچەندە ئاق پارتی كەمتر لە ٣/٢ی ژمارەی ئەندامانی پەرلەمان، كورسی بەدەستەوە بوو، بەڵام لەچاو هەردوو حزبی (پارتی گەلی كۆماری «جەهەپە» حزبەكەی ئەتاتورك و پارتی نەتەوەخواز «مەهەپە» پارتێكی توندڕەوی توركە و بە حزبی گورگە بۆرەكان ناسراوە) پێگەیەكی بەهێزتری هەبوو. لەماوەی پێشوودا «دادگەی دەستووری»یش بە قازانجی ئاق پارتی، گۆڕانێكی بەسەردا هات. لە ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی، دیسان ئاق پارتی قسەی دەڕوات. بێ لەوە بەشێكی یەكجار گەورەی میدیای توركیا، لەژێر باندۆری ئاق پارتی و دۆستانی ئەو حزبە دایە. راستە زانكۆكان، سەربەخۆیی خۆیان هەیە، بەڵام دیسان پێگەی ئاق پارتی لاواز نییە، بەڵام هێشتا وەكو سەنگەرێك بەتەواوی نەكەوتۆتە ژێر كۆنترۆڵی ئەو حزبەوە. تاكە سەنگەرێكی بەهێز، كە وەكو خۆی مابێتەوە، سەنگەری سوپایە. لە مێژووی توركیا، سوپا خۆی وەكو داكۆكیكاری هەرە بەهێزی توركیای كەمالی و عەلمانی نیشانداوەو لە هەندێ وێستگەی گرنگدا راستەوخۆ، دەخالەتی لە سیاسەتدا كردووە. هەردوو حزبی «جەهەپە و مەهەپە»، پشوویكیان بە سوپا خۆشە. چونكە هەر سوپا بووە، (٤) جار لە ساڵەكانی (١٩٦٠، ١٩٧١، ١٩٨٠، ١٩٩٧) كودەتای كردووەو سەرە داوەكانی خستۆتەوە ژێردەستی خۆی. تەنانەت دوا دەستووری توركیا (١٩٨٢)، لەسایەی جەنراڵە كودەتاچییەكانەوە نووسراوەتەوە. هەرچەندە ئەو دەستوورە، زۆر برگەو ماددەی دەستكاری كراون، بەڵام هێشتا وەكو قانوونی هەرە باڵا و ئەساسیی، نەك هەر دەستوورێك نییە رێگە بۆ ریفۆرم و كرانەوە خۆش بكات، بەڵكە كۆسپێكی هەرە گەورەیە لە رێگەی ئەو كرانەوەیەدا كە ئاق پارتی باسی دەكات، بەتایبەتی سەبارەت

بە كورد و زمان، ناسنامەو مافە كولتووری و سیاسییەكانی.

هەندێ لە چاودێران، پێیانوایە، هەڵبژاردنی ١٢ی حوزەیران، هەڵبژاردنێكی یەكلاكەرەوەیە. بەو مانایەی كە لە سایەی ئەنجوومەنی ئایندەدا، بكرێت دەستوورێكی مەدەنی و كراوە بێتە ئاراوە كە رێگە بۆ چاكسازیی بنەڕەتی لە بنیادی دەوڵەتی توركیادا بكاتەوە و بە یەكجاری دەستی سوپا لە دەخالەتكردن لە سیاسەتدا دووربخاتەوەو مەودایەكی بەرفرەتر بۆ ئازادییە فەردی و دەستە جەمعییەكان، بەتایبەت لەئاست كوردو خۆبەڕێوەبردنی ناوچەیی بكاتەوە.

بە بڕوای من، ئەو شەپۆلی گۆڕانكارییەی ڕۆژهەڵاتی ناوینی گرتۆتەوە، بەگشتی «تەزكیە»ی ئەو سەمتەیە كە ئاق پارتی كاری بۆ دەكات. ئەمەش وا دەكات ڕێژەیەكی زۆرتری دەنگدەران، بەقازانجی ئاق پارتی دەنگ بدەن و بۆ ماوەی (٤) ساڵی تریش، حكوومەت بكەوێتەوە دەست ئەو حزبە كە نەك هەر نوێنەرایەتی تەوژمی میانرۆ، كۆنزەرڤاتیڤی باكگراوند ئیسلامی دەكات، بەڵكە توخمگەلێكی لیبراڵ و تەنانەت خەڵكێكی مەیلەو چەپیش هاتوونەتە بەرەی ئەو حزبەوەو لە حزبە ناسیۆنالیست و بەناو «عەلمانی» و «چەپ»ەكانی توركیا تەریونەتەوە.

دیارە، توركیا وەكو هەر دەوڵەتێكی تری فرە ئیتنی و پێكهاتەی ناوچەكە، لە دامەزرانییەوە (١٩٢٣) تا ئەمڕۆ، دەوڵەتە نەتەوەی تورك و زۆر سانترالیست و كاریگەر بووە بە قوتابخانەی ناسیۆنالیزمی ئەڵمانی. لە (٢٠) ساڵی رابردوودا، كورد لە توركیا بە دوای ناسنامەی نەتەوەیی خۆی كەوتووە و لە هەوڵی ئەوەدایە، بەرانبەرەكەی ئەو ناسنامەیە بەڕەسمی بناسێت. ئەگەر پێش (٢٠٠٢)، حزبەكانی توركیا، لە ناوچە كوردنشینەكاندا، دەنگدەر و پشتیوانیان هەبووبێت، یان هەندێ لە كوردان لەناو ئەو حزبانە كاریان كردبێت بەو هیوایەی لە ڕێگەی مافی هاووڵاتیبوونەوە، كوردیش بگرێتەوە، ئەوا لە دوای ئەو مێژووەوە، ئاق پارتی لێ دەرچێ، ئەو حزبانە زۆر كز نابووت بوون و تەواو بوونەتە حزبی لۆكاڵ و «خالص» توركی..

لەم هەڵبژاردنەدا، كێبەركێ لە ناوچە كوردنشینەكاندا لەنێوان كاندیدەكانی ئاق پارتی و ئەو كاندیدانەدایە كە (پارتی ئاشتی و دیموكراتی-BDP) وەكو كاندیدی سەربەخۆ، پشتیوانیان لێدەكات. دیارە، ئاق پارتی، لەم هەڵبژاردنەدا، كاندیدە كوردەكانی خۆی گۆڕیون، پەرلەمانتارە كوردەكانی خۆی كاندید نەكردووەتەوە، گوایا لەناو كورداندا چوست و چالاك نەبوون، بەڵام پێناچێت ئەو كاندیدانەی ئاق پارتی چانسیان لە هەڵبژاردنی ٢٠٠٧ زۆرتر بێت و دەنگێكی زیاتر بهێنن. تەنانەت پێموایە ئاق پارتی ناتوانێ پارێزگاری لەپێگەو كورسییەكانی خۆیشی لەوێ بكات. لەهەمانكاتدا، لە بەرەی (بەدەپە)دا، وێرای (ئەحمەد تورك، لەیلا زانا و چەند كەسایەتییەكی تر)، سیاسەتوانی وەك (شەرەفەدین ئاڵچی) و نووسەرو روناكبیری باكگراوند ئیسلامی وەك (ئالتان تان)یش كە هەردووكیان (بەدەپە)یی نەبوون، هاتوونەتە پێشەوەو خۆیان لە دیاربەكر كاندید كردووە. ئەمەش خۆی لە خۆیدا، بە رای من، كرانەوەی (بەدەپە) و لە پشت ئەویشەوە (پەكەكە) دەردەخات لە راست كەسانی سەربەخۆ و خاوەن هەڵوێست و باكگراوندی جیاواز، هزر دەكرێت ئەمجارە لەچاو هەڵبژاردنی (٢٠٠٧)، ژمارەیەكی زۆرتر لە كاندیدەكانی بەرەی (بەدەپە) بچنە ناو پەرلەمانی توركیاوە، چونكە لە هەڵبژاردنی شارەوانییەكانیشدا (بەدەپە)ییەكان هەنگاوێكی تر هاتنە پێشەوەو پێموایە ئەمجارە هەنگاوێكی تریش دەچنە پێشەوە...

ئەگەر ئەم شیكردنەوەیەم ڕاست بێت، ئاسۆی چارەسەركردنی كێشەی كورد ڕوونتر دەبێت، بەتایبەتی ئەگەر بە ئاق پارتی و بە كاندیدە سەركەوتووەكانی (بەدەپە) توانرا، ٣/٢ی ئەندامانی ئەنجوومەن (واتە ٣٦٧ و بەسەرەوە) پێكبهێنن، چونكە ئەوەدەمە بۆ ئاق پارتی ڕێگا خۆش دەبێت بە هاوكاری (بەدەپە) چاكسازی بكات و لە هەمانكاتدا بۆی ساغ دەبێتەوە بۆ چارەسەركردنی كێشەی كورد، دەبێت ڕووی دەمی لە (بەدەپە)ییەكان بكات.. بەمەرجێ خیتابە سیاسییەكەی (بەدەپە)ش بۆ چارەسەركردنی كێشەی كورد، كۆنكرێت و ڕوون بێت كە چی دەوێت.. ئەگەر پەرەسەندنەكان وا كەوتنەوە، ئەوا كاریگەریی دەبێت بۆ سەر پەرەسەندنی بزووتنەوەی كوردایەتی لە ناوچەكە بەگشتی.. دەمێنێتەوە، تا چەند پەكەكە و ئۆجەلان بەتایبەتی لەم ماوەیەدا، لە بەرانبەر پەلاماری ئۆپەراسیۆنەكانی سوپا و لەدەستدانی گیانی گەریلاكانیان، خۆ لە ئاخاوتن و جارنامەی ئینفیعالی دەپارێزن، چونكە لەبەرانبەر ئەو ئاخاوتنانەدا، بوار خۆش دەبێت هەستی ناسیۆنالیستی توركانەی «گورگە بۆرەكان» بوروژێت و لەئەنجامدا دەنگدەر بۆ جەهەپەو مەهەپە زیاد ببێت و ئاق پارتی ناچاری گوێگرتن بێت لەوان...


MUŞ

# هەڵبژاردنەکانی تورکیا و شەڕی پڕۆژەی هەموارکردنی دەستوور




بۆ پارتی داد و گەشەپێدان، هەڵبژاردنی ئەمجارە تەنیا بیرکردنەوە لەبردنەوە نییە بۆ پێکهێنانی حکومەتی داهاتوو لەتورکیا، کە بەمجارەوە ئەمە سێهەمین جارە لەسەر یەك پارتی داد و گەشەپێدان حکومەت لەتورکیادا دروست دەکات، بەڵکو ئامانجی ئەمجارەی پارتی داد و گەشەپێدان بۆ ئەوەیە کە بتوانێت لەکۆی ٥٥٠ کورسی پەرلەمانی، ٣٦٧ کورسی مسۆگەر بکات کە دەکاتە ڕێژەی دوو لەسەر سێی کورسییەکانی پەرلەمان و بەمەش بتوانێت ڕەشنووسی پرۆسەی دەستوور لەپەرلەمان تێپەڕێنێت و بخرێتە ریفراندۆمەوە، کەواتە ئەم واقیعە پێمان دەڵێت پارتی داد و گەشەپێدان ئەمجارە تەنیا هەوڵ بۆ بەدەستهێنانی زۆرینەی دەنگەکان نادات، بەڵکو دەیەوێت ڕێژەی دەنگەکانی بەئاستێکی باش لەسەرووی ڕێژەی ٥٠٪ەوە بێت بۆ ئەوەی بتوانێت ڕێژەی دوو لەسەر سێی کورسییەکانی پەرلەمان مسۆگەر بکات، بێگومان هەڵکشانی ئاستی دەنگەکانی پارتی داد و گەشەپێدان لەماوەی ساڵی ٢٠٠٢ – ٢٠٠٧، لەگەڵ ئەوەی نیشانەیە بۆ زیاتر بەجەماوەریی بوونی پارتی داد و گەشەپێدان، بەڵام زۆرجار ئەم هەڵکشانی دەنگە نابێتە هۆکاری ئەوەی کە ژمارەی کورسییەکانی لەپەرلەماندا زیاتر بێت یان جاری واش هەیە پێچەوانە دەبێتەوە، هەر بۆ نموونە پارتی داد و گەشەپێدان لەهەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠٠٢ ڕێژەی ٪٣٦ی دەنگەکانی بەدەست هێنا، بەڵام ڕێژەی ٪٦٦ی کورسییەکانی پەرلەمانی بەرکەوت، بەپێچەوانەوە لەساڵی ٢٠٠٧ پارتی داد و گەشەپێدان ڕێژەی ٪٤٦ی دەنگەکانی بەدەست هێنا، بەڵام ڕێژەی ٪٦٢ی کورسییەکانی پەرلەمانی بەرکەوت، ئەوەی ئەم هەڵکشان و داکشانە لەنێوان ڕێژەی دەنگ و ژمارەی کورسییەکان دیاری دەکات، ڕێژەی ٪١٠ی دەنگەکانە کە بەپێی سیستمی هەڵبژاردنی تورکیا هەر پارتێکی سیاسیی ڕێژەی ٪١٠ کەمتر بەدەست بهێنێت، ئەوا بواری نادرێت بچێتە ناو پەرلەمان، کاتێکیش حزبە بچووکەکان کەمتر بچنە نێو پەرلەمانەوە، ئەوا کوررسییەکانی پەرلەمان جارێکی دیکە بەسەر حزبە سەرکەوتووەکاندا دابەش دەکرێتەوە، ئەمەش دەبێتە هۆکاری ئەوەی ڕێژەی بەرکەوتنی کورسییەکانی پەرلەمان هێندەی پێوەندی بەدەرنەچوونی حزبە بچووکەکانەوە هەیە، هێندە پێوەندی بەڕێژەی دەنگدانەوە نییە، لێرەدا کە دەڵێین پێوەندی پێوە نییە، بەو مەبەستە دەیڵێین ئەگەر پارتی داد و گەشەپێدان ڕێژەی ٪٥٠ی زیاتری دەنگەکانیش بەدەست بهێنێت، بەڵام بەشێك لەحزبە بچووکەکان بتوانن ڕێگری ٪١٠ تێپەڕێنن، ئەوا لەوانەیە پارتی داد و گەشەپێدان نەتوانێت ڕێژەی ئەو کورسیانەی پەرلەمان بەدەست بهێنێت کە مەبەستێتی، دەربارەی ئەم هەڵبژاردنانە سۆنر چاغپای وتارێکی سەبارەت بەهەڵبژاردنەکانی تورکیا لە ویبسایتی ئامۆژگای واشنتۆن بۆ دیراساتی ڕۆژهەڵاتی نزیك بڵاوکردۆتەوە و تیایدا راشکاوانە ئاماژەی بەوەکردووە کە(رۆژی ١٢ی حوزەیران تورکیا ڕووبەڕووی هەڵبژاردنێکی مێژوویی دەکاتەوە، هەربۆیە لەگەڵ ئەوەی راپرسییەکان وا پیشاندەدەن کە حزبی داد و گەشەپێدان بۆ جاری سێهەم هەڵبژاردنەکان دەباتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو پرسیارە لەئارادایە ئاخۆ ئەم حزبە دەتوانێت زۆرینەیەکی پێویستی ئەوتۆ بەدەست بهێنێت کە ئەویش ٢/٣ کورسییەکانی پەرلەمانی تورکیایە بۆ ئەوەی بتوانێت

بەشـێوەیەك پرۆژەی ڕەشنووسـی دەستووری وڵات دابڕێژێت، ئەمەش ببێتە هۆکاری ئەوەی گۆڕانکاری سـەرەکی لەسیسـتمی سیاسیی تورکیـادا ئەنجامبدا)). کەواتە پرسـیارەکەی سـۆنر چاغاپتایش هەر لەوە سەرچاوە دەگرێت ئایا هێنانـی زۆرینەی دەنگ دەبێتە هۆکاری بەدەسـتهێنانی ئەو ڕێژەیەی کورسـییەکانی پەرلەمان کە پارتی داد و گەشەپێدان ئومێدی بـۆ دەخوازێت، بۆ ئەمە هەندێـك لەچاودێران پێیانوایە پێویستە حزبی داد و گەشەپێدان بایەخ بەدەنگی ئەو ناوچانەی تورکیا بدات کە پێشتر نەیتوانیوە دەنگی پێویستی تیا بەدەست بهێنێت، لەمەشدا سـوود لەڕێژەی ٪١٠یەکە وەربگرێت و کۆمەڵێـك پارتـی بچووك بکاتـە دەرەوە و سەرەنجامیش کورسـی ئەو پارتە بچووکانە بۆ بەرژەوەندی حزبی داد و گەشەپێدان بشکێتەوە، هەروەهـا ڕێگە لەوە بگرێت پارتی ئاشـتی و دیموکراتی کوردی بچێتە پەرلەمانەوە، سەبارەت بەم لایەنە و ئەگەری هێنانی دەنگی پێویسـت و ڕێژەی کورسی پێویست لەلایەن پارتی داد و گەشەپێدانەوە، پرسیارمان لەپرۆفیسۆر ئیحسان باڵ کرد کە توێژەری باڵایە لەسەنتەری یۆساك (USAK) بۆ دیراسـاتی ستراتیژی لەمبارەوە بەمجـۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی وتی: (مـن بەتەواوەتی لەگەڵتان هاوڕام لەگەڵ ئەو بۆچوونەتـان کە AKP زۆرینـەی دەنگەکان بەدەسـتدێنێت لەهەڵبژاردنەکانی حوزەیران بۆ پەرلەمان، بەڵام لـەو بڕوایەدانیم ئەو زۆرینەیە بەدەستبێنێت بەشێوەیەك کە بتوانێت گۆڕانکاریی دەستووریی ئەنجامبدات لەڕووی هەموارکردنی دەستووری یان داڕشـتنی دەستوورێکی نوێ. تەنانەت ئەگـەر خوازیاریش بێت بۆ گۆڕینی دەسـتوور، ئەوکات پێویستە پرس بە پارتەکانی ئۆپۆزسـیۆن و پارتەکانی تر بـکات و رایان وەربگرێت لەبارەی داڕشـتنی دەسـتوورێکی نوێ. دەسـتوور تەنیا بۆ یەك پارتی سیاسی نییـە، بەڵکو بۆ هەموو پارتە سیاسـییەکانی تورکیا-یە، بۆیە پێویسـتە کۆدەنگی و زۆرینە بڕیاری لەسەر بدات، سەبارەت بەدانانی ڕێژەی لە٪١٠ش لەبەردەمی پارتـە بچووکەکان، ئەم مەسەلەیە مایەی مشـتومڕە لەتورکیا و زۆر تاوتۆدەکرێـت. لەلایەنێکەوە شـتێکی باشـە و مایـەی سـەقامگیریی دیموکراسـییەتە، لەکاتێکـدا لەلایەنێکی تـرەوە گومان دەخاتە سەر شـەرعییەتی پەرلەمان. هەر لەم بارەیەوە، بەڕای من بۆ ساڵی داهاتوو زۆر کێشە و پرس دەخرێنەڕوو بۆ تاوتۆکردن، نەك تەنیا دەستوور، بەڵکو چۆنییەتـی پێکهێنانی ئاییندەی وڵات هەروەها تاوتۆکردنی هەموو کێشە و مەسەلەکان بـۆ نموونە لەبـارەی کێشـەی کەمینەکان و پرسـی کورد. لەلایەنێکی ترەوە، ئەگەر هات و AKP حکومەتی پێکهێنا، پێموایە هەڵدەستێت بەپرسـکردن و وەرگرتنی راوێـژکاری لەپارتە سیاسـییە بچووکەکان و پارتەکانی ئۆپۆزسیۆن و تەنانەت ڕێکخراوە ناحکومییەکانیش، وێڕای وەرگرتنی هـەر رایەك یـان بۆچوونێك لەنێو رای گشـتی، نموونەیەکی دیار لەسـەر ئەم قسـانەم ئەوەیە کە، لەبەرئەوەی ئەمڕۆ قسـە هەیە لەسـەر گۆڕینی دەستوور بۆیە ڕێکخراوە

## ئیحسان باڵ بۆ گوڵان:



**AKP زۆرینەی دەنگەکان وەدەستدێنێت لەهەڵبژاردنەکانی حوزەیران بۆ پەرلەمان، بەڵام لەو بڕوایەدانیم ئەو زۆرینەیە وەدەستبێنێت بەشێوەیەک کە بتوانێت گۆڕانکاریی دەستووریی ئەنجامبدات**

ناحکومییەکان پێشوەختە و لەئێستاوە کاردەکەن و ڕاپرسـی ئەنجامدەدەن و توێژینـەوە دەکەن بـۆ دەستنیشـانکردنی دەسـتووری داهاتوو و دیاریکردنی هەموارە پێویسـتەکان لەسـەر دەسـتووری کۆن، لەگەڵ پێکهاتەی داڕشتنی دەستوورەکە و شـێوازی تێگەیشتن لەدەستوور. ئەمـڕۆش لەتورکیا چەندین گرووپی فشـار دروستکەر سـەریانهەڵداوە و درووسـتبوونە کە فشـار دەخەنە سـەر حکومەت و کێشە و مەسەلەکان دەستنیشان دەکەن و پرسیار و گومان ئاڕاستەی سیستەمەکە دەکەن. هەربۆیە، بەڕای من ئەمە ئەو مەسـەلانەن کە AKP لەسـاڵی داهاتوودا دەیانخاتەڕوو و ئاڕاستەیان دەکات)).

کەواتە مەسـەلەی دەنگدان و مەسـەلەی بەدەسـتهێنانی ڕێـژەی دوو لەسـەر سـێی کورسییەکانی پەرلەمانی تورکیا لەزۆر حاڵەتدا نەك هەر پێوەندیان بەیەکەوە نییە، بەڵکو جاری واهەیە ڕێژەکە پێچەوانە دەکاتەوە، هەر سەبارەت بەم لایەنە پرسـیارمان لە د.عیسـا ساغباش ئوسـتادی ئابووری و کارگێـڕی لەزانکۆی ئەنکەرە کرد و سـەبارەت بـەم لایەنە بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی و وتی: (بێگومان دووبارە پارتی داد و گەشـەپێدان دەسـەڵات دەگرێتەوە دەست لەهەڵبژاردنەکانی داهاتوودا، رای گشتیش ئەوەمان پیشان دەدات کە پێدەچێت بەتەنیا حکومەت پێکبهێنێت، ئەمەش لەسایەی گرنگـی پێدانـی پارتی داد و گەشـەپێدانە بەپڕۆژەکانـی ئابـووری و ئەمەش هۆکارێکە بـۆ ئەوەی هاووڵاتیان دەنگـی زیاتر بەپارتی دادو گەشـپێدان بدەن و لـەم ڕووەوە ئاك پارتی بە بەراورد لەگەڵ پارتەکانی تر سەرکەوتووترە. لایەنێکـی تریش بریتییە لەگۆڕانکارییەکان بۆ بوون بەئەندامی تورکیا لەیەکێتی ئەورووپادا، لەم بوارەشدا، ئاك پارتی هەمیشە هەوڵی گۆڕانی بارە چەقبەسـتووەکە دەدات و بەڵێنی ئەوەشی داوە و لـەم هەڵبژاردنەشـدا بەردەوامێتی ئەو بەڵێنانەمـان بۆ دەردەکەوێت کە ئایا ئاك پارتی لەسـەر ئەو نەهجەی بەردەوامە یاخود لایداوە، چونکە ئەمە لەسیاسـەتی ئەم ساڵەی دوایی و گۆڕانکارییەکانـی دەسـتوور دەردەکەوێ. سـەبارەت بەڕێژەی ٪١٠ش، کە زۆر باسی لێوە دەکرێت، ئەم مەسـەلەی ڕێژەیـە لەهەڵبژاردن لەڕووی ئەوەی کە مەسـەلەیەکی دیموکراتیە یان نا، هەمیشـە بۆتە بابەتێك بۆ تاوتوێکردن، بەڵام ئەم ڕێژەیە لایەنی باشە و خراپەشی هەیە، ئـەو بیروبۆچوونانەی زۆر جیـاوازن و لەناو کۆمەڵگەدا جێیان نابێتەوە و پشتگیرییەکی زۆر کەمیان هەیە، بەرادەی ٪١-٢، ئەمانە دەکەونە دەرەوەی بازنەکـەوە، ئەمـەش بریتییە لەکاری ڕێژەی هەڵبژاردن و بوونی ئەم ڕێژەیە لەم ڕووەوە سوودبەخشـە بۆ بەدوور گرتنی بیروبۆچوونە نامۆکانی ناو کۆمەڵگە. ئەگەر ئەم جۆرە بیرانە نەبوایە، ئەوا پێویستیمان بەم ڕێژەیەش نەدەبوو، ڕێژەی ٪١٠ سوودی بۆ پارتە گەورەکان هەیە، چونکە ئەو پارتە بچووکانەی کە لەژێرەوەی ئەم ڕێژەیەن، ئـەوا دەنگەکانیان بۆ پارتە گەورەکان دەگوازرێتەوە)).

### بانگێشەی هەڵبژاردن و بەردەوامی لەسەر سیاسەتی پێشووی AKP

بانگێشـەی هەڵبژاردن لەتورکیا چەند بۆ پڕوپاگەندە کردنە بۆ ئەوەی حزبە سیاسییەکان دەنگی زیاتر بەدەسـت بهێنـن، لەهەمانکاتدا بۆ حزبە گەورەکان هەوڵکێشـە بۆ ئەوەی حزبە بچووکـەکان بکەونـە دەرەوەی پەرلەمان، هەر

بۆیە وەك ئێستا لەبانگێشەی هەڵبژاردنەکانی تورکیادا هەستی پێدەکرێت، ئاستی گرژییەکان لەنێوان حزبەکان گەیشتۆتە ئەو ئاستەی کە هەندێك سنوور تێپەڕێنرێت، هەروەها هەندێك لێدوانیش بدرێت کە لەگەڵ سیاسەتی حزبێکی وەك داد و گەشەپێدان یەکنەگرێتەوە کە لەماوەی دوو کابینەی پێشوودا پیادەی کردووە، ئەمە لەگەڵ ئەوەی هەندێك بەپەتای هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی ناو زەد دەکەن، بەڵام هەندێکی دیکە بەجۆرێك لەپەشیمانبوونەوەی دەزانن، محەمەد عەلی بیراند کە لەوتارێکیدا کە هەفتەی پێشوو لەحوریەت بڵاوکردۆتەوە هەندێك لێدوانی پارتی داد و گەشەپێدان بەرامبەر کورد بەمەترسی دەزانێت و ئاماژە بۆ ئەوە دەکات پارتی داد و گەشەپێدان پێشتر هەنگاوی باشی بۆ ئەم بوارە هەڵگرتووە وەك (هەڵگرتنی باری نائاسایی لەناوچە کوردییەکانی تورکیا، کردنەوەی تەلەفزیۆنی کوردی، هەڵگرتنی هەندێك کۆت و بەند لەسەر زمانی کوردی، هەتا لەساڵی ٢٠٠٨ و ٢٠٠٩ گەیشتە ئەوەی دەستپێشخەری دیموکراتیانە بکات). بەبۆچوونی بیراند هەر یەك لەم هەنگاوانەی پارتی داد و گەشەپێدان گۆڕانکاری گەورە بوون، بەڵام ئێستا و لەمیانەی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا کە بانگێشە بۆ ئەوە دەکات کێشەیەك لەتورکیا نییە بەناوی کێشەی کورد، ئەمە مایەی نیگەرانییە. بیراند ئومێدی ئەوە دەخوازێت کە ئەمە تەنیا تای هەڵبژاردن بێت و دوای هەڵبژاردنەکان ئەم سیاسەتە درێژەی نەبێت، بەڵام هەندێك چاودێری دیکە مەسەلەی ئەم لێدوانانەی پارتی داد و گەشەپێدان، دەگێڕنەوە بۆ ئەوەی ئەم حزبە ئەمجارە مەبەستێتی بچێتە ئەو ناوچانەی کە پێویستیان لەگوتاری لەو جۆرەیە بەتایبەتی شارەکانی رۆژئاوا کە پێشتر پارتی داد و گەشەپێدان نەیتوانیووە دەنگی پێویستی تێدا بەدەست بهێنێت، ئامانجی سەرەکی ئەوەیە حزبە بچووکەکانی ئەو ناوچانە دەنگی ئەوتۆ نەهێنن کە بتوانن بچنە پەرلەمانەوە، سەبارەت بەم پرسە پرسیارمان لەپرۆ فیسۆر ریچارد هێرمان ئوستادی زانستی سیاسەت لەزانکۆی ئۆهایۆ و تایبەتمەند لەپەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و ئەمریکاو سیاسەتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستکرد و بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوە(پێش ئەوەی وەڵامی پرسیارەکەتان بدەمەوە دەمەوێت ئاماژە بەوە بکەم، ئەوەی دەردەکەوێت ئەوەیە دۆخە سیاسییەکە لەتورکیا تەواو هاوسەنگە، بەچەشنێك هیچ لایەنێك ناتوانێت ئەو هاوسەنگییە بنەڕەتییە بەشێوەیەکی ریشەیی بگۆڕێت، مەگەر پەنا بۆ بەکارهێنانی جۆرێك لەتوندوتیژی ببات، کە بەدڵنیاییەوە من پێشبینی ڕوودانی ئەمە ناکەم. کەواتە بەچاوپۆشین لەوەی کێ ئێستا لایەنی باڵادەستە، ئەوا هاوسەنگیی نێوان لایەنە عەلمانییەکان و گروپە ئاینییەکان وەك خۆی دەمێنێتەوە. هەروەها تورکیا وەك گرنگترین گەمەکار دەرکەوت لەسەر شانۆی نێودەوڵەتی و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کە رۆڵێکی نوێ و سەرەکی بینی لەپرسەکانی پەیوەست بە رێکخراوی ناتۆ و ناکۆکی عەرەب-ئیسرائیل، لەم روانگەیەوە پارتی حکومڕان هێزی بەردەوام

## مەتین هابەر بۆ گوڵان:



**مەسەلەی بەئەندامبوونی تورکیا لەیەکێتی ئەوروپا بۆتە خواستی هەمووولایەک، هەموو پارتە سیاسییەکان ئامانجیان هەیە تورکیا ببێت بەئەندامێک لەیەکێتی ئەوروپا**

بوونی هەیە. سەبارەت بەکێشەی کوردیش لەتورکیا، من وای دەبینم دەبێت هەموو سەرکردەیەك لەتورکیا بایەخ بەکێشەی کورد و چۆنییەتی چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە بدات، من ئەوەم بەدی نەکردووە کە ئەردۆغان بەشێوەیەکی تایبەتی ئامادەبێت بۆ گرتنەبەری رێچکەیەکی ئاشتەوایی لەئاست کوردەکاندا، من نازانم ئایا دەگۆڕێت لەم رووەوە یان نا، کە من پێموایە ئەگەری ئەوە نییە بگۆڕێت. من گومانم هەیە لەوەی ئەگەر زۆرینە بەدەست بهێنێت، ئەوا سیاسەتێکی بەردەوام لەئاست کوردەکاندا بگرێتەبەر. نیشانەی پرسیاری سەرەکی ئەوەیە کە لەماوەی ساڵی یان دوو ساڵی ئایندە لەعێراقدا چی ڕوودەدات، بەڵام سەبارەت بە پێوەندیی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان، بەڕاستی ئەمە زۆر گرنگە، لەبەر ئەوەی دەبێتە نیشانە و ئاماژەیەك بۆ کورەکانی تورکیا لەبارەی هاوکاری نێوان تورکیا و کوردەکانی عێراقەوە. لەلایەکی دیکەوە ئەم پێوەندیانە زۆر گرنگن بۆ سەقامگیری ناوچەکە بەتایبەتی دوای ئەوەی هێزەکانی ئەمریکا لەکۆتایی ساڵی ٢٠١١دا عێراق جێدەهێڵن، کەواتە پێویستە هانی گەیشتن بەرێککەوتنێك بدرێت لەگەڵ تورکیا، بەرەوچاکردنی ئەوەی کاریگەری و نفوزی ئەمریکا لەداکشاندایە).

بەڵام پرۆفیسۆر ئیحسان باڵ وەك ستراتیژزانێك پرسەکە بەشێوەیەکی دیکە دەبینێت و چارەسەری کێشەی کورد زۆر بەگرنگ دەزانێت، بۆیە لەمیانەی لێدوانە تایبەتەکەی بۆ گوڵان بەمجۆرە هاتە ئاخاوتن: ( بێگومان ئەم مەسەلەیە زۆر گرنگە، لەبەرئەوەی کاتێك کە پرسی کورد ئاراستە دەکرێت چەند لایەنێکی گرنگ هەیە، لایەنێك ئەوەیە کە ژمارەیەك لەکوردەکان لایەنگری AKPم و دەنگی پێدەدەن، لەلایەنێکی ترەوە ژمارەیەکی تر لەکوردەکان هەن کە لەناخەوە لایەنگری پارتە سیاسییە کوردییەکانی ترن بۆ نموونە BDP. خواستی کوردەکان و ئیرادەی سیاسی بریاردەرن لەسەر چۆنییەتی ئاراستەکردنی پرسی کورد پاش هەڵبژاردنەکان، بەڵام لێرەدا پرسیارەکە ئەوەیە کە ئایا تورکیا لەرێگەی تێگەیشتنی دیموکراسییانە و بەپێی ئەنجامەکانی هەڵبژاردنەکان کێشەکان ئاراستەدەکات، یاخود ئەوەیە لەرێگەی شەڕ و جەنگ مەسەلەکان تاوتوێدەکات؟ لێرەدا بەپێی تێگەیشتن و بۆچوونەکانم پێموایە «ئەردۆغان» و ڕووناکبیرەکان، ڕووناکبیرەکانی کورد و تورك، تاوتوێی مەسەلەکان دەکەن لەسەر بنەمای تێگەیشتنی دوو قۆڵی و بەرێگەچارەی دیموکراسییانە، نەك لەرێگەی چەك و شەڕ. لەهەمان کاتیشدا پێموایە ئەو سیاسەتەی کە تورکیا پیادەی کردووە لەماوەی ٨ — تاکو ٩ ساڵی رابردوودا بەردەوام دەبێت، بۆنموونە لەبارەی فێرکردنی زمانی کوردی لەقوتابخانەکان، لەگەڵ جێبەجێکردنی هەموو شتێکی پێویست لەپێناو وەدیهێنانی تێگەیشتنی دوولایەنە و ئاراستەکردنی پرسی کورد بە رێگەچارەی دیموکراسی و لێکتێگەیشتن. لەهەمان کاتیشدا بەهیچ شێوەیەك رازی نابێت بەرامبەر سەرهەڵدانی توندوتیژی، لەبەرئەوەی دڵنیام کە هیچ دوودڵییەك ناکات لەبەکارهێنانی هێز بۆ کپکردنەوەی هەر گرووپێك کە هەوڵبدات بۆ شێواندنی پرۆسەی پەرەپێدانەکە و ناڵەبارکردنی بارودۆخەکە لەرێگەی بەکارهێنانی چەك و توندوتیژی. وێڕای هەموو ئەمانەش

## ریچارد هێرمان بۆ گوڵان:




**دەبێت هەموو سەرکردەیەک لەتورکیا بایەخ بەکێشەی کورد و چۆنییەتی چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە بدات و پێوەندی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستانیش بۆ کوردەکانی تورکیا زۆر گرنگە**



پێموایە زۆرینەی کوردەکان دەنگ بەAKP دەدەن، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە مرۆڤ خاوەن مێشک و هۆشیارییە، بەشێوەیەك کە لەباروودۆخەکان دەڕوانن و بەراورد لەنێوان هەڵبژاردنەکان دەکەن. ڕاستە کەموکورتی و کێشە لەئارادا هەیە، بەڵام لەکۆتاییدا هەر یەکێکمان ڕێچکەی دروست دەدۆزینەوە و لەسەری دەڕۆین. بۆیە ئەمڕۆ دەرفەتێك هەیە بۆئەوەی زۆرینەی کوردەکان بەشێوەیەکی دروست بیربکەنەوە، نەك تەنیا لەڕۆژهەڵات، بەڵکو لەسەرتاسەری تورکیا. کێشەی BDP و PKK لەوەدایە کە نەگەیشتوونەتە ئاستێك لەتێگەیشتنی سیاسی بۆ ئاراستەکردنی کێشەکان و زۆرجار پەنا دەبەنە بەر توندوتیژی، کێشەیەکی تر لەوەدایە کە ئەوان خۆیان لەگەڵ کوردەکانی عێراق بەراورد دەکەن، کوردەکانی عێراق لەباروودۆخەکانی عێراق سوودمەندن و تاکو ئەمڕۆ بەشێوەیەکی باش خۆیان بەڕێوەبردووە. لەکاتێکدا ئەگەر بێت و تورکیا چەند دیموکراسیتر و دەوڵەمەندتر بێت، ئەوکات باروودۆخەکان بۆ هەموو لایەنێك باشتر دەبێت، بۆ تورك و بۆ کوردەکانیش. هەربۆیە «ئەردۆغان» جیاکردنەوەیەکی ئەنجامداوە لەنێوان پرسی کورد و تێگەیشتنی BDP لەبارەی پرسی کورد و هەروەها PKKیش کە باروودۆخەکانی بەرەو ئاقارێکی هەڵە بردووە. کوردستانی عێراق نموونەیەکی بەرچاوە بۆ کوردەکان کە دەتوانن هەموو شتێك وەدی بێنن بەبێ پەنابردنە بەر توندوتیژی. لەهەمان کاتیشدا لەتورکیا هەموو دەرفەت و زەمینەکان فەراهەمکراوە و چەندین ئەڵتەرناتیڤ هەیە کە دەکرێ بۆ بەرژەوەندیی کوردەکان بەکاربهێنرێت، هاوکات توندوتیژی تاکە ڕێگە نییە. لەساڵانی ١٩٨٠کان و ١٩٩٠کان توندوتیژی هەبوو، بەڵام ئەمڕۆ تورکیا لەقۆناغێکی نوێیە و دەکرێ کوردستانی عێراق بکرێت بەنموونەیەك لەبەرئەوەی کوردستانی عێراق نموونەیەکی زۆر باشە بۆ کوردەکان و بۆ «ئەردۆغان» و حکومەتی AKP و کوردەکانی تورکیا. لەلایەکی تر سەبارەت بە پەیوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ هەرێمی کوردستان، بەڕای من پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و عێراق و هەروەها لەگەڵ کوردستانی عێراق لەسەر هەمان ڕێچکە بەردەوام دەبێت و دڵنیام هەردوو لایەن سیاسەتی ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکان لەبەرچاوەدەگرن. هەربۆیە لەسەر ئەم بنەمایە و لەم ڕوانگەیەوە، تورکیا لەسەر ئاستەکانی حکومەت و دەوڵەت و کۆمەڵایەتی-شدا، هەوڵێکی زۆری ئەنجامداوە بۆ پتەوکردنی پەیوەندییەکان لەگەڵ کوردستانی عێراق، ئەگەر سەردانێکی هەولێر یان دهۆك یان شارەکانی تری عێراق بکەن، دەبینین لەم بارەیەوە تێگەیشتنی دوولایەنە هەیە، هاوکات هەردوو لایەن چاوەڕوانی بەرەوپێشەوەچوونی زیاتر دەکەن و پێشبینیی شتی زیاتر لەلایەنی بەرامبەر دەکەن. ئەم شتەش بەردەوامبوونی دەبێت، لەبەرئەوەی پتەوکردنی پەیوەندییەکان بەم شێوەیە دەبێت. بۆیە بەڕای من پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و عێراق لەساڵانی داهاتوودا بەردەوام دەبێت)).

### هەڵبژاردنەکان و ئەندامیەتی تورکیا لەیەکێتی ئەورووپا

ئەگەر بتوانرێت ڕەشنووسی پرۆژەی هەموارکردنی دەستوور لەپەرلەمان تێپەڕێنرێت و ئامادە بکرێت بۆ ڕیفراندۆم، ئەوا زۆر لەچاودێران پێیانوایە ئەو هەموارکردنە لەلایەن هاووڵاتیانی تورکیاوە پەسەند دەکرێت و ئەمەش دەبێتە هۆکاری ئەوەی هەنگاوی گەورە بەرەو یەکێتی ئەورووپا بچنە پێشەوە، سەبارەت بەم لایەنە پرسیارمان لەپرۆفیسۆر مەتین هاپەر ڕاگری کۆلێژی زانستی کۆمەڵایەتی لەزانکۆی بیلکنت لەئەنکەرا کرد، لەلێدوانێکی تایبەتی بۆ گوڵان بەمجۆرە ڕای خۆی دەربڕی و وتی: (بەڕای من پارتی عەدالەت و گەشەپێدان




## عیسا ساغباش بۆ گوڵان:



**ڕای گشتیش ئەوەمان پیشان دەدات AKP بەتەنیا حکومەت پێکبهێنێت، بایەخدانی پێشتری AKP بە پرۆژەکانی ئابووری، هۆکارێکە بۆ ئەوەی هاووڵاتیان دەنگی زیاتر بەو پارتە بدەن**

زۆرینەی دەنگەکان وەدەست دێنێت و پێموایە بەتەنیا دەتوانێت حکومەت پێکبهێنێت. تورکیا پێشوەختە وڵاتێکی دیموکراسیە، ئەمڕۆش لەبەرئەوەی کە تورکیا وڵاتێکی دیموکراسیە، بۆیە نیازی هەیە بۆ هەنگاونان بەرەو ئاڕاستەی پێوەندیکردن بەیەکێتی ئەوروپا. لەلایەکی دیکە ئەمڕۆ مەسەلەی بەئەندامبوونی تورکیا لەیەکێتی ئەوروپا بۆتە خواستی هەموولایەك، بۆیە گرنگ نییە چ پارتێکی سیاسی سەرکەوتن بەدەست بێنێت و بگاتە دەسەڵات، لەبەرئەوەی هەموو پارتە سیاسییەکان ئامانجیان هەیە تورکیا ببێت بەئەندامێك لەیەکێتی ئەوروپا. بۆیە ئەگەر هەر پارتێکی سیاسی ئاسانکاریی کرد بۆ وەرگرتنی تورکیا وەکو ئەندام لەیەکێتی ئەوروپا، ئەوکات ئەو پارتە سیاسییە بەلای هاووڵاتیانی تورکیا وەکو پارتێکی سەرکەوتوو دەژمێردرێت)).

بەڵام پرۆفیسۆر ریچارد هێرمان مەسەلەی بەئەندامبوونی تورکیا لەیەکێتی ئەوروپا بەئەگەرێکی دوور دەزانێت و پێیوایە مەسەلەکە تەنیا پەیوەست نییە بەهەموارکردنی دەستووری تورکیا، بەڵکو لەسەر ئاستی ئەوروپا جۆرە ڕەتکردنەوەیەك بۆ ئەندامیەتی تورکیا لەیەکێتی ئەوروپا هەیە، سەبارەت بەم ڕەتکردنەوەیە بەمجۆرە سەرنجەکانی خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو: (بەرهەڵستیکردنی تورکیا بۆ ئەوەی ببێتە ئەندامی یەکێتی ئەوروپا زیاتر پەیوەستە بەکاریگەریە ئابوورییەکانەوە، ئەویش بەهۆی بوونی هێزی کاری هەرزان لەم وڵاتەدا، کە حاڵی حازر ئەوروپا ڕووبەڕووی شەپۆلێکی کۆچکردن بۆتەوە لەباکووری ئەفریقیاوە، بەهۆی ئەو شەڕەی لەلیبیا هەیە، هەروەها بەهۆی شۆڕشی تونسەوە. لەبەر ئەوە ساتەوەختێکی ئاڵۆزە بۆ یەکێتی ئەوروپا کاتێك ئەو کاریگەریە ئابووریانە لەبەرچاو دەگرێت، ئەمە سەرەڕای ڕەچاوکردنی ئەوەی لەئێستادا یەکێتی ئەوروپا خۆی لەدژواری و سەختیەکی داراییدایە، بەهۆی داڕووخانی ئابووری و ئەو کێشانەی ئەگەری سەرهەڵدانیان لێدەکرێت لەئیسپانیا و پورتوگال. لەم ڕوانگەیەوە من پێموایە لەئێستادا یەکێتی ئەوروپا زیاتر بەوە سەرقاڵە کە چۆن پارێزگاری لەوە بکات کە هەیەتی، بەتایبەتی لەناوچەی یۆرۆدا، زیاتر لەوەی بایەخ بەفراوانکردنی خۆی بدات. کەواتە ئەوە گۆڕانکارییەکانی ناو ئەوروپایە، نەك تورکیا کە دەبنەهۆی ئەوەی ئەگەری بەئەندامبوونی تورکیا لەیەکێتی ئەوروپا لەماوەی نزیکدا کەمتر بکاتەوە، بەڵام ئێستا تورکیا ڕۆڵێکی جیۆپۆلیتیکی گرنگی لەپێشتر هەیە، هەروەها من پێشبینی دەکەم ئەو گۆڕانکاریە جیوپۆلەتیکیەی لەماوەی ١٦ بۆ ١٨ مانگی داهاتوودا ڕوودەدەن، زیاتر و زیاتر وا لەکوردەکان دەکەن درك بەو ڕاستیە بکەن کە پێویستیان بە پێوەندی و ڕێککەوتن هەیە لەگەڵ تورکیا، لەبەر ئەوەی جیوستراتیجیەتێکی بەدیلیان نییە، کەواتە بەرەوچاکردنی ئەو دۆخەی کوردەکانی تێدان و ئەو هێزانەی دەورەی داون، ئەوا جگە لەپێوەندییەکی ئیجابی بەردەوام لەگەڵ تورکیا، کارێکی باشتریان لەبەردەمدا نییە ئەنجامی بدەن. لەبەر ئەوە زەحمەتترە قەناعەت بەکوردەکان بکەیت کە زیاتر ژیانی خۆیان بخەنە مەترسیەوە بۆ بەدەستهێنانی ئامانجگەلێکی دوور کە ئەگەری ئەوەنییە هێزێکی دەرەکی پشتیوانیان بێت لەبەدەستهێنانیاندا. پێموایە ئەو کەسانەی واقیعین ئەوە دیاری دەکەن کە مومکین نییە، ئەو کاتە هەموو هەوڵی خۆیان دەخەنە گەڕ بۆ بەدەستهێنانی ئەوەی مومکینە. بەچەشنێك ئەگەر دە ساڵ پێش ئێستا خەونی بەدەستهێنانی سەربەخۆییەکی تەواو هەبوایە بۆ کوردەکان، ئەوا لەئێستادا هاتنەدی ئەو خەونە زەحمەتترە، ئەگەر مەحاڵ نەبێت لەماوەی نزیکدا)).



حەسەن صەبرە سەرنووسەری گۆڤاری «الشراع»ی لوبنانی:

# ئیخوان و سەلەفییەکان هەوڵیاندا شۆڕشی میسر بدزن، بەڵام میسرییەکان بەرگری راستەقینە دەکەن

## لەسەر هەموو رۆشنبیرێکی عەرەب پێویستە بڵێت کورد میللەت و نەتەوەیەکە و مافی خۆیەتی دەوڵەتی سەربەخۆی هەبێت



ئەزموون و کارکردنی حەسەن سەبرە لە بوارەکانی ڕۆژنامەنووسی و سیاسیدا وای لە بەڕێزیان کردووە وەك پارێزەری بەهاکانی ئازادی بدوێت و لە فەراهەم بوونی ئەو مافەشدا بۆ هەموان وەك یەك، ئازادی بە ڕەوا ببینێت و بێلایەنانە لەو بارەیەوە قسەبکات و واز لەوە بێنێت کە خودی خۆی سەر بەچ بیروڕایەکی ئایدیۆلۆژی و نەتەوەو ئایین و مەزهەبێکە، چونکە ئەم دەستی بەخۆشویستنی حەقیقەت و مەعریفەوە گرتووە و بۆ دانانی ژیانی نوێ دەستی لێیان بەرنابێت، هەروەها لەپێناوی بازدان بەسەر بەربەستەکانی کە لە بەردەم ئازادی مرۆڤدا دادەنرێن چەندین جار ژیانی خۆی خستۆتە مەترسییەوە، هاوکات کایەکانی مەعریفەی حەقیقی و ئەخلاقی حەقیقی لە هەڵسەنگاندنە ڕۆژنامەنووسییەکانیدا بە ساغ و سەلامەتی و بە ڕاستگۆیی دەرچوواندووە، ئەم ئێستا سەرنووسەری هەفتەنامەیەکی ناوداری میسرییە بە ناوی ئەلشیراعەوە، لە یەکەمین سەردانیدا بۆ هەرێمی کوردستان چاوی بە سەرۆك مسعود بارزانی و هەندێك کەسایەتی و شاری کوردستان کەوتووە، وەك گۆڤاری گوڵان دەرفەتێکی پێ دایین تا لە نزیکەوە ئەم گفتوگۆیەی لەگەڵ ساز بکەین کە ئەمەی خوارەوە پوختەکەیەتی.

*** سەرەتا حەز دەکەین لە نزیکەوە زیاتر بە خوێنەرانت بناسێنین؟**

- من حەسەن صەبرە سەرنووسەری گۆڤاری (الشراع) کە لە ساڵی ١٩٨٢ لە لوبنان دەرچووە، ئەمینداری گشتی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی لوبنانی بووم، ئێستاش ئەندامی ئەنجوومەنی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانم، لەو (سبق صحفی) یە گرنگانەی کە بڵاوم کردۆتەوە فەزیحەی (ئیران گێت) بوو لە ساڵی ١٩٨٦، ڕاپۆرتێکی چڕوپڕمان بڵاو کردەوە دەربارەی فرۆشتنی چەکی ئەمریکی بە ئێران، بڵاوکردنەوەی ئەم ڕاپۆرتەش هۆکارێک بوو بۆ وەستانی شەڕی عێراق و ئێران بەپێی لێدوانەکانی نووسەری بەریتانی (پاتریک سیل) وەهەروەک عەدنان خاشقچی لە یاداشتەکانیدا نووسیبووی کە بڵاوکردنەوەی ئەم ڕاپۆرتە بووە هۆی ئەوەی ئەمریکا چیتر چەک بە ئێران نەفرۆشێت لە ئەنجامیشدا ئەم جەنگە وەستاو ئێران ڕازی بوو بە بڕیاری ٥٩٨ ی نەتەوە یەکگرتووەکان.

*** ئیسرائیل چ پێوەندییەکی بەم بڕیارەوە هەبوو؟**

- مەبەستی ئەمەریکا لەم صەفقەیە ئەوە بوو کە دەیەویست پێوەندییەکی باشیان لەگەڵ ئێران هەبێت لەپێناو ئازادکردنی بارمتە ڕفێنراوەکان لە لوبنان کە بارێکی قورس بوون بۆ ئێران، لەسەرەتادا بارمتەکان دەروازەیەک بوون بۆ ئەوەی ئێران لە ڕێگەیانەوە چەکی دەستکەوێت و لەئەرزی واقعیشدا کاتێک ئێران چەکی ئەمریکای دەستکەوت سەرکەوت، باڵانسی هێز لەنێوان ئێران و عێراق هاوسەنگ بووە، هێزی فرۆکەوانی عێراقی کۆنترۆڵی بەسەر ئاسمانی جەنگەکەدا نەماو چەندین فرۆکەی عێراقی خرانە خوارەوە لەلایەن ئێرانەوە ئەوەش لە ڕێگای موشەکی هۆک کە ئێران لە ئەمریکا دەستی کەوتبوو، بەڵام دوای ئاشکرا کردنی ئەم صەفقەیەو وەستانی فرۆشتنی چەکی ئەمریکی بەئێران، دووبارە کۆنترۆڵی ئاسمان کەوتەوە دەست عێراق.

ئەم فەزیحەیە بووە مایەی باسی ڕاگەیاندنەکان و هەموو دنیای سەرقاڵ کرد، چونکە ئەمریکا تاوانبار کرا بەوەی سیاسەتی (الکیل بمکیالین) پەیڕەو دەکات، لەلایەک داوا لە جیهان دەکات پێوەندی لەگەڵ ئێران بپچڕێنن و لەلایەکی دیکەوە چەکی پێدەفرۆشێت.

لەلایەنی شەخسییەوە لە ١٩٨٧/٩/١٤ هەوڵی تیرۆرکردنم دراو تا ئێستاش ئاسەواری بەسەر دەموچاومەوە دیارە، ئەو کات لە لوبنان بووم، بەڵام ئێستا لە قاهیرە نیشتەجێم، ئەویش دوای تیرۆر کردنی زنجیرەیەک ڕۆژنامەنووس و سیاسەتمەدارو بیرمەندی لوبنانی لەلایەن ئێران و سووریا لە ڕێگای حزبوڵڵاوە لەوانە هەوڵی تیرۆر کردنی مەروان حمێدە ئینجا تیرۆرکردنی سەرۆک ڕەفیق ئەلحەریری ئینجا تیرۆرکردنی تێکۆشەرو بیرمەندی سیاسی و نووسەر سەمیر قەصیر و تێکۆشەر جۆرج حاوی و ڕۆژنامەنووس جوبران توینی کە دوو ڕۆژ دوای تیرۆرکردنی واتە لە ١٢ی کانوونی دووەمی ٢٠٠٥ لوبنانم جێهێشت و تا ئێستاش لە قاهیرەم و سەرقاڵی کاری ڕۆژنامەنووسی و سیاسی خۆمم.

***واتە لە قاهیرە بووی کاتێک شۆڕشی لاوانی میسر دەستیپێکرد، تێڕوانینت بۆ ئەم زنجیرە شۆڕشانە چییە کە لە تونس دەستیپێکرد و دواتر چەندین وڵاتی دیکەی گرتەوە؟**

- هەر وڵاتێک تایبەتمەندی خۆی هەیە،

**ڕاپۆرتێکی چڕوپڕمان بڵاوکردەوە دەربارەی فرۆشتنی چەکی ئەمریکی بەئێران، بڵاوکردنەوەی ئەم ڕاپۆرتەش هۆکارێک بوو بۆ وەستانی شەڕی عێراق و ئێران بەپێی لێدوانەکانی نووسەری بەریتانی (پاتریک سیل) وەهەروەک عەدنان خاشقچی لە یاداشتەکانیدا ئەم ڕاستییەی نووسیبوو..**

بەڵام خاڵی هاوبەشیان ئەوەیە کە ڕژێمەکانیان تەکەلووسیان کردو نەیانتوانیوە هیچ چارەسەرێک پێشکەش بکەن بۆ کێشەکانیان جا چ لە بواری شووناس یان ئازادی یان کێشە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان و ئینتیما ودیاریکردنی ڕۆڵ وبەهای خودی دەوڵەت وسیستەم بێت، ئەم سیستەمانە گردبوونەتەوە و سەرکردەکانیان بوونەتە دایناصور، هەروەها ئەم سیستەمانە بوونەتە هۆی ئەوەی نەوەیەکی بێ شووناس و دیلکراو بێتە ئاراوە، بەڵام خاڵی هاوبەش و کۆکەرەوەیان بریتییە لە بەردەوامێتی پێوەندی مەعریفی، مەعریفە ناواخنی یەکەمی ڕاگەیاندنە کە لەم شۆڕشانەدا بوونی هەبوو، نەک لە ڕێگای میدیا ڕەسمییە زمانحاڵە درۆزنەکانەوە،هەروەها نەک لە ڕێگەی گوتاری ڕۆشنبیری و سیاسی حکومەتەکانەوە کە درۆزن بوون و نەیانتوانی چارەسەر پێشکەش بکەن، بەڵکو لەمیانەی ئەو ڕاستیانەدا کە تەکنۆلۆژیای سەردەم فەراهەمی کردوون، توونسییەکان لە ڕێگای تویتەر و فەیسبووک پێوەندییان بە یەکەوە هەبوو بۆ چارەسەری ئەم قەیرانانە.

*** باسی تونس دەکەیت، تونس لەچاو وڵاتانی تری عەرەبیدا وڵاتێکی پێشکەوتووترە، بەڕای تۆ بۆچی سەرەتای کڵپەی شۆڕشەکە لەوێوە هەڵگیرساو دەستیپێکرد؟**

- ئەمە ئەولەویەتی ئازادی دەردەخات کە لە برسێتی و ئایین لەپێشترە، ئەم دووانەش دوو توخمی گرنگن بۆ هەر شۆڕشێک، بەڵام وەک ئازادی نین، ئازادی و هەست کردنی تاک بەبوونی خۆی، هەست کردنی مرۆڤ بەو شتانەی بیریان لێ دەکاتەوە پێداویستی ڕۆژانەیین، بەتایبەتی لەو سەردەمەدا کە خەڵک لە ڕژێم زیاتر شت دەزانێت و ئاگاداری پێشهاتەکانی جیهانە، کەواتە لەبەرئەوەی دەزانێت هەست بە زانینەکەش دەکات کە چ جیاوازییەک هەیە لەنێوان تونس و ئەوروپا، ئەوروپایەک کە زۆر لێی دوورنییە، لە تونس هیچ جۆرێک لە ئازادی بوونی نەبوو ڕژێم دایناسوور بوو نە ئازادی بیروڕادەربڕین و نە ئازادی فرەیی حزبی و سەندیکایی و ڕاگەیاندن هەبوو، ڕژێم جیاوازبوونی لەکەس قبوڵ نەدەکرد، کەواتە نان و برسێتی و ئایین ئەم میللەتەی نەجووڵاند، بەڵکو پێویستی ڕۆحییان بوو بۆ ئازادی، سەربەست بوون هۆکارو کرۆکی ڕاپەڕینەکەیان بوو، ئەمەش شتێکی نوێ و گرنگە بۆ مرۆڤایەتی، بە هەمان شێوە گرنگ بوو بۆ دۆخی میسریش.

***بابێینە سەر میسر کە وەک ناپلیۆن دەڵێ: میسر گرنگترین وڵاتی دنیایە، ئایا دەتوانین بڵێین شۆڕشی میسر وەک شۆڕشی فەرەنسایە، یان خاڵی هاوبەش لەنێوان ئەم دوو شۆڕشە هەیە بە جیاوازی ماوە مێژووییەکەیانەوە؟**

- ئەگەر چەند ناونیشانێک بۆ ئەم شۆڕشە عەرەبیانە دابنێین، ناونیشانی یەکەمی: ئازادییە، دووەمیان : یەکسانییە، ئەمانە هەمان ناونیشانی شۆڕشی فەرەنسی بوون، ئەگەر خوێندبێتیانەوە یان نەیانخوێندبێتەوە، ئەنجامەکانی شۆڕشی فەرەنسی ئێستا بوونیان هەیە لە فەرەنسا و ئەوروپا و خۆی لە ئازادی و دیموکراتیەتدا دەبینێتەوە، ئەم ئەنجامانە ئیلهام بەخش بوون بۆ خەڵکی میسرو تونس و وەک وتم بیریان لە نان و ئایین نەکردەوە بیریان لە ئازادی و یەکسانی و وجودێکی مرۆڤانە و گوزارشت کردن لە بیروڕای تایبەتی خۆیان کردەوە وەک لە ئەوروپا وایە، کەواتە کاریگەری شۆڕشی فەرەنسی هەیە ئەگەر بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆش نەبێت، بەڵکو ئەمە بووەتە کەلتورێکی گشتی مرۆڤایەتی، ئەویش ئەوەیە هەر کەسێک بیەوێت ئازاد بێت دەبێ ئەم خەسڵەت و بنەما مرۆڤایەتی و فکری ومەعرفیانەی هەبێت کە بوونەتە موڵکی هەموو مرۆڤایەتی، کەس ناتوانێت کاریگەری ڕووداوەکانی فەرەنسا لەسەر خۆی لابەرێت، تەنانەت لە یەمەنیش.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بە دوو شت بکەین یەکەمیان ئەوەیە ئەو لاوانەی لە میسر شۆڕشیان کرد لە چینی هەژار نەبوون، بەڵکو لە چینی ناوەڕاست و سەرووتر بوون، دووەمیان ئەوەیە

به زمانێكی نیشتمانی میسری قسەیان كرد و میسریان لەسەرووی هەموو كەسێكەوە دانا و دەیانوت سەرت بەرز بكەوە تۆ میسرییت و دروشمی ڕووخانی ڕژێمیان بەرزكردەوە و بەهیچ شێوەیەك باسی ئایین و تائیفە و حزب و چینیایەتییان نەدەكرد.

لەلایەكی ترەوە بەهۆی زۆری مانەوەی ئەم ڕژێمانە لەدەسەڵاتدا بیانووی مانەوەی خۆیان لە دەستدابوو، سەركردەكانی پیر بوون بەسەر كورسییەكانیانەوە، ئەم لاوانە لە ڕاستیدا خەونیشیان بە ڕووخانی ڕژێمەكانیانەوە نەدەبینی، بەڵام كاتێك داوایان كرد بڕوات و پاڵیان پێوەنا لەبەر ئەوەی لەناو ناخی خۆیدا لەرزۆك بوو وەك ئەو شاسوارەی كە شمشێرەكەی لە زەوی چەقاندبوو بە مردوویی دەسكی شمشێرەكەی لە ناو لەپیدا بوو، وایان دەزانی زیندووە بۆیە كاتێك پاڵێكیان پێوەنا خۆی نەگرت و كەوت چونكە لە ئەسڵدا پێشتر مردبوو، بەڵام میللەت تا ڕانەپەڕی هەستی بە مردوویێتی ڕژێمەكە نەكرد، ئینجا كە بە ملیۆنەها خەڵك ڕژانە سەرشەقامەكان لەبەر ئەوەی ڕژێمەكە نەیدەتوانی هەموو خەڵكەكە بكوژێت، بۆیە ڕاوەستاو لاربۆوە، بابێینە سەر یەمەن كە خاڵێكی جیاوازی سەرنجڕاكێشی هەیە، ئەم وڵاتە ٢٦ ملیۆن پارچە چەكی تێدایەو بەشێوەیەكی شەرعی و یاسایی خەڵك ئەم چەكانە هەڵدەگرێت، هەروەها چەندین خێڵ و هۆزی لێیە، جگە لە چەندین كێشەو گرفتی جیاجیا لە نێوانیان، ئەمانە هەموویان وەلانران، چەكەكانیشیان خستە لاوە، چونكە میللەت بە دەستی خۆی دەیەوێ ڕژێم بڕووخێنێ، هەروەها ڕژێمیش ناتوانێت هیچ شتێك پێشكەش بەخەڵك بكات و دەشیەوێت بەردەوام بێت لە دەسەڵات و بە میراتگیری بكات، بۆیە خەڵك چیتر توانای بەرگەگرتنی نەماوە و بەداواكردنی ئازادی ڕووبەڕووی ڕژێم دەبێتەوە و دەڵێت: ئێمە دەمانەوێ وڵاتی خۆمان بونیاد بنێینەوە، خاڵی گرنگ لێرەوە ئەوەیە تا ئێستا بیر لە چەك نەكراوەتەوە بۆ ڕووخانی ڕژێم، كاتێك لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای لیبیا (میسر و تونس) شۆڕش بەرپابوو مانەوەی قەزافی بوو بە شتێكی ئەستەم، ئەگەر ئەم دوو شۆڕشە نەبوایە یان یەكیان سەرنەكەوتبایە لەوانەیە بۆ ماوەیەكی تریش قەزافی بەردەوام بوایە، كەواتە ناتوانێت بەردەوام بێت بەتایبەتی كە دەبینین هیچی بۆ گەلی لیبیا نەكردووە، بڕواننە ئەم جیاوازییە، هەریەك لە سەرۆكە عەرەبەكان هەوڵی دەدا سوپای تایبەتی خۆی هەبێت جگە لە سوپای ڕەسمی، زەینولعابدین بن عەلی ئاسایشی نیشتمانی دامەزراندو پشتگیری كرد و سوپای تونسی پشتگوێ خستبوو، بۆیە بینیمان سوپاكە شۆڕشەكەی یەكلاكردەوە لە بەرژەوەندی گەل، لە میسر موبارەك ڕژێمی ئاسایشی ناوەندی دامەزراند لە ١٤٠٠٠٠٠ كەس پێكهاتبوو، كەچی سوپا تەنیا ٣٠٠ هەزار كەس بوو، لەوێش سوپا چووە پاڵ گەل، بۆ ڕووخانی دەسەڵات، لە لیبیا سوپا پشتگوێخراو كەتیبەكانی قەزافی پێكهێنران كە هەریەكیان لە تیپێكی چەكدار بە هەموو جۆرە چەكێكەوە بوون و قەزافی لەدەزگاكانی ئاسایش و هێزی ئاسمانی كوڕو خزمەكانی خۆی داناو ئەگەر ژمارەیان كەم بوایە ئەوا بەكرێگیراو (مرتزقە)ی دەكڕی و خۆی بە شای شایانی ئەفریقیا دادەنا بۆ ئەوەی لەهەر هۆزێكی ئەفریقیا كۆمەڵێك چەكدار ببات و خەرجییان لە ئەستۆ بگرێت، هەروەها ڕژێمی

**لەتونس هیچ جۆرێك ئازادی بوونی نەبوو، ڕژێم دایناسووڕ بوو، نە ئازادی بیروڕادەربڕین و نە ئازادی فرەیی حزبی و سەندیكایی و ڕاگەیاندن هەبوو، ڕژێم جیاوازبوونی لەكەس قبوڵ نەدەكرد، كەواتە نان و برسێتی و ئایین ئەم میللەتەی نەجووڵاند، بەڵكو پێویستی ڕۆحییان بۆ ئازادی هۆكارو كرۆكی ڕاپەرینەكەیان بوو**

سووری چەكداری خانەنشینكراوی بەناوی ئەحمەد جبریلی و بەناوی فەلەستینی بۆ پشتگیری قەزافی نارد بۆ ئەوەی شان بە شانی قەزافی شەڕ بكەن دژی گەلی لیبیایی، لە یەمەن عەلی عەبدوڵڵا ساڵح سوپای بێلایەن كرد و هێزێكی سەرەكی لەكوڕ و ئامۆزاكانی خۆی پێكهێنا تا ئەمانە وڵات بەڕێوەبەرن، سەرەڕای ئەمەش گەل پەنای بۆ چەك نەبرد، یان ڕژێمی سووریا لە ناو خۆیدا چی دەكات، هێزی سەرەكی لە پێكهاتەی سووریا بریتین لە عەلەوییەكان و بەشار ئەسەدیش سەر بەو تائیفەیەیە، لەسەردەمی حافز ئەسەدەوە ڕێگا لە سوونەكان گیراوە بچنە نێو سوپاوە بەمەش نزیكەی ٩٠٪ی سەركردەكانی سوپا، هەموو سەركردەكانی ئاسایش، زۆربەی هێزی ئاسمانی، سەركردەی تیپە سەربازییەكان لە تائیفەی عەلەویین، سەرەڕای ئەمە دوو خاڵی دیكەش هەیە، برای بەشار سەركردەی گاردی كۆماری و تیپی چوارە ئەمانەش پوختەوكۆی هێزی بەرگری سووریا پێكدەهێنن و بە نوێترین چەك چەكدار كراون و پارەیەكی بێشوماری زۆریشیان بۆ خەرج دەكرێت.

***بەڵام شۆڕشی فەرەنسی لە ئەنجامی كاردانەوەی ڕۆشنگەرایی بوو بەتایبەتی كاریگەری تێزی جیاكردنەوەی ئایین لە دەسەڵات، بەڵام ئێستا لە شۆڕشە عەرەبییەكاندا مەترسی تێكەڵ كردنی هەیە بە ئایین و ڕێگەخۆش بوون بۆ هاتنی ئسوولیەكان بۆ ناو دەسەڵات لە ڕێگای سندووقەكانی هەڵبژاردنەوە نەك لە ڕێگای توندوتیژییەوە،ئێستا مەترسی ئەوە هەیە ئیخوان بە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە بێنە ناو دەسەڵاتەوە یان لە توونس گرووپەكەی غەنووشی خۆیان بۆ هەمان مەبەست تەیار كردووە، تۆ هیچ مەترسی بەدی ناكەیت لە ئەنجامی هاوشێوەی وا؟**

ـــ من لە گۆڤاری (شراع) و میدیای میسریش بڵاوم كردەوە كە مەترسی ئەوە هەیە لە میسر ئیسلامییەكان كۆنترۆڵی دیمەن و جڵەوی سیاسەت بگرنە دەست، بەڵام كەس ناتوانێت بەرامبەر بە ڕێڕەو و پێشكەوتنەكانی مێژوو بوەستێتەوە، كاریگەری شۆڕشی فەرەنسی و بزوتنەوەی ڕۆشنگەری ئیلهام بەخش بوون بۆ ئەم لاوانە لە ڕێگای وابەستەی كۆمەڵایەتی واتە هزری ئازادی و مەعریفیی، كەواتە كەس ناتوانێت ڕووبەڕوویان بوەستێتەوە ئەمە لەلایەك، لەلایەكی دیكەوە نیشتمانپەروەری و پێویستی بوون بۆ ئازادی و عەدالەت و نیشتمانپەروەری شەقامی لە میسرو تونس جووڵاندەوە نەك ئایین و نان و برسێتی.

*** ئەوەی شۆڕشی فەرەنسی جووڵاندەوە میكانیزمی سەرەكی هزری ڤۆلتێرییانە بوو، بەڵام لە میسر فكری قەرەزاوی خەڵكی دەجووڵاندەوەو نوێژی سیاسی بە خەڵكی دەكرد؟**

ـــ نەخێر قەرەزاوی و ئیخوان هیچ ڕۆڵیان نەبوو لە وروژاندنی شەقامدا، من خۆم لە نزیكەوە بەشداریم لە شۆڕشەكەدا كرد ئەگەر یەكێك دروشمی (الاسلام هو الحل)ی گوتبا، ڕێگایان پێنەدەدا و دەیانوت: بەبێ دروشمی ئایینی، دەیانووت میسر لەسەرووی هەمووانە، كەواتە ئیسلامیەكان هەوڵی دزینی شۆڕشیان دەدا، ئەم دیاردەیەش لە هەموو شۆڕشەكانی جیهاندا بوونی هەیە، ئێستا لە میسر بەرگرییەكی ڕاستەقینە هەیە بۆ ڕێگەگرتن لەهەوڵی ئیسلامییەكان بۆ گرتنە دەستی دەسەڵات بەهەموو ئاراستە جیاجیاكانیانەوە وەك ئیخوان و سەلەفیەكان و جیهادی ئیسلامی كە دەیانەوێت شۆڕشەكە بدزن، بۆیە ڕۆشنگەری لە كۆمەڵگای میسر مەودای خۆی وەردەگرێت، ئیسلامیەكان پەلەیان كرد و ویستیان دەست بەسەر حوكمدا بگرن، ئەمەش كاردانەوەیەكی پێچەوانەی دروستكردو گەلی میسر ترسیان لا دروستبوو بەجۆرێك وا هەست دەكەن ئەمانە دەیانەوێ پاپایەك بەرهەم بهێنن یان میسر بگەڕێننەوە بۆ دواوە، كۆمەڵگای میسری دژیانەو ئەوانیش بەردەوام هەڵەی زیاتر دەكەن وەك گرفتەكانیان لەنێو خۆیاندا لەگەڵ یەكتری، سەلەفییەكان دەیانەوێ مەزارگەكان

تێك بدەن، سۆفیەکانیش بەرهەڵستییان دەکەن، هەروەها سەلەفیەکان دەیانەوێ شەریعەتی ئیسلامی بە زەبروهێزەوە بسەپێنن، سەرەتا بازووی خۆیان لەسەر مەسیحیەکان فەرز دەکەن، ئەم کارە موسڵمانە میانڕەو و ڕۆشنبیرەکان و مەسیحیەکانی توڕە کردو وایان نیشاندا کە ئەم سەلەفیانە دەیانەوێ میسر بگەڕێننەوە بۆ دواوە، هەروەها سەلەفیەکان ناکۆکن لەگەڵ سۆفییەکان و جەماعەتی ئیسلامی، هەریەکیان حزبی خۆی دامەزراندووە و دەیەوێ کەسێك دەستنیشان بکات بۆ سەرۆکایەتی کۆمار ئەمەش ڕەنگدانەوەی ناکۆکی نێوانیانە، لێرەدا پێویستە ئەنجوومەنی سەربازی میسری ڕۆڵی خۆی بگێڕێت و سنووریان بۆ دابنێت، بە گشتی منیش ترسم هەیە ئیسلامییەکان بێنە سەر دەسەڵات، بەڵام دەبێ پشت بە وشیاری گەلی میسری و دەزگا مەدەنی وڕۆشنبیریەکان و سوپاو ئەو لاوانە ببەسترێت کە بە شۆڕشەکە هەستاون، بۆ ڕێگا نەدان بە ئیسلامیەکان لە زیاد پێ ڕاکێشان.

لە تونس ڕاشد ئەلغەنوشی سەنگێکی زۆری

**ئیسلامەویەکان هەوڵی دزینی شۆڕشیان دەدا، ئەم دیاردەیەش لە هەموو شۆڕشەکانی جیهاندا بوونی هەیە. ئێستا لە میسر بەرگرییەکی ڕاستەقینە هەیە بۆ ڕێگەگرتن لەهەوڵی ئیسلامەوییەکان بۆ گرتنە دەستی دەسەڵات**

نییە، ئەوان تەنیا داوای حیجاب و نوێژ کردن لە شەقام و هەندێ ریفۆرمی ئایینی و ئینجا دەیانەوێت بۆ دەسەڵات باز بدەن، لە یەمەن ئیسلامییەکان نەیانتوانیوە کۆنترۆڵ بگرنە دەست، لە لیبیا سەرەتا کۆمەڵە ئیسلامییەك بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵات ویستیان دەست بەسەر ڕاپەڕینەکەدا بۆ بەرژەوەندی خۆیان بگرن، بەڵام شۆڕشی گەلی لیبی جۆرێك لە گشتگیری بەخۆیەوە بینی و ئیسلامیەکان بوون بە بەشێکی سادە و بەپێی زانیارییەکان ئەمریکیەکان بەر لەوەی بڕیار لە پشتگیری شۆڕشی لیبی بدەن دژی قەزافی، چوونە ڕۆژهەڵاتی لیبیاو هەموو گوند و شارەکان گەڕان و پرسیاری کۆمەڵە ئیسلامییەکانیان کرد ئەوکات بۆیان دەرکەوت کە قەبارەیان زۆرکەمە، هەروەها پێکهاتەی ئەنجوومەنی ئینتیقالی لیبی هیچی ئیسلامی نییە واتە موسڵمانن، بەڵام حزبی ئیسلامی نین.

*** لێرەدا پێویستە جیاوازی بکەین لەنێوان ئیسلام و ئیسلامەوی، هەموومان موسڵمانین و شانازیشی پێوە دەکەین، بەڵام مەترسی لە ئیسلامەوی هەیە، چۆن بتوانین ڕووبەڕووی ئیسلامەوی ببینەوە؟**

- سەرەتا پێویستە وشیاربین لە مەترسییەکانی ئەمانە، چونکە یەکەم: نایانەوێ پێشکەوین و دەیانەوێ بمانگەڕێننەوە دواوە، دووەم پێویستە گشت هێزە مەدەنییەکان هەوڵەکانیان یەك بخەن، ئەو هێزانەی دەیانەوێ سیستمێکی مەدەنی بێتە ئاراوە کە ڕێگابە دەستاودەست کردنی دەسەڵات بدات و ڕێز لە ڕای بەرامبەر و ئازادی بۆ هەموو پێکهاتەکانی کۆمەڵگا بگرێت، چونکە دەوڵەت پێشدەکەوێ بە مەفهومی مەدەنی و عەقڵانی و زانستی، نەك بە مەفهومی تاریکی و دواکەوتوویی کە وڵات بگەڕێنێتەوە و ئەو کۆمەڵگایەی ئێستا کۆت و بەند بکات بە بارودۆخی ١٤٠٠ ساڵی پێشوو، ئەم وشیارییە زۆر گرنگە بۆ ئەوەی میللەتان بەری خەباتی شۆڕشەکانیان بخۆن.

*** ئەو گۆڕانکارییە گەورانەی ڕوویاندا وەك ڕووخانی دیواری بەرلین و یەکێتی سۆڤیەت و لێك هەڵوەشانەوەی یۆگسلافیا، ئەمانە لە شەو و ڕۆژێکدا نەبوون و شەڕ و کوشتاریشی تێدا ڕوودا تەنانەت گەیشتە حاڵەتی جینۆساید، دوای ئەو شۆڕشانە پێشبینی جۆرێك لە پاشاگەردانی دەکرێت، ئەمە چۆن لێکدەدەیتەوە؟**

- پێوستە جیاوازی لەنێوان ئاستی وشیاری و ڕۆشنبیر و ئابووری و کۆمەڵایەتییە بکەین کە لە ئەوروپا هەبووە تەنانەت لە سیستەمە دیکتاتۆر و شیوعیەکانیشدا و لەنێوان سیستەمە دیکتاتۆرییەکانی ئێمە کە وشیاری و ڕۆشنبیر و پێشکەوتنی ئابووری و کۆمەڵایەتیان نییە، لەلایەکی دیکەوە ئەوروپا چووەتە ناو یەکتری و کاریگەریشیان بەسەر یەکەوە هەیە لە زۆر ڕووەوە واتە کارلێکێکی شارستانی ئیلزامی لەنێوانیاندا هەیە لە ماوەی ٤٠ ساڵی ڕابردووەوە ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کە نەپچڕانێك لەنێوانیاندا هەبێت ئەگەر بەربەستی ئاسنینیش لەنێوانیاندا هەبووبێت ئەوا کارلێکی فیزیکی نێوانیان هەر مابوو بە نەبوونی فەیسبووك و تویتەریش، پێوەندییان لە ڕێگای کەڵەکە بوونی مێژوویی و مەعریفەی نێوان ئەم گەلانە هەر هەبوو، بە پێچەوانەی ئێمە کە خۆمان لە پاشکەوتوویدا دەژیاین و هەندێك ڕژێمیش خۆیان سەپاندو زیاتر پاشیان خستین، هەروەها دەزگاکانی موخابەراتی و ئاسایشی ئەوروپای خۆرهەڵات شارەزایی و ئامڕازەکانی خۆیان گواستەوە بۆ وڵاتانی عەرەبی، دەزگاکانی ئەمنی لە عێراق و سووریا و یەمەن و لیبیا لەلایەن دەزگایەکی ئەمنی ئەڵمانیایی ڕۆژهەڵاتەوە دامەزراون بە ناوی جیهازیستایزی، کەواتە لە چەك و دەزگاکانی چەوسانەوە سوودیان لە ئەوروپای ڕۆژهەڵات وەرگرت و لێی فێر بوون ئەمە خاڵی هاوبەشی نێوانیانە، جگە لەمانە ئەوروپای ڕۆژهەڵات هەمیشە فشاری ئەمریکا یان ئەوروپای ڕۆژئاوای لەسەر بوو بۆ ئەوەی یەکەمجار سوود لەنموونەو ستایلی ئازادی و دیموکراتی وشارستانی و ئابووری و کۆمەڵایەتی پێشکەوتوو وەربگرێت، دووەمیش بۆ پاڵ پێوەنانی بەرەو گەمارۆی ئابووری و سیاسی و ڕاگەیاندن ئەمانە بوونە هۆی ڕووخانی بونیادی ئەوروپای ڕۆژهەڵات، ئەمە سەرەڕای سەرنەکەوتنی لەسەر ئاستی ناوخۆ لە یەکێتی سۆڤیەت و ئەم سیستمانە، چونکە هیچیان پێشکەش نەکردو ئازادییان لە خەڵك زەوت کردو لە نان و ڕۆشنگەرییان بێبەش کردن، لەبەرامبەردا لە ڕۆژئاوای ئەوروپا نان و ئازادی و ڕۆشنگەری هەبوو، ئەمەش کاریگەری لە ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا کرد، ئێمەش کە بینیمان لە ڕۆژئاوا ئەمە هەیە واقیعی خۆمان

**ئێمە ئێستاش ترسی ئەوەمان هەیە کە سندوقی دەنگدان ئەوەی ڕۆژئاوا داوامان لێدەکات حەکەم بێت. دەرفەتێك بێت بۆ ئەوەی ئیسلامەوییەکان لە ڕێگایەوە باز بدەن بۆ سەر دەسەڵات وەك چۆن حەماس لە غەززە کردی و ئیسلامەوییەکانی میسریش دەیانەوێ بیکەن**

پێ قبوڵ نەکرا، بەداخەوە هەندێك لە عەرەب و مووسڵمانەکان چوونەتە ئەوروپا بۆ زانست، خوێندن، چارەسەر، کار، ئەمن و ئازادی، بەڵام لەجیاتی ئەوەی سوود لەو کەشوهەوایە وەربگرن کە ئەوروپا فەراهەمی کردووە بۆیان، دەیانەوێ ئسولیەتیان بۆ بگوازنەوە و بیانگەڕێننەوە چاخەکانی ناوەڕاست، ئەوروپییەکان کەنیسەیان جێهێشت پێشکەوتن، کەچی موسڵمانەکان هاتوون بیانگەڕێننەوە بۆ مزگەوت، ئەوان کەنیسەی خۆیان ڕەت کردەوە چۆن تۆ دەچی بیانبەی بۆ مزگەوتی خۆت و دەستگیریان بکەیت لە حیجاب و نیقاب و ریش و مەفهومە پاشکەوتووەکان و نابێ کچ تەوقە لەگەڵ کوڕ بکات و نابێ بەیەکەوە دانیشن و نابێ هەندێك زانستی دیاریکراو بخوێنێت، گرنگ ئەوەیە ڕۆژئاوا تەنیا ئێمەی لە باوەش نەگرت، بەڵکو وێنەی

خۆی بۆمان گواستەوە کە دەیەوێ بۆ هەموو مرۆڤایەتی بگوازێتەوە، ئەویش گواستنەوەی ئازادی و دیموکراسی و علمانیەتە، بەڵێ ئێمە ئێستاش ترسی ئەوەمان هەیە کە سندوقی دەنگدان ئەوەی رۆژئاوا داوامان لێدەکات حەکەم بێت، دەرفەتێك بێت بۆ ئەوەی ئیسلامییەکان لە رێگایەوە باز بدەن بۆ سەر دەسەڵات وەك چۆن حەماس لە غەززە کردی و ئیسلامیەکانی میسریش دەیانەوێ بیکەن یان بەرەی رزگاری لە جەزائیر، ئەمانە نموونەی نیگەتیڤن، بەڵام رۆژئاوا دەیەوێ مەفاهیمی خۆی بگوازێتەوە وریشەکێشیان نەکات و نەیانبڕێت و بۆ ئیختیار جێیان ناهێڵێت، مەفهومەکان دیارن ئەوانیش سندوقی دەنگدان، ئازادی دەستاودەستکردنی دەسەڵات، رێز گرتن لە مافی مرۆڤ و ڕای جیاواز، رێزگرتن لە کەمایەتیە ئایینی و ئیتنی و نەژادییەکان..

*** لە وڵاتە عەرەبییەکان حزبە دیموکراتیەکان ژمارەیان زۆر کەمە بەجۆرێك چالاکوانەکانی کۆمەڵگای مەدەنی رۆڵیان زیاترە، بەڕای تۆ رۆڵی کەسایەتی و رۆشنبیران و رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی چییە بۆ دەربازبوون لەم قۆناغە کە دەبوایە لە ئاستی بەرپەرسیاریەتی قۆناغەکەدا بن؟**

ـ لە قۆناغەکانی پێشوودا رۆشنبیر دوو کاری هەبوو، یان موجامەلەی دەسەڵاتی دەکرد و بە شان و باڵیدا دەیووت، یان خۆی لە دەسەڵات دەپاراست، ئێستا نابێ ئەمە بمێنێت و ئەم وتەیە کەوتە خوارەوەو لەگەڵیشیدا وتەیەکی ئیسلامەویەکانیش کەوتە خوارەوە و بیانوویان نەماوە، چونکە ئەوان چییان کرد لەژێر دەسەڵاتی ئەم رژێمانە، تەنیا خۆیان بەهێز دەکردو توندرۆییان بڵاو دەکردەوە بۆ پاراستنی خۆیان لە دەسەڵات و بیانوویان دەهێنایەوە بۆ هەر کارێك کە ئەنجامیان دەدا و بەو بیانووانە خۆیان پێ دەپاراست، ئێستا ئازادی بۆ هەموو لایەك فەراهەم بووە، بۆیە پێویستە بە ئاشکرا ڕووی راستەقینەی خۆیان دەرکەون و شێوازی مامەڵەی خۆیان بگۆڕن، کەواتە سەرکەوتنی شۆڕشەکان دوو شتیان سەپاند، یەکەمیان ئەوەیە رۆشنبیر زیاتر ئازادن و لەم حاڵەتەدا پێویستە راستگۆتر بن کە ئازادی هەیە و پێویست بە موجامەلەی دەسەڵات ناکات و ئازادتر بن، ئیسلامەویەکانیش ناتوانن چیتر خۆیان وا نیشان بدەن کە قوربانی ئەم رژێمانەن و مەغدوورن یان توندڕۆیی خۆیان بڵاوبکەنەوە، پێویستە بەشێوەیەکی نوێ موخاتەبەی خەڵك بکەن، ئەو قۆناغە بەسەرچوو کە خۆیان بەرامبەر بە دەسەڵات بە زوڵم لێکراو یان چەوسێنراو نیشان بدەن، ئێستا تۆ وەك ئیسلامی لە دەسەڵاتدای بۆیە پێویستە پێداچوونەوەیەکی گوتارەکەت بکەیت، ئێستا بەرنامەی چەند حزبێکی ئیسلامی لەنێو ئیخوانەکانی میسر لەئارادایە وەك پارتی ئازادی و دادپەروەری، حزبی نەهزە کە عەبدولمونعیم فەتوح هەوڵی پێکهێنانی دا لە دەرەوەی حزب و خۆی پاڵاوت بۆ سەرۆکایەتی هەرچەندە جەماعەتی ئیسلامی رایگەیاند کە هیچ پاڵێوراوێکیان نییە بۆ ئەم پۆستە، پارتی (وەسەت) ی عەبدولعیلا مازی کە لەگەڵ ژمارەیەك لە ئیخوانچییەکان دایمەزراند ئەم حزبەش سەر بە فکری ئیخوانە، بەڵام بەشێوەیەکی جیاواز لە ئیخوان کار دەکات، چوارەمیش ئەو لاوانەن کە دەیانەوێ حزبی تایبەتی خۆیان هەبێت بەناوی (شباب الاخوان) ئەو لاوانەی کە لە سەرەتاوە بەشدارییان لە شۆڕشدا کرد، هەرچەندە پیرەکانی جەماعەتی ئیخوان لە سەرەتادا دژی شۆڕش بوون، پێویستە واز لەم کارلێکە بهێنرێت و لە هەمان کاتدا کارلێك بکرێت لەگەڵ لاوەکانی ئیخوان بۆ ئەوەی لەوانی تر جیابکرێنەوە.

*** ئەگەر ئەم حزبانە لە هەڵبژاردن سەرکەوتن میسر ناوی چی لێ بنرێت باشە (دایکی دنیا،میسری ناصری، یان میسری ئیخوانی)؟**

ـ لە هەر هەڵبژاردنێکی ئازادو بوونی

**لەناوچە گوندنشینەکان و ئەوناوچانەی رێژەی نەزانین و نەخوێندەواریان زۆرە. ئەگەری ئیستیغلال کردنیان زیاترە لەلایەن ئیسلامەوییەکانەوە جا بۆ وروژاندنی فیتنەی تائیفی بێت یان بۆ دوورخستنەوەیان لە کۆمەڵگای مەدەنی**

بزووتنەوەیەکی جددی لاوانی شۆڕش، ئیسلامییەکان کەمتر لە ٢٠٪ی دەنگی دەنگدەران بەدەست ناهێنن، بەمەرجێك هەڵمەتێکی رۆشنگەرو نەهێشتنی نەخوێندەواری بەردەوام هەبێت، واتە دەبێ بوونیان هەبێت لە گوندەکانی میسرو ئەو ناوچانەی کە رێژەی خوێندەوارییان کەمە بۆ ئەوەی ئەم خەڵکە بە هزری ئیسلامەویەکان نەخەڵەتێندرێن و بە پارە نەکڕدرێن، لە هەڵبژاردنەکانی هەمواركردنی دەستوور، ئیخوانەکان رایانگەیاند هەر کەسێك بڵێ (نەخێر) ئەوە دژی ئایینە، ئەمە هاندانە و پێویستە دەسەڵات رێگا بەم کارانە نەدات، بۆ ئەم مەبەستەش چەند (خیارێك) هەیە پێویستە لەبەرچاو بگیرێت یەکێك لەوانە دواخستنی هەڵبژاردنەکانە بۆ ئەوەی لایەنەکان خۆیان رێك بخەن و بەرنامەیەك بۆخۆیان دابنێن، دووەمیان ئەوەیە سنوورێکی زانستی واتە خوێندەواری بۆ دەنگدەر دیاری بکرێت واتە کەسی نەخوێندەوار با دەنگ نەدات تا فێری خوێندنەوەو نووسین نەبێت، چونکە کەسی نەخوێندەوار بە ئاسانتر دەکەوێتە ژێر کاریگەری پیاوی ئایینی ئەگەر ئەمانە مافی دەنگدانیان هەبێت ئەوا کوێرانە هێزێك بە پیاوانی ئایینی دەبەخشن ئەمەش پرۆژەیەو پێویستە گفتوگۆی لەسەر بکرێت.

*** بەڵام هەڵوێستی ئەزهەر و سیاسەتمەدارە ئیسلامییەکان یەك هەڵوێستە؟**

ـ راستە، بەڵام ئەزهەر دەست ناخاتە نێو سیاسەتەوە، سیاسیەکان بریتین لە ئیخوان، جەماعەتی ئیسلامی، سەلەفیەکان، ئێستاش سۆفییەکان هاتوونەتە نێوسیاسەتەوە و راستەوخۆ کاری سیاسی دەکەن و تێکەڵێکن لە پیاوی ئایینی و کادری حزبە سیاسییەکان.

*** بۆچی ئیسلامییەکان لە ناوچە دوورە دەستەکان و لەنێو کەسانی نەخوێندەوار هەژموونیان زۆرە؟**

ــ وەك ئەمانە بە ئاسانی هەڵدەخەڵەتێنرێن و پیاوی ئایینی بە ئاسانی دەیانخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە، تا ئێستاش لە وڵاتانی ئێمە پیاوی ئایینی بوونێکی بەهێزی هەیە، بەڵام لەسەردەمی جەمال عەبدولناصر پیاوی ئایینی بوون و کاریگەری نەبوو بەو شێوەیە، بەڵکو کەسانی رۆشنبیر و مەدەنی و هونەرمەند گرنگییان هەبوو، هەروەها ئەو حزبەی لە گوتاری خۆیدا پێداویست و ئازارەکانی گەل لەبەرچاو دەگرت وئامانجی سەرەکیان پیشخستن و پەرەپێدانی وڵات و خۆشتر کردنی گوزەرانی خەڵك ورووبەڕووبوونەوەی ئیسرائیل بێت، چەند مەفهومێکی پێشکەوتوخواز و شارستانی پێوەر بوون، کاتێك ئیسلامییەکان سەرکەوتن مەفهومیان تەنیا باسی رۆژی قیامەت و سزای قەبرو حەڵاڵ و حەرام و ڕیش و تێکەڵ نەبوونی ئافرەت و پیاو بوو و هەموو شەرەفی گەردوون بەسترایەوە بە ئافرەت و پەردەی کچێنیەوە، لە کۆمەڵگایەك ئەگەر پرۆژەی نیشتمانی بوونی هەبوو بۆ پێشکەوتن و پیشەسازی و شارستانیەت و گرنگیدان بە کێشە ستراتیژیەکانی وەك فەلەستین و کێشەی کوردەکان و هەمیشە بەبیر خەڵك بهێنرێنەوە ئەو کات خەڵك زۆر گرنگی بەو شتانە نادات کە پیاوی ئایینی دەیەوێ مێشکیان پێ پڕ بکاتەوە وەك سزای مردن و حەڵاڵ و حەرام، ئەمانەش بە وشیار کردنەوەی خەڵك و ئاشنا کردنیان بەم کێشانە و چۆنیەتی پەرەپێدان و پێشخستنی وڵات بەتایبەتی لەناوچە گوندنشینەکان و ئەوانەی رێژەی نەزانین و نەخوێندەواریان زۆرە ئەگەری ئیستیغلال کردنیان زیاترە لەلایەن ئیسلامەوییەکانەوە جا بۆ وروژاندنی فیتنەی تائیفی بێت یان بۆ دوورخستنەوەیان لە کۆمەڵگای مەدەنی و

بەرژەوەندییە تایبەتییەکانیان لە ژیان و ئازادیدا.

*** لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ناوچەیەك هەیە پێی دەڵێن (هەرێمی کوردستان) کە لە ساڵی ١٩٩١ کورد خۆیان لەو ناوچەیە بەڕێوە دەبەن و هەنگاوی زۆریان ناوە بەرەو دیموکراسیەت و ژیانی پەرلەمانی فرە حزبی و دەنگدانی ئازاد، وەك ڕۆژنامەنووسێك چۆن دەڕوانیتە ئەم تاقیکردنەوە دەگمەنە لەو ناوچەیەدا؟**

ـ من دەڵێم ناسیۆنالیستە عەرەبەکان کە خۆیشم یەکێکم لەوانە پێویستیان بە پێداچوونەوەیەکی

## زۆر لە هێزە ئیسلامەوییەکان لە دیموکراسییەت نزیك نابنەوە و بە نەریتێکی ڕۆژئاوایی دادەنێن لە هەمان کاتدا داوای شەریعەتی ئیسلامی دەکەن، کەچی لە ڕاستیدا هەردووکیان دروستکراوی مرۆڤن

گشتگیری کەلتوری و شارستانی و سیاسی هەیە بۆ پێوەندییان لەگەڵ نەتەوەی کورددا، واتە هەروەك چۆن عەرەب مافی خۆیانە بیر لە یەکێتی خۆیان بکەنەوە و بەدەروازەیەکی دادەنێن، یەکێتی بۆ پێشکەوتن و شێوازی جیاجیای هەیە لەنێوان یەکێتی تێکەڵ بوونەوە و یەکێتی ئابووری، بە هەمان شێوە دەبێ عەرەب بزانن کە کوردیش مافی خۆیەتی دەوڵەت و کێشەی خۆی هەبێت کە قوربانی بۆ دەدەن تاکو وجودیان هەبێت لەژێر خۆردا، ئەرکی عەرەبەکان ئەوەیە پێداچوونەوەی حیسابات و هزری خۆیان بکەن بۆ ئەوەی ئیعتیراف بکەن بەوەی هەڵەیەك ڕوویداوە لەم مامەڵە کردنە لەگەڵ کێشەی کورد و واسەیری کورد بکەن وەك ئیزافەیەکی شارستانی لە یەك چوارچێوەدا جا جوگرافی بێت یان ئیسلامییەکی ڕۆشنگەر، بێگومان کۆسپ دەبێت لە ئاست ئەم کرانەوەیەی بیرکردنەوانەدا، بەڵام ئێمە بیرۆکەکە دەخەینە روو و خۆمان بە ئاستەنگەکانەوە نابەستینەوە، چونکە ئەگەر باس لە دیموکراسیەت بکەیت و خۆت بە کۆمەڵگایەکی داخراو ببەستیەوە کەواتە پشتیوانی لە دیموکراسی ناکەیت، پێویستە ئیعتیراف بە دیموکراتیەت بکەیت و هەوڵ بدەیت بۆ نەهێشتنی ئەو کۆسپانەی دێنە سەر ڕێگات.

لەسەر هەموو ڕۆشنبیرێکی عەرەب پێویستە بڵێت کورد میللەت و نەتەوەیەکە و مافی خۆیەتی دەوڵەتی سەربەخۆی هەبێت، کۆسپی سەرەکی ئەوەیە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی یەکێتی خاکی تورکیا و عێراق و سووریا و ئێران دەخاتە مەترسییەوە، من باسم لەو هاوسەنگییە کردووە لەنێوان مافی کورد بۆ بوونی دەوڵەتی خۆیان و یەکێتی ئەم وڵاتانە، مەبەستم جیابوونەوە و تێکدانی یەکێتی ئەم وڵاتانە نییە، بەڵکو با کورد دەوڵەتی خۆیان هەبێت کە کراوە بێت لەگەڵ ئەم وڵاتانە و مامەڵەیان لەگەڵدا بکات بە گیانی برایەتی و بەرژەوەندی، زۆر لە وڵاتانی ئەوروپی هەن سازش لەسەر زۆر شت دەکەن لەپێناو بەرژەوەندی گەلەکانیان، پێویستە کوردەکان کە ژمارەیان زیاتر لە ٤٠ ملیۆن کەس دەبێت شێوەیەك بۆ دەوڵەتی خۆیان دیاری بکەن لە مامەڵە کردنیان لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەی لەسەریان دابەش بوون ..

*** گەلی کورد سیستمی دیموکراسی و ژیانی پەرلەمانی و فرە ئایینی و سیاسی هەڵبژاردووە پابەندە بە ئایینی ئیسلامییەوە، جاران دەیانوت تەنیا ئیسرائیل لەو ناوچەیە دیموکراتییە، بەڵام ئێستا کوردستان ڕێچکەی دیموکراتیەت و پێکەوەژیان و ئازادی هەڵبژاردنی گرتووە، ئایا بۆ موسڵمانان باشتر نییە ئاماژە بەهەرێمی کوردستان بکەن؟**

ـ دەتوانم بڵێم کوردەکان لەبەردەم دەرفەتێکدان لەسەر ئاستی ناوخۆ و ئیقلیمی بەو مانایەی هەرچەند بوونی دیموکراسی قوڵتر ببێتەوە لەهەر کیانێکی کوردی دەبێتە نموونەیەك لە ناوچەکە و چاوی لێدەکرێت، لەلایەنی یەکەمەوە دەتوانم ئەگەری پێکەوە ژیان لەنێوان ئیسلام و دیموکراسییەت ببینم ئەمەش زۆر گرنگە، چونکە زۆر لە هێزە ئیسلامەوییەکان لە دیموکراسییەت نزیك نابنەوە و بە نەریتێکی ڕۆژئاوایی دادەنێن لە هەمان کاتتدا داوای شەریعەتی ئیسلامی دەکەن کەچی لە ڕاستیدا هەردووکیان دروستکراوی مرۆڤن، لەلایەکی دیکەوە تەوافوقی کورد لەگەڵ دیموکراتیەت وا لە ئەگەری دیموکراتیەتی کورد دەکات کاریگەری هەبێت و ببێتە نموونەیەك بۆ ئەو هێزانەی لە دەوروبەری هەن واتە پێویستە لە عێراق و تورکیا و سوریاو ئێران تەقلیدی دیموکراتیەتی کوردی بکەن، بەم پێیە کیانی کوردی بوونی خۆی دەپارێزێت بەوەی کە نموونەیەکە بۆ گەلان وەك گەلی عێراق کە دەبینین لەژێر ناوی دیموکراتیەتدا مەزهەبیەت بوونی هەیە لەڕێگای سندوقی دەنگدان و زۆرینەوە ئەمە خاڵی یەکەم، خاڵی دووەم ئەم دیموکراسیەتە زۆرینەیە کە ڕێگای بە بوونی حزبی مەزهەبی و تائیفی داوە لە عێراق وای لە دەوڵەتێکی وەك ئێران کردووە کە چارەنووسی عێراق دیاری بکات بە هەمان شێوە تورکیا و وڵاتانی کەنداویش کاریگەریی خۆیان هەیە ئەمەش کارێکی عەبەسیە و لەژێر ناوی دیموکراسییەت و فرەیی لەنێو عێراق دوای رووخانی سەدام وایکردووە کە ئەم وڵاتە سەربەخۆیی خۆی لە دەست بدات، ئێوە پێویستیتان بەوەیە کە عێراقییەکان تەقلیدی ئەزموونی کوردستان بکەن فرەیی سیاسی و ئایینی و مەزهەبی و نەتەوەیی، ئازادی، سەروەری هەبن و واتە لە دەرەوەی هەرێم نە تورکیا ونە ئەمریکا و نەئیسرائیل تۆ نەجووڵێنن، بەڵکو تەنیا لەگەڵ بەرژەوەندیەکانی گەلی کورد بجووڵێیت.

*** ژیانی سەرۆك بارزانی بە چەند قۆناغێك تێپەڕیوە سەرەتا وەك پێشمەرگەیەك لەنێو کۆڕی خەبات، دواتر سەرۆکایەتی کردنی پارتی دیموکراتی کوردستان ئێستاش سەرۆکی هەرێمی کوردستان، وەك ڕۆژنامەنووسێك چۆن ئەمە هەڵدەسەنگێنی؟**

ـ لە ساڵانی ١٩٨٥-١٩٨٦ سەرۆك بارزانیم بینیوە هەر کاتێك بهاتایە بۆ دیمەشق

## تەوافوقی کورد لەگەڵ دیموکراتیەت وا لە ئەگەری دیموکراتیەتی کورد دەکات کاریگەری هەبێت و ببێتە نموونەیەك بۆ ئەو هێزانەی لە دەوروبەری هەن واتە پێویستە لەسەر عێراق و تورکیا و سوریاو ئێران تەقلیدی دیموکراتیەتی کوردی بکەنەوە



سەردانیم دەکرد ئەوکات و ئێستاش ڕێز لەو سەرکردەیە دەگرم کە بەرژەوەندی گەلەکەی زۆر بەلاوە گرنگە.

من ناتوانم هەستی خۆم بشارمەوە ئەگەر لە روانگەی سۆزەوە بێت، من ئەوم خۆش دەوێت و ڕێزی دەگرم لەو کاتەوەی چاوم پێی دەکەوێ بەر لە ٢٧ ساڵ لە سووریا، بەڵام ئەمە یەکەمین جارە وەك سەرۆکی هەرێم دەیبینم لە هەولێر، یەك شتی زۆر نموونەیی لە کەسایەتی سەرۆك بارزانیدا هەیە کە گرنگە ئەویش (ڕەوشت)ە ئەمەش زۆر گرنگە چاوت بە کەسێك بکەوێت لەو ئاستە بەرزە بێت لەڕووی ڕەوشت وتەوازوعەوە، لە نموونەی ڕەوشت بەرزیشی ڕاستگۆیی و ئیستیقامە ئەم ڕەوشتانەش سەرەکین بۆ هەڵبژاردنی کەسێك بۆ سەرکردایەتی کردن جا خۆی دەستپێشخەر بوو بێت یان خەڵك هەڵیانبژاردبێت بۆ ئەم پۆستە، من هەمیشە

دەڵێم پێویستە سەرکردە عەرەبەکان بخرێنە بەردەم تاقیکردنەوەی دەروونی و تەندروستی و عەقڵی تاکو بتوانین بزانین چەند شیاوە بۆ ئەم کارە، کەواتە تاقیکردنەوە کارێکی سەرەکییە بۆ دیموکراتیەت بۆ ئەوەی دڵنیا بین لە رەفتاری وشیاوێتی ئەو کەسە بۆ ئەوەی حوکم بکات، ئەگەر کەسێك رەفتاری نەرم و راستگۆ و موستەقیم بێت و گرنگی بە خەڵك بدات و ئاشتەواییان لەگەڵدا بکات و ئیعتیراف بە ئازادییەکان و بەرامبەر بکات، دەمەوێ ئەوەش بڵێم کە یەکێك لە تایبەتمەندیەکانی دیموکراسیەت وگواستنەوەی دەسەڵات لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر بریتییە لە ئاشتەوایی و راشکاوی، شا حەسەنی دووەم لە مەغریب ئەم کارەی کرد، بە ڕاشکاوی قسەی لەگەڵ کردن کە هەندێك لە

**لەنموونەی رەوشت بەرزی سەرۆك بارزانی ڕاستگۆیی و ئیستیقامەیە، ئەم رەوشتانەش سەرەکین بۆ هەڵبژاردنی کەسێك بۆ سەرکردایەتی کردن، چ جای خۆی دەستپێشخەر بووبێت یان خەڵك هەڵیانبژاردبێت بۆ ئەم پۆستە**

دەسەڵاتداران تاوانیان ئەنجامداون ئینجا ئاشتەوایی کرد لەگەڵ میللەتەکەی و قەرەبووی کردنەوە، بە هەمان شێوە لە باشووری ئەفریقیا ئاشتەوایی کرا لەنێوان سپی پێست و رەش پێستەکان ئینجا قەرەبووکرانەوەو بەشداری کردنیش لە پرۆسەی سیاسیدا زیاتر بوو.

بەڵام سەرۆك بارزانی راستەوخۆ دوای راپەڕینی ١٩٩١ ئاشتەوایی ڕاگەیاند ئەمەش بناغەیەکی بۆ حاڵەتی سەقامگیری دانا لە کۆمەڵگای کوردستانیدا، مەبەستم تەنیا ئاشتەوایی نییە لەگەڵ سەرۆك تاڵەبانی، بەڵکو مەبەستم ئاشتەواییە تەنانەت لەگەڵ ئەوانەی هاوکاری رژێمی سەدامیان دەکرد، دوو ئەگەر یان دەبێ بەکوشتن و چەوسانەوە رووبەڕوویان ببیتەوە و هەندێك برین جێدەهێڵێ کە سارێژ بوونیان زەحمەتە، یان دەبێ ئاشتەوایی بکەیت و ئەگەر برینێکیش هەبێت ئەوا بە ئاسانی سارێژ دەبێتەوە ئەویش بە ئاشتەوایی کە پێشەکییەکی باشە لە هەولێرەوە دەستپێکردو بوو بە نموونەیەکی باش بۆ ناوچەکە، ئەمەش بەشێکە لە کەسایەتی سەرۆك بارزانی.

تۆ دەرفەت لەبەردەم هەموو لایەك دەکەیتەوە کە ڕێگای سەقامگیری بە ڕێزگرتن لە ڕای بەرامبەرداو بە بوونی ئەودا تێپەڕێت، بەمەش قوتابخانەیەك بۆ خەڵك دادەمەزرێنی و قەناعەتیان پێدەکەی ئیعتیراف کردن بە بەرامبەر و ڕێزگرتن لەبەرامبەر و دیموکراسی ناوونیشانە سەرەکیەکانی بونیادنانی هەر کۆمەڵگایەکن، لەجیاتی ئەوەی بیر لە کوشتن و برین و شەڕی هۆزی و خێڵەکی و تۆڵەسەندنەوە بکەیتەوە، کاتێك ئەمانە پشتگوێ دەخەی بەردی بناغەی یەکێتییەکی نیشتمانی پتەوو سەقامگیر کە دەرگا لەبەردەم ئازادی دەکاتەوە دادەنێی.

*** دوا وتەت؟**

ـ یەکەم جارە دێمە کوردستان و پەنا بەخوا سەردانی دیکەشی بەدواوە دێت و زۆریش خۆشحاڵم کە بونیادنانەوە لە هەموو لایەکەوە هەیەو لە وەرشەیەك دەچێت و ئەندازیارێکی وردبین و لێهاتوو و موحەنەك بەڕێوەی دەبات ئەویش مسعود بارزانی-یە.



# چاکسازییەکانی زانکۆ بەرەو کوێ؟



د. ئەحمەد دزەیی *

هەموو سەرچاوەکانی داهێنان و پێشکەوتن و سەرکەوتن لەهەرکارێکی دیاری کراودا تەنیا ئازادی دان و دەسەڵات پێدانە لەوکارەدا و بەبێ ئەو دوو فاکتەرەش هەر ئایدۆلۆژیاو هزرو توانست و بەهرەیەك هەبێت بە ئیفلیجی لەدایك دەبێت، بەتایبەت لەبوارە پسپۆرییەکانی وەك زانست و مەعریفەدا کەزانکۆ یەکێکە لەپێکهاتە هەرە زیندووەکانی ئەو زانست و مەعریفەیە، لەزانکۆدا هۆشیاریی و رۆشنبیریی و زانیاریی کۆمەڵگا گەشە دەکا و پێدەگات. بەدەر لە زانکۆش کۆمەڵگایەکی دوور لەشارستانیەت و پێشکەوتن دەرسکێن، کە رەنگە بەزۆر قۆناغ لەدواوەی پێشکەوتنەکانی سەردەم و دەرهاویشتەکانی بێت ..

ئەگەر سەردەمیش پێوەر بوایە بۆ هەموو پێشکەوتنێك ئەوا دەبوا بە پێی ئەو هەلومەرجەی ئەمڕۆی کوردستان و پێشکەوتنەکانی لەبوارە جیا جیاکانی ژیاندا زانکۆش لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییانەو لەگەڵ بواری سیاسیی و ئابووری و بازرگانی و چەندین بواری دیکە، لەپێشەوەی ئەو گۆڕانکارییە پۆزەتیڤانە بوایە، چونکە هەمیشە زانکۆ بەپلە یەك لەناوەندەکانی دیکەی کۆمەڵگا باڵاتر بووەو تیشکی هەرە بەتینی بەردەم پێشکەوتن لەزانکۆوە پەخشی سەر پانتاییەکانی دیکەی ژیان بوون .

ئەگەر بەدیدێکی زانستیانەوە شیکردنەوەیەکی ئەکادمییانەی ئەم هاوکێشەیە تاو توێ بکەین ئەوە دەگەینە ئەنجامێك کە تەواو پێچەوانەی ئەو هاوکێشەیەیە، چونکە تا ئێستا زانکۆ هیچ جۆرە سەربەخۆییەکی بەدەست نەهێناوە وەك پێویست بێت، بەڵکو دەسەڵاتی زانکۆ لە دەسەڵاتی قوتابخانەیەکی سانەوی زێتر نەبووە، ئەگەر بەپێی قەوارەو پێکهاتەکانی خۆی بەراوردی پێ بکەیت.

کێشەی هەرە گەورەش لەو هەلومەرجەی ئەمڕۆی زانکۆ حکومیەکانی تێدا دەژین ئەو فەلسەفە بیروکراتی و سەلەفیەیە کە بەسەر زانکۆدا زاڵە کە دەرفەتێك نارەخسێنێ بۆ دۆزینەوەی رێگا چارەیەك و ڕزگار بوون لەکێشەکانی ..دیارە کە هۆکاری بنەڕەتیش لە ون بوونی رێگا چارەسازییەکانی زانکۆ پشت نەبەستنە بەکەسانی پسپۆر و شارەزاو، لەوانەی بەپراکتیك لەناوەندی زانکۆدا خاوەن ئەزموونن و چارەسەری واقیعیانەی ئەمڕۆی زانکۆکانی کوردستانیان لایە. ئێمە پێمان وایە زۆر لەکێشەکان بەتەنیا دەرکردنی یاساو سەپاندنی فەرمان بۆ زانکۆکان مەیسەر نابن و پێکهێنانی دەستەی سینات و ئەمیندارەکان لەبری ئەنجوومەنی زانکۆ . کەئێستا باسی لێوە دەکرێت،چ لەکرۆکی پرسەکان ناگۆڕێت ئەگەر سیستەمی حوکمڕانی زانکۆ نەگۆڕدرێت و دەسەڵات پەخش نەکرێتە سەر لق و پۆپەکان و هەریەکە و لەشوێنی خۆیەوە بەپێی پێکهاتەو هەلومەرجەکانی خۆی هەڵسوکەوت لەگەڵ دەوروبەری خۆیدانەکات، خۆئەگەر ئەو دەسەڵات و ئازادییە بخرێتە قەفەز، ئەوە ئەگەر هەموو یاساو رێساکانی جیهانی بەسەردابسەپێنی، ناتوانێت لەبازنەی ئەو قەفەزەدا هەنگاو بنێت، ئەوەتا وەرن بەیاساو دەسەڵاتەکانی ساڵانی رابردووی زانکۆدا بچنەوە ئەوسا درك بەوە دەکەن کەرۆژ لەدوای رۆژ دەسەڵاتەکانی زانکۆ بەرەو تەسك بوونەوە دەچن تاوای لێهات ئەمڕۆ لە بچووکترین و تەسکترین حاڵەتەکانی خۆیدابژیت، ناکرێت ئێمە بە هیچ کلۆجێ ئەوە لەبیر خۆمان بەرینەوە کە زانکۆ چەشنی قەزاو دادگاو هەموو کۆلەگەکانی دیکەی بونیاتنانی دەوڵەتی مەدەنی و دامەزراوەیی پێویستی بە دەسەڵاتێکی رەها هەیە، تابتوانێت رۆڵی ئەکتیفانەی خۆی لەدروست بوونی کۆمەڵگادا ببینێ، بۆیە دانانی دەستەیەك و پەراوێزکردنی ئەنجومەنێك، یا دروست کردنی کۆمەڵێ کۆتو پێوەندی یاسایی، یا هەموار کردن و لابردنێك ناتوانن ببن بە ئەلتەرناتیف ئەگەرلە سەر هەمان سستەمی رابردوو کاربکەین، دەسەڵاتی ئەنجومەنی زانکۆ و سەرۆکی زانکۆ لەهەمان بازنەدا بخولێنەوە ؟ ئەگەر هاتوو سستەمەکە وەك قاڵبێکی چەسپاو لە شوێنی خۆیدا مایەوە و هەموو ئامانجەکان تەنیا گۆڕینی ناوو ناونیشان بێت . دروست کردنی ئەو سینات و ئەمینداریەتیانەی باسیان لێوە دەکرێت چ کاریگەریەکیان دەبێت ئەگەر بەهەمان دەردی ئەنجوومەنی زانکۆ و سەرۆکەکانی زانکۆ چوون، ئایا ئەو یاسایانەی دادەنرێن چ

جیاوازیەکیان دەبێ لەگەڵ ئەو یاسـایانەی پێشوو کە تۆزو گەردیان لەسەرهەڵنیشتووە، ئەگەر ئێمە کە چینی پێشکەوتووی کۆمەڵگاو نوێنەری زانست و مەعریفەین نەتوانین خۆمانبگۆڕین و خۆمان ئازادکەین و نەخشەو پلان و سیستەم و ڕێو شوێنێك بۆ کارو ئایندەیی خۆمان دانەنێین، ئەوە نازانم لەو حاڵەتەدا چۆن دەتوانین ڕێ و شوێن بۆ تویژوکەناڵەکانی دیکەی کۆمەڵگا دابنێین . خۆ زۆر لەوڵاتانی جیهان لەدەستووری یاساو تەواوی پرانسیپەکانی دیکەی دامو دەزگاکانی حکومەت بەهەردوو کەرتی حکومی و تایبەتی پشت بە زانکۆکان دەبەستن کەبەشێوازێکی زانستی و ئەکادیمی نەخشە ڕێگایان بۆ داڕێژن. ئەوان بەڕێ نیشاندەری کۆمەڵگاو ئەکتیف کردنیان دەناسرێن،ئەوان دەبن بەئەلتەرناتیف،بۆ ئەقڵیەتێکی میللی و خۆڕسکی و ڕەمەکی کە زۆرجاران شوێنەواری نەگەتیفانە بەسەر سەراپای ژیانی کۆمەڵگا دا بەجێ دێڵن. ئەی لەو کاتانەدا چۆن زانکۆ ناتوانێت چارەی دەردی خۆی بکات ؟ کێن ئەوانەی دەیانەوێ ئەقڵی زانکۆ و دەسەڵاتی زانکۆ داگیر بکەن، ئایا کەسانێك هەن شیاوتر لە شارەزاو پسپۆڕ و ئەکادیمی و زاناو دانای زانکۆ خۆیان بۆ ئەوەی شایستەی ئەوە نەبن دەسەڵاتی بەڕێوەبردنی خۆیان بدرێتێ ؟ ئایا ئەو سینات و ئەمینداران‌ەی باسیان لێوە دەکرێت و حوکم لەسەر بەڕێوەچوون و چارەنووسی زانکۆکان دەکەن کێن ؟ ئایا کەسانێکن لە دەرەوەی ئەم کۆمەڵگایە؟ ئەزموونیان لە ئەزموونی ئەنجوومەنی زانکۆکان دەوڵەمەند ترە ؟ ئەو متمانە نەدانە بە زانکۆکان سەرچاوەکەی لەکوێوە سەرهەڵدەدات ؟ هۆکارەکانی چین ؟ ئەگەر ئەوەندە نەبێت کە زانکۆکانیش نەبووبنە قوربانی بۆ زۆر پرسی لاوەکی.

ئێمە ئەمڕۆ وەك زانکۆ پێویستیمان بەوە هەیە کە سیستەمێکمان بۆ داڕێژرێت لەگەڵ هەلومەرجی ئەمڕۆکەی کۆمەڵگاکەماندا بگونجێت و واقیعبین بین لە داڕشتنی ئەو سیستەمە. بەپێی ئەو هەلومەرجە دیاری کراوەی کوردستانیش زانکۆ بەشێك بووە لەحاڵەتێکی گشتی و ئەمڕۆکە هەلومەرجێکی تایبەتی خۆی هەیەو لە قۆناغێکی ناسکدا دەژێت، دەبێ بەپێی ئەو قۆناغە هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکرێت . ناتوانین هەمان ئەو سیستەم و ئایدیایانەی لە زانکۆ ناودارەکانی جیهان پیادە دەکرێن، لەسەر زانکۆکانی خۆمانی بچەسپێنین .. چونکە ئێمە بەر لەوە دەبێ لەسەرەتایەکی دروستەوە دەست پێ بکەین . بناغەیەکی نوێ دامەزرێنین، ئەمەش پێویستی بەکات هەیە تا دەتوانین ئەزموون و سیستەمێکی ڕێکوپێك بگوازینەوە بۆ زانکۆکانی خۆمان . خۆئەگەر بشمانەوێ ئەوە دەبێ لە ئازادی دان و دەسەڵات پێدانەوە دەست پێ بکەین . چونکە زانکۆ جیهانیەکان ئەم دووفاکتەرە بە دەستپێکی کارەکانیان دادەنێن . باس لەوە دەکرێت کە ئێمە لەرێگەی دامەزراندنی دەستەی ئەمینداریەتیەکان دەتوانین مامۆستا و قوتابیان بەتێکرایی ڕاکێشینە نێو پرۆسەی خوێندنی باڵا.


بەڵام ئایا ئەو زاتانە ئێستاکە دوورن لەو پرۆسەیەو لە سەرچاوەی بڕیارەکان ؟ئێمە دەپرسین کێن ئەوانەی ئەمڕۆکە سستەمی زانستی لەناو زانکۆماندا بەڕێوە دەبەن ؟ کێن ئەوانەی لیژنەکانی خوێندنی باڵاو بەرز بوونەوەو پلە پێدان و پلەی زانستی و گۆڤارە زانستییەکان و گشت لیژنەکان بەڕێوە دەبەن و هەموو بڕیارەکان لای ئەوانە ؟ ئایا ئەوانە مامۆستاکانی زانکۆ نین ؟ بۆچی وەك پێویست دان بەمامۆستا زانکۆییەکانی ئێمە دانانرێت و زانکۆ حکومییەکان بەچاوێکی نزم سەیر بکرێت ؟ ئەی ئەو زانکۆ ئەهلیانە لەکوێ بوون کە بەدرێژایی پتر لە ٣٠ ساڵ بەهەزاران پرۆفیسۆرو زانا و مامۆستای ئەکادیمی و قوتابی کارای خستە نێو ریزی کۆمەڵگاو لە دامێنی ئەو زانکۆ حکومیانەدا بەدەیان زانکۆی دیکە لەدایك بوون . بۆ دەبێ ئەمڕۆ زانکۆیەکی ئەهلی کە ژمارەی قوتابیانی لەبەشێکی بەشەکانی زانکۆیەکی حکومی کەمتربێت بە پێشکەوتووتر تەماشابکرێت؟ وێرای ئەوەش ئایا ئەو ئازادی و دەسەڵاتەی بەو زانکۆیە دراوە، بە زانکۆ حکومییەکانیش دراوە؟ ئایا ئەو پشتگیرییەی لەوان دەکرێت لە زانکۆ حکومییەکانیش دەکرێت ؟ ئەو سیستەمەی بۆ ئەوان دانراوە بۆ زانکۆ حکومییەکانیش فەراهەم کراوە ؟ کەواتە چۆن ئەوما فە دەدەین بەخۆمان کەبەراورد لەنێوان ئەو دوو نموونە لێك جیاوازەدا بکەین ؟ ئێمە ئەمڕۆکە ئەگەر بمانەوێت خۆمان بگۆڕین، زاکۆکانمان بەرەو پێش بچن، دەبێ شۆرشێك لە خوێندنی باڵادا بەرپا بکەین، سەربەخۆیی و دەسەڵات لە حکومەت بسێنین، ئەمە بکەینە دەستپێك بۆ هەر گۆڕانکارییەکی پۆزەتیفانە لە ئایندەدا پشتگیری ماددی و مەعنەوی ئەو زانکۆیانە بکەین ئینجا ئەو هەنگاوە دروستانە، ئەو یاساو رێسایانە دابنێین و بیانکەین بە بەردی بناغە


کە سەربەخۆیی زانکۆش بۆ ئایندەش زامن دەکەن و یاسا دەبێتە فاکتەرێکی ڕێخۆشکەر بۆ پێشخستنی زانست و ڕێزگرتن لە پەیامی زانکۆیی.

*** سەرۆکی زانکۆی سەلاحەددین**

# بونیادنانی دەوڵەتی یاسا لەناو دەوڵەتدا

## سەنگافورا وەک نموونە






(کتێب هەیە فێرت دەکات چۆنماڵێك بونیاد دەنێیت، چۆن بزووێنەرێك یان ئامێرێك چاکدەکەیتەوە، چۆن کتێبێك دادەنێیت، بەڵام هەرگیز کتێبێکم نەبینووە سەبارەت بە چۆنییەتی بونیادنانی دەوڵەتێك کە رۆڵی میحوەری ئابووری خۆی وەك ناوەندێك بۆ هەنارده و هاورده لەدەست دابێت. هەرگیز مەزندەی ئەوەم نەکردبوو لەساڵی ١٩٦٥ و لەتەمەنی ٤٢ ساڵیدا ببمە سەرۆکی سەنگافورای سەربەخۆ. لەدەسپێکی سەربەخۆییدا ئاستەنگ و گرفتی زۆر گەورە هاتە رێمان، هەلی مانەوە لەبەردەمماندا وەك مەحاڵ سەیر دەکرا، سەنگافورا دەوڵەتێکی ئاسایی نەبوو، بەڵکو دەوڵەتێك بوو بەشەر دروستی کردبوو. دورگەیەکمان بۆ بەجێمابوو بەبێ زەوییە ناوخۆییەکانی، لاشەیەکمان بۆ بەجێمابوو بەبێ دڵ بوو. لەو رۆژانە رۆژنامە بیانییەکان کە هەواڵەکانی دوای سەربەخۆیی سەنگافورایان بڵاودەکردەوە هەموویان باسی چارەنووسێکی نادیاریان دەکرد، ئەوەی لەهەموو شتێك زیاتر نیگەرانی کردبووم و تووشی کەئابەی کردبووم، یەکێك لەنووسەرەکانی بەریتانیا کشانەوەی هێزەکانی بەریتانیای لەکۆلۆنیالیەکانی بە هەڵوەشانەوە و لێکترازانی ئیمپراتۆریەتی رۆمانی بەراورد کردبوو، بەڵام دوای ٣٥ ساڵ ئێستا چیرۆکی سەرکەوتنی سەنگافورا دەنووسمەوە - سەنگافورا لەجیهانی سێهەمەوە بۆ یەکەم-...)

**لی کوان یو**
**سەرۆکی پێشووی سەنگافورا**

ئەگەر دەسپێکی ئەم ڕاپۆرتە پرسیارێك بێت لەناونیشانی ڕاپۆرتەکە بەوەی بپرسین: (بۆ سەنگافورا وەك نموونە بۆ بونیادنانی دەوڵەتی یاسا لەناو دەوڵەتدا؟) لەوانەیە باشترین وەڵام بۆ ئەم پرسیارە ئەوەبێت لەگەڵ ئەوەی ئەزموونی دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا، هەموو جیهان وەك جۆرێك لەسەرسامی لێی دەڕوان، بەڵام لەناو ئەم ئەزموونەشدا بە ئەزموونی کۆریای باشوور و ژاپۆن و تایوان و تارادەیەك هۆنگ کۆنگیشەوە، ئەزموونی بونیادنانەوەی دەوڵەتی سەنگافورا جیاوازی هەیە، دەکرێت بڵێین لەنێو ئەزموونە سەرکەوتووەکانی ڕۆژهەڵاتی ئاسیادا، سەنگافورا لەڕیزی پێشەوەیەو یەکەمی نێوان ئەزموونە سەرکەوتووەکانی ڕۆژهەڵاتی ئاسیایە، ئەگەر پرسیاری دیکە ئەوە بێت ئایا ئەزموونی سەنگافورا نموونەی ئەزموونێکی دیموکراتیە لەوڵاتانی جیهانی سێهەمدا؟ لەوەڵامی ئەمەشدا دەڵێین نەخێر ئەزموونی سەنگافورا ئەزموونێکی دیموکراتی نییە، بەڵکو ئەزموونی بونیادی دەوڵەتی یاسایە، بەڵام دەوڵەتێك نەك بە لاساییکردنەوەی مۆدێلی دەوڵەتی لیبرالیزمی ڕۆژئاوا، بەڵکو دەوڵەتێك کە دەربڕی ئیرادەی گەلی سەنگافورا و سەرۆکەکەی لی کوان یو بووە، هنری کیسنجەر کە پێشەکی بۆ کتێبی (سەنگافورا لەجیهانی سێهەمەوە بۆ یەکەم) نووسیوە، لەپەراگرافێکدا بەمجۆرە باسی مۆدێلی بونیادنانەوەی دەوڵەتی سەنگافورا لەسەر دەستی لی کوان یو دەکات و دەڵێت: (لی کوان یو داوای لەئێمە نەکردووە شێوازی (ڕۆژئاوایی) خۆمان بگۆڕین، بەڵکو خۆی لەوە دوور خستۆتەوە ئەو شێوازەی ڕۆژئاوا بەسەر کۆمەڵگەیەکدا فەرز بکات کە لەڕووی مێژوویی و پێداویستیەکانەوە لەکۆمەڵگەکانی ڕۆژئاوا جیاوازە)، ئەمە مانای ئەوەیە لی کوان یو، لەواقیعی سەنگافوراوە دوای ڕاگەیاندنی دەوڵەتی سەنگافورا هەنگاوی بۆ دەوڵەتی یاسا هەڵگرتووە، پرسیاری دیکە لێرەدا ئەوەیە ئایا ئامانجی ئەم ڕاپۆرتە بۆ ئەوەیە هەمان شێوازی سەنگافورا بۆ هەرێمی کوردستان لاسایی بکەینەوە؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارەشدا دەڵێین، لی کوان یو لەساڵی ٢٠٠٨ کاتێك سەردانی عەرەبستانی سعودیەی کرد و لەوتەیەکیدا کە لەمونتەدای کێبرکێی جیهانیدا لەسعودیە پێشکەشی کرد، وەڵامی ئەو پرسیارەی بەو جۆرە دایەوە، ئەگەر ئەو هاووڵاتیەکی سعودییە بوایە بەشێوازێکی دیکە ئەو وڵاتەی بونیاد دەنایەوە، لی کوان یو لەساڵی ٢٠٠٨ وتی: (ئەگەر لەسعودیە لەدایك بوومایە، ئەو پرسیارەم لەخۆم دەکرد، ئایا چ شتێك بایەخی وڵاتەکەم بەنیسبەت دەوڵەتانی جیهانەوە زیاد دەکات؟ بێگومان وەڵامی من ئەوە دەبوو، ئەوەی وڵاتەکەم جوان دەکات حوشتر و بیابانەکەم نییە، بەڵکو پەترۆڵەکەمە، ئەم سەرچاوە دەگمەنە، پرسیارێکی دیکە بەدوای خۆیدا دێنێت، ئایا چۆن بتوانین بەهای ئەم پیترۆڵە لەگەڵ دەگمەنییەکەی لەداهاتوو بگونجێنین؟ لێرەدا مەبەستم ئەوەیە سوود وەرگرتن لەپەترۆڵ، تەنیا ئەوەنییە وەك سەرچاوەی وزە بەکاربهێنرێت، بەڵکو دەکرێت لەچەندین پیشەسازی دیکە پشت بە نەوت ببەستیت وەك پیشەسازی پلاستیك و گواستنەوە و چەندین پیشەسازی دیکە، بۆیە ئەو پێشنیارە دەخەمە بەردەمی لاوەکان و پێیان دەڵێم، دەمەوێت ئەو پیشەسازیانە دەست پێبکەن کە بوار بە هاووڵاتیان بدا وەبەرهێنانی تێدا بکەن، بێگومان دەبێت ئێوە بنێرینە وڵاتانی پێشکەوتوو، پاشان کە گەڕانەوە کاری پیشەسازی و بانکی ئیسلامی تازە لەوڵاتاندا بونیاد بنێن، ئەوەی گرنگە ئەوەیە فێربن چۆن یەدەگی پیترۆلیتان وەبەرهێنانی تێدا دەکەن و چۆن ئیدارەی داهاتەکانتان دەکەن بۆ ئەوەی گەورەترین سوودی لێوەربگرن. ئێوە وەك خەڵکی سعودیە، بۆ پەرەپێدانی خوێندن لەخوێندنی ئاینییەوە بۆ خوێندنی زانستی، ئاستەنگ نایەتە ڕێتان، ئەمەش دەتانباتە قۆناغێکی پێشکەوتووتری پەرەپێدان، بەنیسبەتی ئێوەوە جیهانی کۆن بریتی بووە لەجوانی و دەوارنشینی، بەڵام ئێستا کۆمەڵێك ڕێگەتان لەبەردەمدایە بۆ ئەوەی شێوازی ژیانی خۆتان پەرەپێبدەن، ئێستا هەلێك لەبەردەمتان هەڵکەوتووە بۆ ئەوەی بپرسن چۆن پەرە بە ژیان و ئابووری خۆتان دەدەن بۆ ئەوەی دوای ئەوەی زەمەنی نەوتیش بەسەر دەچێت لەژیانێکی بەرزی خۆش گوزەرانیدا بژین. لەو پەندە چینی-یە ئەوە فێربووین کە دەڵێت ساڵێك پێویستە بۆ ئەوەی تۆوی گەنم پێبگات، بەڵام ١٠ ساڵ پێویستە بۆ ئەوەی دەرەختێك پێبگات، سەد ساڵ پێویستە بۆ ئەوەی مرۆڤ پێبگات، ئێمە کارمانکرد بۆ بەرهەمهێنانی کۆمەڵگەیەکی سەقامگیر و ئاسایش، جەختمانکردۆتەوە سەر ڕۆشنبیری و هونەر، توانیومانە کەسانێك بەرهەم بهێنین کە بتوانن پێگەو ئەرکی خۆیان دەستنیشان بکەن و بڕوایان بەوە هەیە کە ژیان شایستەی ئەوەیە لەپێناو خۆمان و نەوەکانی داهاتوودا زەحمەتی پێوە بکێشین. لە٪٩٨ی خەڵك کە ڕوودەکەنە قوتابخانە بۆ ئەوەیە دوای تەواوکردنی خوێندن بچنە کەرتێکی دیاریکراو تا کاربکەن، دەبێت سیستەمی خوێندن ئەو بوارەیان بۆ بڕەخسێنێت، هەروەها دەبێت دەوڵەت بڕیاری چۆنییەتی ئەو تاکانە بدات کە دەیەوێت بەرهەمهیان بهێنێت، هەربۆ نموونە ئێمە لەیەکێك لەقۆناغەکاندا بڕیارماندا ئەندازیار بەرهەم بهێنین بۆ ئەوەی بە کاروانی پیشەسازی ڕابگەین، بەڵام ئێستا هەن کە چاویان لەسەر کارگێڕی و تەکنیکیە، لەبەر ئەوەی بواری ئەوەی هەیە پێشبکەون، نهێنی سیستەمی خوێندنمان لەسەر ئەو بنەمایە کە دەڵێت: فزوڵی منداڵ سەرکوت مەکە، دەنگیان کپ مەکە، ئازادییان بدەنێ



وۆڵ مێچێل بۆ گوڵان:

**بۆ ئەوەی پرۆسەی پەرەپێدان سەرکەتوو بێت، هەموو وڵاتێك پێویستی بەوە هەیە بایەخ بە پەروەردە و چاودێری تەندروستی و بزنسی لۆکاڵ بدات**

بۆ ئەوەی رای خۆیان دەربڕن)).

ئەگەر سەیر بکەین لی کوان یو لەواقیعی سـعودیە و ئـەو ئیمکانییەتە سروشـتی و مرۆییەی لەسـعودیە هەیە، سـەیری چۆنییەتـی بونیادنانی دەوڵەتی یاسـا و پەرەپێدان دەکاتـەوە، ئەوەی لەو مونتەدایە بە سـعودییەکانی ڕاگەیاند هەمان شێواز یان هەمان مۆدیلی پیادەکراوی سەنگافورا نەبوو، بەڵکو هەنگاو هەڵگرتن بوو لەسەر ئەو بنەمایەی مرۆڤ لەکۆمەڵگە گەورەترین سەرمایەیە و دەبێت گەورەترین وەبەرهێنانی تێدا بکرێـت، بـۆ ئـەوەی گەورەترین گەشەکردن لەپەرەپێدانی توانای مرۆڤەکاندا بەرهەم بێت، لەم چوارچێوەیەدا بۆ وڵاتێکی وەك سـەنگافورا لەساڵی ١٩٦٥دا کە لی کـوان یو خۆی ناوی لێنـاوە (دورگەیەك خاوەنی زەوییەکانی نەبووین. لاشەیەك بوو دڵـی نەبوو). بەدوای ئەوەدا دەگەڕا چۆن لەناو ئەم دەوڵەتە کە هیچ خاڵێکی بەهێزی دەوڵەتی تێدا نییە، دەوڵەتی یاسـا بونیاد بنێت، لی کوان یو دەڵێت (هەرگیز کتێبێکم بەرچـاو نەکەوت هەتا فێـرم بکات چۆن دەوڵەتێك بونیاد دەنرێت، کە دانیشتوانەکەی هەمـووی کۆچکـردووی چینـی بن و هەموو رۆڵێکی ئابووری لەدەست دابێت)، بۆیـە لەبێئومێـد بوونی لـەوەی هیچ سـەرچاوەیەکی مەعریفی نییە لەم ئەرکە سـەختە هـاوکاری بـکات، بۆیە خۆی دەستی کرد بە بەرهەمهێنانی مەعریفە وەك لەپێناسەشی بۆ مەعریفە دەڵێت: (مەعریفە پیـرۆزە، ئەوەی فێری بوویـن ئەوەیە هەر منداڵێك لەشـێوەی خۆیدا بیۆێنەیە، بۆیە پێویستە لەسـەرمان کە ئازادی ئەوەی بۆ دابیـن بکەین کە چۆن نەخشـەی ژیانی خۆی هەڵبژێرێت، بۆ داهێنەران شـوێنمان دروسـت کردووە لەبەر ئـەوەی لەهەموو بوارەکانی هونەری زانسـتی پێویسـتمان بەبیـری داهێنەرانەیە، هەروەها پێویسـتە فرەیی بۆ دانیشتووان و ئارەزووەکانیان دابین بکەین)، کەواتە لی کوان یو، پێمان دەڵێت، دەبێت لەواقیـع و ئیمکانییەتی وڵاتەکەی خۆتەوە بیر بکەیتەوە بۆ بەرهەمهێنانی ئەو مەعریفەیەی بۆ بونیادی دەوڵەتی یاسـا پێویسـتە، ئەم بیرکردنەوەیە لی کوان یوی فێرکـرد، جیاوازیـی و تایبەتمەندیەکانی سـەنگافورا تێکـەڵاوی ئەزموونـە سـەرکەوتووەکانی رۆژهەڵاتـی ئاسـیا و تەنانەت رۆژئاوا نەکات، لەمبارەوە لی کوان یو کاتێك باسـی هۆنگ کۆنگ دەکات، دەڵێت مـن نەمدەتوانی ئەزموونی هۆنگ کۆنگ لەسـەنگافورا دووبـارە بکەمەوە، لەبەر ئـەوەی ئەزموونی ئیداری هۆنگ کۆنك، ئەزموونێکی کۆپیکراوی بەریتانی بوو پشت بەستوو بوو بە وەرگرتنی باجێکی گەورە، وەرگرتنی ئەم باجە بۆ حکومەتی هۆنگ کۆنگ مەترسـی نەبـوو، لەبەر ئەوەی هەر ٥ سـاڵ جارێـك رووبەڕووی سـندوقەکانی دەنگدان نەدەبووەوە، هەروەها ئاماژە بـەوە دەکات کە ئـەو نەیدەتوانی شـێوازی دەوڵەتانی ئەسکەندەناڤیش پێوەر بکات و سیستمی سۆشـیال پیادە بکات، لەبەر ئەوەی وڵاتەکەی دەبووە تەمەڵخانە، بۆیە وەك خۆی ئاماژەی پێکردووە دەڵێت: (ئێمـە بڕوامان بە سۆشیالیسـتی هەبوو، هەروەها بڕواشمان بەمافی هەمووان هەبوو بەوەی دەبێت پشکێکی یەکسانی لەداهاتی وڵاتی بـەر بکەوێت، بـەڵام دواتر بۆمان دەرکەوت بایەخدان بە خود هاندانی تاکەکان، مەسەلەیەکی پێویستە بۆ کارێکی ژیارییە بۆ ئابوورییەکی بەرهەم هێن، هەروەها بۆمان دەرکـەوت ئەگەر ئێمە بـازاڕ بەجێبهێڵین تەنیا بۆ ئازادی بازاڕ و هەڵسـەنگاندنی



زینی سارابیا پانۆڵ بۆ گوڵان:

**بوونی سەرکردایەتیەکی سیاسی پێشکەوتنخواز و وەبەرهێنان لەتوانای مرۆڤ بووەهۆی ئەوەی سەنگافورا لەوڵاتێکی جیهانی سێهەمەوە ببێتە یەکێك لەوڵاتانی جیهانی یەک**

ئەدا و دیاریکردنی داهات، ئەوە پێکهاتەی کۆمەڵایەتیمان دەگۆڕێت، بۆ ژمارەیەکی کـەم لەوانـەی قازانجێکـی زۆر دەکەن، ژمارەیەك لەوانەی قازانجێکی مامناوەندی دەکـەن، ژمارەیەکـی هێجـگار زۆری خەڵکیش کـە زەرەر دەکەن، ئەمەش دەبووە هۆکار لەئاکامی هەست کردنی کۆمەڵگە بەنەبوونـی داد پەروەریـی، نیگەرانی و دڵەراوکێـی کۆمەڵایەتی دروسـت بێت. هەر بۆیە بیرکردنەوەی کەسـی من (وەك سەرۆکی دەوڵەت)بەپلەی یەکەم بەو شێوەیە بوو، کە هەر هاووڵاتییەك بەشێك لەنیشتمان و بەشێك لەئاییندەی ئەو وڵاتەی پێبدرێت، دەمەویسـت کۆمەڵگەیـەك بەرهەم بێت هەموو تاکێك خاوەنی یەکەی نیشـتەجێی خۆی بێـت. هەربۆیـە هەوڵماندا جۆرێك لەهاوسـەنگی بەرێگەی دابەشکردنەوەی دووبارە دابەشکردنەوەی داهاتی نیشتمانی دروسـت بکەینـەوە. بۆیە هەسـتاین بە دابینکردنـی پشـتگیری حکومەتی بۆ کەرتی پەروەردە، نیشتەجێکردن، تەندروستی گشتی).

### ئەزموونی سەنگافورا و بونیادی دامەزراوەکانی دەوڵەتی یاسا لەهەرێمی کوردستاندا؟

ئەو کاتەی بەڕێز مسـعود بارزانی وەك سـەرۆکی بەرەی کوردسـتانی لەبەهاری ١٩٩١ لەکۆیـەوە بـە هاووڵاتیانـی کوردسـتانی ڕاگەیاند (ئێمـە وەك بەرەی کوردسـتانی ئامانجمان ئەوەیـە دەوڵەتی قانوون بونیاد بنێین) ئەو کاتە دروشـمی بەرەی کوردسـتانی ئۆتۆنۆمـی بوو بۆ کوردسـتان، نەك فیدرالیش، ئەمەش چۆن لەسـاڵی ١٩٥٩ -١٩٦٥ لـی کـوان یو سـەرۆکی حکومەتی هەرێمی سەنگافورا بووە وەك بەشێك لەمالیزیا، چۆن ئەو کاتە هەنگاوی هەڵگرتووە، بەهەمان شێوە دوای ساڵی ١٩٦٥ و سـەربەخۆیی سەنگافورا هەنگاوەکانی خۆی تەواو کردووە، بۆیە لەم دووروەوە هەرێمی کوردسـتان و سەنگافورا تارادەیەکی زۆر لەیەکتری دەچن. ئەگەر لێرەوە ئەو پرسـیارە بکەین ئایا سـوودی ئەزموونی سەنگافورا بۆ ئێمە وەك هەرێمی کوردسـتان چییە؟ ئایا مەبەستمان ئەوەیە هەمان ئەزموون کۆپی بکەینەوە؟ بێگومان بـۆ وەڵامی پرسـیاری یەکـەم دەتوانین ئاماژە بەوە بکەین بەڵێ دەتوانین سـوودی




لێوەربگرین، بەڵام بۆ کۆپیکردنەوە نەك هەر سوودی لێوەرناگرین، بەڵکو زیانمان پێدەگەیەنێت، هەروەك چۆن پرۆفیسۆر لاری دایمۆند ڕەخنە لەسیاسەتی ئەمریکا بۆ عێراقی دوای سەدام حوسێن دەگرێت و ڕاشکاوانە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە شکستی سیاسەتی ئەمریکا دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس لەعێراقدا ئەوەبوو، کە ویستی هەمان ئەزموونی ژاپۆنی دوای جەنگی جیهانی لەعێراق دووبارە بکاتەوە، کەواتە لێرەوە دەکرێت ڕاشکاوانە ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە میتۆدی ئەم ڕاپۆرتە هەرگیز لەگەڵ کۆپیکردنەوە یان لاساییکردنەوەی هیچ ئەزموونێك نییە، بەڵکو لەگەڵ ڕەهەندە سەرەکییەکانی چۆنییەتی بونیادنانی دەوڵەتی یاسایە، بەوەی ئەو ڕەهەندە سەرەکیانە لەگەڵ واقیعی کوردستان تیکەڵبکرێن و کتێبێکی تازەی بونیادنانی دەوڵەتی یاسای تایبەت بەهەرێمی کوردستانی لێ بنووسرێتەوە، لەم چوارچێوەیەدا ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو کە بەڕێز مسعود بارزانی ئەوکات سەرۆکی بەرەی کوردستانی بووە، هەموو کات دووخاڵی گرنگی لەبەرچاو گرتووە کە بریتی بوون لە:

١- وڵاتی ئێمە وڵاتێکی هەژار نییە، بەڵام ئەم وڵاتە دەوڵەمەندە کاولکراوە و پێویستمان بەوەیە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هاریکاریمان بکات هەتا ژێرخانی وڵات ڕێکدەخەینەوە.

٢- گەلی کوردستان گەلێکی چالاك و داهێنەرە و ئەگەر تواناکانی پەرەی پێبدرێت و بەئاستی خۆی لەگەڵ ئەو سەرچاوانەی هەرێمی کوردستان هەڵبسوڕێنرێت، ئەوا مەزندەی هەموو داهێنانێکی لێدەکرێت.

بەڕێز مسعود بارزانی لەسەرەتای نەوەدەکان و دوای ڕاپەڕینە شکۆدارەکەی بەهاری ١٩٩١ و دواتریش دەرچوونی بڕیاری ٦٨٨ بۆ دروستکردنی نەوای ئارام، وەك لەدیمانەکەیدا لەگۆڤاری هارفارد ئینتەر ناشناڵ ڕیڤیو ئاماژەی پێکردووە:

(گەڕانەوەی هیوا: سوود وەرگرتن لەدەستتێوەردانی مرۆیی- Hope Restored: Benefits of Humanitarian Intervention)، ئەم ئاماژەیە پێمان دەڵێت، بەڕێز مسعود بارزانی بە دروستکردنی نەوای ئارام و دەرچوونی بڕیاری ٦٨٨ بە گەڕانەوەی هیوایەك دەزانێت بۆ ئەوەی سوود لەو دەستتێوەردانە مرۆییە وەربگرێت کە بۆ یەکەمجار لەمێژووی مرۆڤایەتیدا لەکوردستانەوە دەستی پێکرد، بۆ بونیادی دەوڵەتی قانون لەهەرێمی کوردستان، هەنگاوی یەکەمی دەوڵەتی قانوونەکەی بارزانی لەکوردستان بە پێشنیارەکەی بوو بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردن لەهەرێمی کوردستان بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە ئیدارییەی لەئاکامی کشانەوەی ئیداراتی ڕژێمی پێشووی عێراق لەکوردستان دروست ببوو، لێرەوە ئەگەر دیسان بەراوردێك لەنێوان هەرێمی کوردستانی هاوینی ١٩٩١ لەگەڵ سەنگافورای ساڵی ١٩٦٥ بکەین، کە هێزەکانی بەریتانیا لەو وڵاتانە کشانەوە، دەبینین هەمان ئەو تێڕاونینانەی لەسەر سەنگافورا هەبوون، بەهەمان شێوە، بەڵام جیاواز لەڕووی قۆناغە مێژووییەکەوە لەهەرێمی کوردستاندا هەبووە، هیچ کەسێك مەزندەی ئەوەی نەکردووە، هەرێمی کوردستان دوای کشانەوەی ئیداراتی ڕژێمی پێشووی عێراق بگاتە ئەو هەرێمی کوردستانەی ئێستا هەیە بەهەموو ئەو کەموکورتیانەشیەوە کە هەیەتی و خۆمان پێش خەڵکی دیکە لێی ڕازی نین و هەموو هەوڵەکان بۆ ئەوەیە ئەو کەموکورتیانە نەهێڵرێن، بۆ بارودۆخی ئێستاش کە بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستانە و هەموو هەوڵەکانی بۆ ئەوەیە ئاسایش و سەقامگیری لەکوردستان لەسەر ئاستی سیاسیی و حکومڕانی و کۆمەڵایەتی بپارێزێت و فرەیی سیاسیی و نەتەوەیی و ئایینی بۆ هەموو لایەك فەراهەم بکرێت و حزبەکانی کوردستان بە دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆنەوە بە ڕێگەی وتوویژ و دیالۆگ کێشەکانیان چارەسەر بکەن و پێکەوە هاریکاری یەکتری بکەن بۆ سەرخستنی پرۆسەی چاکسازی، هەموو ئەمانەش ڕاستەوخۆ بەڕێگەی هەوڵەکانی



سەرۆك بارزانی هەنگاوی بۆ هەڵگیراوە بۆ ئەوەی کۆمەڵگەیەکی خۆشگوزەران بێتە ئاراوە، ئەمەش جارێکی دیکە بە(گەڕانەوەی هیوا)یەکی دیکە لەقەڵەم دەدرێت بۆ ئەوەی سوود لەو بارودۆخەی ئێستای ناوخۆی کوردستان و جیهان وەربگیرێت و هەنگاوەکان بۆ بونیادی دەوڵەتی یاسا تەواو بکرێن.

## سەنگافورا لەجیهانی سێهەمەوە بۆ یەکەم

لەساڵی ١٩٩٧ کاتێك ئەزموونی پڵنگەکانی ئاسیا ڕووبەڕووی تەنگژەی ئابووری بوونەوە، ئەم تەنگژەیە سەنگافورای نەگرتەوە، بۆیە جارێکی دیکە ئەزموونی سەنگافورا سەلماندیەوە، ئەزموونێکی جیاوازە و هۆکاری تێکەڵاو نەبوونیشی بەو تەنگژەیە دیسان دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەزموونی سەنگافورا ئەزموونێکی تایبەتییە و لەسەر بنەمای تایبەتمەندییەکانی وڵاتەکە بونیاد نراوە، سەبارەت بەم لایەن و بۆ ئەم ڕاپۆرتە پرسیارمان لەپرۆفیسۆر وۆڵ مێچێل ئوستادی کارگێڕی نێودەوڵەتی لەزانکۆی دۆك (Duke) و تایبەتمەند لەبواری ستراتیژیەتی بەڕێوەبردنی بزنس کرد، هەر لەم بوارەشدا هەتا ساڵی ٢٠٠٨ ئوستادی سیاسەتی بزنس بووە لەزانکۆی نیشتمانی سەنگافورا، سەبارەت بە نهێنی سەرکەوتنی ئەزموونی سەنگافورا بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن: (پێش هەموو شتێك دەمەوێت بڵێم ئەزموونی سەنگافورا وەك ئەزموونی بونیادنانی دەوڵەتی یاسا کارێکی ئاسان نییە، بەڵام لەهەمان کاتیشدا مەحاڵیش نییە، وەك دەبینین زۆربەی وڵاتان هەوڵیانداوە لەبواری بونیادی دەوڵەتی یاسا سەرکەوتوو بن، بەڵام ئاکامەکان پێمان دەڵێت: تەنیا ژمارەیەکیان سەرکەوتوو بوون. بەڕای من سەرکەوتنی ئەم پرۆسەیە چوار فاکتەری سەرەکی لەخۆدەگرێت:

یەکەم: چالاکییە سەرەکییەکانی دەوڵەت.

دووەم: ژینگەی دامەزراوەیی.

سێیەم: وەبەرهێنانی نێودەوڵەتی بۆ پاڵپشتیکردن لەچالاکییە لۆکاڵەکان.


چوارەم: بریتییە لەتێکەڵەی چالاکیی سیاسی و چالاکیی بزنس.

کەواتە فاکتەرە سەرەکییەکان بریتین لە: ژێرخانەکان و وەبەرهێنانی نیشتمانی و چالاکییەکانی سیاسی و بزنس. ئەمانە فاکتەرە سەرەکییەکان بوون. هەروەها وڵاتان پێویستییان بە وەبەرهێنان هەیە لەسێ بوار کە بریتین لە: ١- پەروەردە ٢- چاودێریی تەندروستی ٣- بازرگانی و وەبەرهێنان لەسەر ئاستی لۆکاڵی.

هەربۆیە لەپێناوی وەدیهێنانی کۆمەڵگەیەکی بەهێز و ئابوورییەکی لۆکاڵی بەهێز، پێویستە ژێرخانێکی بەهێزیش لەبواری پەروەردەیی بوونی هەبێت، بۆئەوەی هاووڵاتیان هۆشیار و تێگەیشتووبن و خاوەن توانا و لێهاتوویی بن و بتوانن کاربکەن. دواتر پێویستە چاودێرییەکی تەندروستیی بەهێز بوونی هەبێت، بۆئەوەی تەندروستیان باش بێت و بتوانن کارەکانیان ئەنجام بدەن. هەروەها پێویستە ژێرخانێکی پتەویش بوونی هەبێ بۆ ئەوەی ئابوورییەکی لۆکالی بەهێز بوونی هەبێت، لێرەدا پێنج لایەن هەن کە ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن لەبارەی پەرەپێدانی بزنسی لۆکاڵ، زۆربەی وڵاتان ئەم پێنج لایەنەیان بەشێوەیەکی هاوسەنگ نییە، بەڵام چەند لەم پێنج لایەنە نزیك بن ئەوەندە باشترە، لێرەشدا چەند نموونەیەك هەیە لەم بارەیەوە کە ئەم پێنج لایەنەیان بەهێزە: وەکو ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و نیوزلەندا و هۆنك کۆنگ و شاهانەی یەکگرتوو. ئەو پێنج فاکتەرانەش بریتین لە: نەبوونی گەندەڵی، بزنسی شەففاف، هەبوونی سەرمایە، هەبوونی سیستەمێکی یاسایی متمانەپێکراو، پێنجەم: ڕۆڵێکی نەرمونیانی کرێکاران، ئەویش لەپێناو توانست بۆ بەکرێگرتنی هاووڵاتیان و گواستنەوەیان لەکاتی پێویست.))

لەسەر ئەم بنەمایە و خوێندنەوەی ئەزموونی سەنگافورا وەك ئەزموونێکی سەرکەتوو، پرۆفیسۆر مێچێل لەدرێژەی لێدواکەیدا بۆ گوڵان وتی: (ئەگەر لەدوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە سەیرێکی ئەزموونە سەرکەوتووەکان بکەین، دەبینین

ژمارەیەك مۆدێل هەیـــە. یەكەمین وڵات لەو وڵاتانـــەی كە پەرەپێدانـــی بەخۆیەوە بینـــی «ژاپۆن» بوو. «ژاپـــۆن» خاوەن دیموكراســـییەتێكی ســـەركەوتووە، بەڵام لەهەمان كاتیشـــدا بەدرێژایی ئەو هەموو ساڵانە یەك پارتی سیاســـی حوكمڕانیی كردووە. پاش «ژاپـــۆن» چەند وڵاتێكی تـــر هەیە: كۆریا و تایوان و هۆنك كۆنگ و ســـەنگافورا، پێكهاتـــەی سیاســـیی و سیستەمی سیاسیی ئەم وڵاتانەدا لەیەكتری جیاوازییان هەیە، بەڵام لەهەمان كاتیشـــدا چەند خاڵێكـــی هاوبەش لەنێوانیاندا هەیە، ژاپۆن و كۆریا و تایوان و هۆنك كۆنگ و سەنگافورا، كە خاڵە لێكچوونەكانیان بریتین لە: (تاڕاددەیەكی بەرز ئاســـتی گەندەڵی نزمە، حوكمڕانییەكی روون و شـــەففاف، هەبوونی سەرمایە، سیستەمێكی یاسایی ســـەقامگیر، لەگەڵ نەرمونیانی لەبواری كاركردن.) راستە لەهەندێك لەحاڵەتەكاندا ئاستی ئەم پێنج لایەنە كەمە و لەهەندێكی تریان زۆرترە، بەڵام هاوســـەنگییەك هەیە لەنێوانی پێنج فاكتەرەكان لەو پێنج وڵاتانە. بۆیە، بەڕای من ئەو شـــتەی كە پێویستە لـــەم پێنج كەیســـەدا فێری بیـــن بریتییە لەپێویســـتیی پاڵپشـــتیكردن لەپەرەپێدانی ئابووری و گەشـــەپێدانی كۆمەڵایەتی و هەڵكشـــانی ئابووری، لەگەڵ وەدیهێنانی فرەیـــی لەسیســـتەمی سیاســـی، ئەگەر بۆنموونە ســـەیری وڵاتی «سەنگافورا» بكەیـــن، دەبینیـــن هـــەر لەدامەزراندنی دەوڵەتەكە لەســـاڵی ١٩٦٥ـەوە یەك پارتی سیاسی حوكمڕانیی وڵاتەكە دەكات، دەبینین وڵاتی ســـەنگافورا خاوەن حكومەتێكە كە پشتگیریی لەبزنسی ســـەربەخۆ دەكات و یاسا دەردەچووێنێت بۆ هەڵكشانی بزنسی ســـەربەخۆ، لەلایەكی ترەوە ئەم سیستەمە سیاســـییە ژێرخانەكانی رەخســـاندووە بۆ پەرەپێدانی بزنـــس، بۆنموونە پێوەندییەكان و فڕۆكەخانەكان كە مایەی گەشـــەپێدانی بزنس و ئابوورییە لەوڵات. كەواتە، وڵاتی «ســـەنگافورا» خاوەن یـــەك حكومەتە، وڵاتی «تایوان» پێشـــتر بۆ چەندین ساڵ حوكمڕانی دەكرا لەلایەن یەك پارتی سیاسی «كۆمیتانـــگ»، دواتر گۆڕا و بۆماوەی ١٥ — ٢٠ ساڵی رابردوودا حوكمڕانی كرا جارێك لەلایەن «دی پی پی» و جارێكی تـــر لەلایـــەن «كۆمیتانـــگ». وڵاتی



ئیدوارد فریدمان بۆ گوڵان:

## داهاتی تاكەكەسی لەسەنگافورا لەداهاتی تاكەكەسی زۆرێک لەوڵاتانی ئەورووپا زیاترە و فەرمانبەرانی حكومیش بەرزترین مووچەیان لەجیهاندا هەیە

«كۆریـــا»ش بەم دواییانـــەدا تاڕاددەیەك لەلایەن حكومەتێكی ســـەقامگیر و بەهێز حوكمڕانـــی دەكرێـــت. «هۆنك كۆنگ» خاوەن حكومەتێكـــی ناوخۆیی تاڕاددەیەك بەهێزە. هەروەهـــا «ژاپۆن»یش كە خاوەن حوكمڕانییەكـــی بەهێـــزە. هەربۆیە، لێرەدا ئەوەمـــان بـــۆ دەردەكەوێـــت كـــە دەكرێ وڵاتان خاوەن سیســـتەمێكی فرەحزبی بن، بەڵام گرنگترین شـــت ئەوەیـــە وڵاتان لەو پێنج رەهەنـــدە نزیك بن بۆئـــەوەی بتوانن بنەمایەكـــی بەهێز بونیـــاد بنێن بۆ كاری بزنس لەوڵاتەكانیان، وێـــڕای وەدیهێنانی پەرەپێدانـــی كۆمەڵایەتی و هەڵكشـــانی ئابووری. لێرەوە ئەگەر بگەڕێینەوە ســـەر ســـەنگافورا، ئەوا دەتوانیـــن بڵێین وڵاتی «ســـەنگافورا» نموونەیەكە لەسەر وڵاتێك كە پێشـــتر ناوەنـــدی بازرگانیی هەرێمی بـــوو و ئەمڕۆ بۆتە ناوەنـــدی بازرگانیی نێودەوڵەتـــی، هـــەر یـــەك لە»ژاپۆن» و «تایوان» و «هۆنـــك كۆنگ» نموونەن لەسەر ئەم شـــتە. لەبەرئەوەی ئەم وڵاتانە خاوەن ســـامانی سروشـــتی نین، هەربۆیە پێویســـتە لەســـەریان هاوشـــان بـــڕۆن و

خۆیـــان بگونجێنن لەگـــەڵ گۆڕانكارییە جیهانگیرییـــەكان، ئەویش لەڕێگەی بوون بـــە ناوەندێكی بازرگانیی هەرێمی و دواتر پێشكەوتن و بوون بە ناوەندێكی بازرگانیی نێودەوڵەتی. ئەم وڵاتانە توانیان ئەم مەبەستە وەدیبێنن لەڕێگـــەی پەرەپێدانی پەروەردە، لەبەرئەوەی بەبێ هەبوونی سیســـتەمێكی پەروەردەیی بەهێز هیـــچ وڵاتێك ناتوانێت ببێت بە ناوەندێكـــی بازرگانیی جیهانی، هەروەهـــا وەدیهێنراوە لەڕێگەی پەرەپێدانی چاودێریی تەندروســـتی، لەبەرئەوەی بەبێ هەبوونی سیستەمێكی تەندروستیی بەهێز و بەبێ هەبوونی هاووڵاتیانێكی تەندروست هیچ وڵاتێـــك ناتوانێت ببێت بە ناوەندێكی بازرگانی. هەروەها ئەم مەبەستە وەدیهێنراوە لەڕێگەی پەرەپێدان لەبواری بزنسی لۆكاڵ، لەبەرئەوەی هەموو وڵاتێك پێویســـتیی بە بنەمایەكی بازرگانیی لۆكاڵی بەهێز هەیە بۆئـــەوەی بتوانێت هاوشـــان بێت لەگەڵ بازرگانیی نێودەوڵەتی، هەر یەك لەوڵاتانی «ژاپـــۆن» و «تایـــوان» و «كۆریا» و «هۆنـــك كۆنـــگ» و «ســـەنگافورا» نموونـــەن لەم بارەیـــەوە، بـــەڵام لەهەمان كاتیشـــدا چەندین لەوڵاتانی تر هەین كە خاوەن ســـامانی سروشتین بەتایبەتی نەوت و پیتـــرۆل بۆ نموونە و هاوكات پەرەپێدان و پێشكەوتنی بەرچاویان وەدیهێناوە، بۆنمونە «كەنەدا» و «ئوستralیا»، كە تەنیا سوود لەسامانە سروشتییەكان وەردەگرن و كاری زۆر باشیان ئەنجامداوە. لەلایەنێكی ترەوە، زۆربەی ئـــەو وڵاتانەی كە تەنیا پشـــت بـــە داهاتەكانی نەوت دەبەســـتن، دەبینین دووچاری ناكۆكـــی و ململانێ بوونەتەوە، ئەویش لەبەرئەوەی پارەی ئاسان دێتە دەستی ئەو وڵاتانە و بەشـــێوەیەكی یەكسان لەسەر هەموو پێكهاتەكانی وڵات دابەش ناكرێت، بـــڕە پارەیەكی زۆر ئاڵوگۆڕی پێدەكرێت و تاڕاددەیەك ئەو پارانە دەكەوێتە ژێر دەستی گرووپێكـــی زۆر بچووك لەكۆمەڵگەكان و كە تەنیا ئەوان لەداهاتەكان ســـوودمەندن. وڵاتەكانـــی تر كە خاوەن ســـامانی نەوتی نین وەكو «ســـەنگافورا» و «تایوان» و «كۆریا»، پشـــت بە پەرەپێدان دەبەســـتن لەبوارەكانـــی پەروەردەیی و تەندروســـتی و ژێرخانەكان، لەكاتێكـــدا وڵاتانی خاوەن سامانی نەوتی پێویستییان بەو سیستەمانە نییە لەبەرئەوەی نەوت تەنیا پێویستیی بە

هەڵکەنین و دەرهێنانە، بۆیە دەبینین بەبێ وەبەرهێنان لەو کەرتانە سوود و قازانجێکی زۆریان دەستدەکەوێت و بەشێوەیەکی ئاسان بــڕە پارەیەکی زۆر دەکەوێتە ژێر دەســـتی وڵاتانی خاوەن سامانی نەوتی، لەئاکامیشدا ســـوودمەندەکان تەنیا گرووپێکی بچووکە لەکۆمەڵگـــە و داهاتەکان بەشـــێوەیەکی یەکســـان دابـــەش ناکرێتە ســـەر تەواوی پێکهاتەکانی وڵات.

**دیموکراسی بەبێ دەستاو دەستکردنی دەسەڵات**

لایەنێکـــی دیکە کە ئەویـــش جێگەی تێڕامانی پســـپۆڕانی سیاســـەت و بواری دیموکراتی نێودەوڵەتییە، ئەوەیە لەدەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا، ســـەرکەتووترینیان ئەو دەوڵەتانـــەن کە وەك ژاپۆن و ســـەنگافورا لەسەرەتای دەسپێکی بونیادی دەوڵەتی یاسا و پرۆســـەی پەرەپێدانی بەردەوامەوە تەنیا یەك حزبی سیاسیی لەو وڵاتە حاکمە و ئەم حزبە سیاسییەش نەك هەر نەبۆتە هۆکاری ئەوەی بـــەرەو دیکتاتۆریەت و گەندەڵی و ناشـــەفافیەت هەنگاو هەڵبگرێت، بەڵکو وڵاتەکانیـــان گەیاندۆتە ئاســـتی ئەوەی لەریزی پێشـــەوەی وڵاتانی جیهانی یەکەم پۆلێن بکرێن، هەر بۆ نموونە ژاپۆن یەکێکە لە٨ دەوڵەتە پیشەسازییە گەورەکەی جیهان و ســـەنگافورا بە پلەی ١٠ یەم و کۆریای باشوور بە پلەی ١١یەم دێت، پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا ئەم پۆلینکردنە لەرووی ئاستی دیموکراتیە لەجیهاندا؟ بێگومان نەخێر ئەم پۆلێنکردنە لەســـەر ئاستی بەرزی داهاتی تاکەکەس و حکومڕانی باشـــە لەجیهاندا، سەبارەت بەم لایەنە پرسیارمان لە پرۆفیسۆر لیندا یۆن چیم لیم ئوستادی ستراتیژیەتی کۆمپانیـــاکان و بزنســـی نێودەوڵەتـــی لەزانکـــۆی میشـــیگان کـــرد، بەمجۆرە وەڵامی گوڵانـــی دایەوە: (خەڵکانێك هەن پێیانوایـــە بوونی تەنیـــا پارتێك نەك هەر تەنیـــا لەســـەنگافورا، بەڵکـــو لەکۆریا و تایوانیش، یارمەتیدەر بووە بۆ گەشـــەپێدان لەســـەرەتادا، ئەمە لەســـاڵانی شەست و حەفتاکانـــدا. لەبەر ئـــەوەی بوونی تەنیا پارتێك لەحکومەتدا، ئەگەر ئەو حکومەتە حکومەتێکی باش بێـــت، دەبێتەهۆی ئەوە بتوانێت سیاسەتی گەشەپێدان پیادە بکات بێ ڕەچاوکردنی بەرژەوەندیە تایبەتییەکانی گروپـــەکان، واتە حکومـــەت نابێتە دیلی



لیندا یۆن چیم لیم بۆ گوڵان:

**ئێستا سەنگافورا وڵاتێکی دەوڵەمەندە، دەوڵەمەندتر لەئەمریکا، کاتێک دەبێتە وڵاتێکی پێشەنگ لەتەکنۆلۆژیا، دەبێ ببێتە وڵاتێکی دیموکراسی، دەبێت ململانێیەکی زیاتر هەبێت**

بەرژەوەندیـــە تایبەتییەکان. کۆریا و تایوان لەساڵی ١٩٨٨ وڵاتەکەیان لەحکومەتێکی تاکحزبییەوە بەرەو حکومەتێکی دیموکراسی گـــۆڕی. من بـــاوەڕم وایـــە حکومڕانی تاکحزبـــی لەســـەنگافورا لەســـەرەتادا یارمەتیـــدەر بوو، بـــەڵام لەئێســـتادا ئەم کاریگەریەی لێناکەوێتەوە، ڕاستە پێویست نییە و بەس نییە، بەڵام پێموایە دەوڵەتێکی بەهێز، ئەوەی ئابووریناســـەکان پێی دەڵێن دەوڵەتێکی «گەشەپێدەر»، گرنگە ئەگەر ئامانجی ئەو دەوڵەتە گەشەپێدانی وڵاتەکە بێت، وەك ئەوەی لەسەرەتادا لەکۆریا و تایوان حکومەتێکـــی لەم چەشـــنە کردی، بەڵام ئەگەر حکومەتێکـــی تاکحزبی بێت ئەمە شتێکی باش نییە، لەبەر ئەوەی گەشە بە وڵاتەکە نادات، بەڵام کاتێك دەبێتە وڵاتێکی دەوڵەمەند، کە ئێستا سەنگافورا وڵاتێکی دەوڵەمەندە، دەوڵەمەندتر لەئەمریکا، کاتێك دەبێتە وڵاتێکی پێشـــەنگ لەتەکنۆلۆژیا، دەبێ ببێتە وڵاتێکی دیموکراســـی، دەبێت ململانێیەکی زیاتر هەبێـــت، لەبەر ئەوەی پێشـــبینی ئـــەوە ناکرێت هەمـــوو ئایدیا باشـــەکان لەتەنیا حزبێکەوە سەرچاوەبگرن، چونکـــە کاتێـــك خەڵکـــی دەوڵەمەندتر و ئاســـتی پەروەردەییان بەرزتر دەبێت، دەبێت بەدیلی سیاسی جیاوازیان لەبەردەمدا بێت، من پێموایە ئەگەر بۆ ماوەی ٢٥ ساڵ تەنیا حزبێك لەســـەنگافورا حکومڕان بێت، ئەوا گرفتم نییە، بەڵام بۆ چل یان پەنجا ساڵ، پێموایە ئەمە ماوەیەکی دووردرێژە)).

هەر ســـەبارەت بەم لایەنە پرسیاریشمان لەپرۆفیسۆر زینی سارابیا پانۆڵ ئوستادی ڕۆژنامەگەری لەزانکۆی میدل تێنســـی کـــرد، کـــە تایبەتمەندە لەســـەر ئابووریی دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ئاســـیا، لەمبارەوە بەمجـــۆرە رای خۆی بۆ گوڵان خســـتە روو: (مـــن پێم وایە . ئەم وڵاتە تێڕوانین و ئامانجێکی دیاریکراوی بۆ خۆی دارِشت و ئامـــراز و هۆکارەکانـــی هێنانەدی ئەو تێڕوانین و ئامانجـــەی گرتەبەر، هەروەها دەستی کرد بە پرۆسەی بەپیشەسازیکردنی وڵاتەکە و سەقامگیری لەوڵاتەکەدا خوڵقاند کە کاریگەری هەبوو لەســـەر ڕاکێشـــانی وەبەرهێنەری دەرەکی. هەروەها هۆکارێکی دیکـــە ئەوەیـــە ســـەنگافورا وەبەرهێنانی لەگرنگترین سەرچاوەی سروشتیدا کردووە، ئەویـــش خەڵکـــی وڵاتەکەیە، ئـــەم وڵاتە هەستاوە بە بەزرکردنەوەی ئاستی پەروەردە و خوێنەواری خەڵکەکە و باشترکردنی هەل و مەرجی ئابووریـــان، ئەمەش بۆتەهۆی سەقامگیریکردنی وڵاتەکە. کەواتە ئەگەر خاوەنی سەرچاوەی سروشـــتی بیت، وەك نەوت یان هەر ســـەرچاوەیەکی دیکە، ئەوا ناتوانیـــت ببیتـــە وڵاتێکی گەشـــەکردوو ئەگەر وەبەرهێنان لەگرنکترین سەرچاوەدا نەکەیـــت کە خەڵکـــی وڵاتەکەیە. ئەویش لەڕێـــی گرتنبەری ئەم ڕێو شـــوێنانەوە، پەرەپێدانی خەڵـــك، پەروەردەکردنی خەڵك و وەبەرهێنانکـــردن بـــۆ بەرەوپێشـــبردنی توانای خەڵك، کەمکردنەوەی کۆت و بەند لەســـەر ئازادی ڕادەبڕین و ڕەخســـاندنی شـــەفافیەت و ئاگاداربوونـــی خەڵـــك لەچۆنییەتـــی بەڕێوەچوونی کاروبارەکانی حکومەت، لەگەڵ یەکسانتر دابەشکردنی ئەو ســـەروەت و سامانەی بەهۆی داهاتی نەوت دێتەدەســـت. ئەوە دەزانم سەنگافورا وڵاتێکی فـــرە ئیتنییە، بەڵام ڕێز لەفرەیی دانیشـــتوانەکەی دەگرێـــت، ئاینـــی زاڵ لـــەم وڵاتەدا ئیســـلامە، هیـــچ گرفتێك لەئاییندارێـــدا نییـــە، ئەمریـــکا چەندەها

گرووپی ئایینی فەندەمێنتاڵی هەیە، بە مەرجێك ئایین وەك هۆكارێك بەكاربهێنرێت بۆ ئەوەی خەڵكی زیاتر لەیەكترتێبگەن و ڕێز لەیەكتر بگرن، هەروەها بۆ خوڵقاندنی ڕێسایەكی هاوبەش لەبارەی چۆنییەتی بەرەوپێشبردنی وڵاتەكەوە لەڕووی ئابووریی و سیاسییەوە. هەربۆیە پەروەردە بریتییە لەوەبەرهێنان لەباشتركردنی توانای خەڵكدا، هاووڵاتیەكی پەروەردەكراو، هاووڵاتیەكی سەقامگیر، ئاشتیخواز و بەرهەمهێنە، بە چەشنێك ئەگەر وەبەرهێنان لەپەروەردەدا نەكەیت، ئەوا ناتوانیت بە هاوشێوەی وڵاتێكی وەك سەنگافورا بەرەوپێشبچیت. كەواتە پەروەردە گرنگە بۆ هێنانەدی ئەو سەقامگیریە ئابووریەی وڵاتەكە خوازیاریەتی )).

## چینی ناوەند و بەگژداچوونەوەی گەندەڵی

**مرۆڤ لە كۆمەڵگە گەورەترین سەرمایەیە و دەبێت گەورەترین وەبەرهێنانی تێدا بكرێت، بۆ ئەوەی گەورەترین گەشەكردن لە پەرەپێدانی توانای مرۆڤەكاندا بەرهەم بێت**

دروستبوونی چینی ناوەند بەیەكێك لەفاكتەرە گرنگەكانی بونیادی دەوڵەتی یاسا و سەروەریی یاسا لەكۆمەڵگە گرێدەدرێتەوە و هەروەها بەهێزێكیش دادەنرێت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی و بونیادی بیرۆكراسیەتیكی ئیجابی لەناو دامەزراوەكانی دەوڵەتدا، سەبارەت بە گرنگی ئەم چینە بۆ كۆمەڵگەی سەنگافورا پرسیارمان لەپرۆفیسۆر ئیدوارد فریدمان ئوستادی سیاسەت لەزانكۆی ویسكۆنسین &مادیسۆن و تایبەتمەند لەسەر چین و دیموكراتی و ئابووری سیاسی كرد و بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن: (فەرمانبەرانی سەنگافورا بەرزترین مووچەیان هەیە، واتە دەتوانین بڵێین بەرزترین مووچەی فەرمانبەری حكومی لەجیهاندا لەسەنگافورایە، لەبەر ئەوە پێویست ناكات سەركێشی بكەیت و پەنابەیتەبەر گەندەڵی ئەگەر فەرمانبەر بیت لەم وڵاتەدا، هەر ئەمەش هۆكاری ئەوەیە وڵاتێكی زۆر كەمتر گەندەڵە بە بەراورد بە وڵاتانی دیكە. ڕاستە بوونی چینی ناوەند گرنگە بۆ دیموكراسی، بەڵام من پێموایە هۆكاری گرنگ بۆ سەركەوتنی دیموكراسی بریتییە لەئیرادەی سیاسی نوخبە جیاوازەكانی كۆمەڵگە كە نوێنەرایەتی چینە جیاوازەكانی كۆمەڵگەكە دەكەن، واتە ئەگەر ئیرادەی سیاسی نوخبەكان بە ئاڕاستەی سەرخستنی دیموكراسی بوو، ئەوا هەر كەس و چینێكی دیكە دەتوانێت ڕێگەی سەرخستنی دیموكراسی بدۆزێتەوە. لەلایەكی دیكە تاوەكو كۆمەڵگە زیاتر نزیك بێتەوە لەدابینكردنی پەروەردە و خوێندن لەسەر ئاستی زانكۆ بۆ ئافرەتان، ئەوا زیاتر و زیاتر دەتوانێت سوود لەباشترین دەرفەتەكان لەجیهاندا وەربگرێت و هەڵبستێت بە باشتركردنی هەلو مەرجی ژیان و گوزەران. هەروەها سەنگافورا هەڵكەوتەیەكی باشی هەیە، وەك بەندەرێكی گەورە وایە، زەوی كشتوكاڵی بەرفراوانی نییە، بەوپێیە چینی جووتیاری هەژاری نییە، لەڕاستیدا لە دەوڵەت شار دەچێت و وەك شارێكی گەورە وایە، سەنگافورا ناوچەگەلێكی هەژارنشینی نییە، ئەمە لەكاتێكدا لەزۆرێك لەوڵاتان ناوچەگەلێكی دووردەستی هەژاریان هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا، سەنگافورا ئیدارەیەكی باشی ئابووری وڵاتەكەی كرد، هیچ ترس و نیگەرانی نەبوو لەوەبەرهێنانی دەرەكی، نزیكەی دوو لەسەر سێی پیشەسازی وڵاتەكە بەدەستی كۆمپانیا فرە نەتەوەكانەوەیە. هەروەها حكومەتێكی گەشەكردووی هەبوو، سوودی لەپێگەكەی وەرگرت وەك بەندەرێك، بوو بە سەنتەرێكی پیشەسازی، بووە شوێنێك بۆ پاڵاوتنی نەوت، هەروەها بووە سەنتەرێك بۆ ڕاكێشانی گەشتیاران. لەبەر ئەوەی ئەو كێشانەی ڕووبەڕووی ئەم وڵاتە بووەوە جیاوازە لەو كێشانەی ڕووبەڕووی وڵاتێك دەبێتەوە كە دوورە لەدەریاوە، یاخود وڵاتێكی كشتوكاڵیە و خەڵكێكی هەژاری هەیە، بە چەشنێك داهاتی تاكەكەسی لەسەنگافورا لەداهاتی تاكەكەس زۆرێك لەوڵاتانی ئەورووپا زیاترە)).

پرۆفیسۆر وۆڵ مێچلیش لەمیانەی ئاخاوتنەكەی بۆ گوڵان سەبارەت بە گرنگی چینی ناوەند جەختی لەسەر ئەوەكردەوە: (چینی ناوەند شتێكە كە پێویستی هەیە بۆ دروستكردنی. پەرەپێدانی كۆمەڵایەتی و ئابووری دەبێت بەمایەی دروستبوونی چینی ناوەند، بۆ نموونە ئەم شتەمان لەوڵاتی «هند» بینی. چینی ناوەند بریتییە لەكەسانێك كە خاوەن ئاستێكی پەروەردەیی بەهێزن و توانایان هەیە بۆ بەڕێوەبردنی هاووڵاتیان لەكارەكانیان، ئەمەش بازنەیەكی هەمیشەیە بۆ پەرەپێدانی كۆمەڵایەتی و ئابووری. دووبارەی دەكەمەوە، هەروەكو كە پێشتریش ئاماژەمپێدا، پتەوكردنی ئەو پێنج ڕەهەندەی كە باسمكرد لەبارەی پێنج ڕەهەندەكانی ژێرخانەكانی دامەزراوەیی، دەبێت بەمایەی ڕەخساندنی زەمینەیەك بۆ سەرهەڵدانی چینی ناوەند، لێرەشدا چەند نموونەیەك دیار لەم بارەیەوە هەیە، بۆ نموونە وڵاتی «چین» لەگەڵ ئەو وڵاتانەی كە پێشتر كۆمیۆنیست بوونە، بۆ نموونە «ژاپۆن» و

**میتۆدی ئەم ڕاپۆرتە هەرگیز لەگەڵ كۆپیكردنەوە یان لاساییكردنەوەی هیچ ئەزموونێك نییە، بەڵكو لەگەڵ ڕەهەندە سەرەكییەكانی چۆنیەتی بونیادنانی دەوڵەتی یاسایە**

«كۆریا» و «تایوان» و «هۆنك كۆنگ» و «سەنگافورا»، ئەم وڵاتانە هەموویان نموونەن لەم بارەیەوە. كەواتە پەروەردە یەكێكە لە٣ كۆڵەگە سەرەكییەكانی پەرەپێدان. پەروەردە لە٢ ڕووەوە گرنگە: خوڵقاندنی بنەمایەك لەڕووی پەرەپێدانی لۆكاڵەوە، دووەم: خوڵقاندنی هاندەر بۆ كاركردن لەبوای وەبەرهێنانی نێودەوڵەتی. بەڕای من هەبوونی سیستەمێكی پەروەردەیی بۆ هاووڵاتیان هەر لەداینگا-وە تاكو قۆناغەكانی سەرەتایی و ناوەندی و تا دەگاتە زانكۆكان و پاش دەرچوون، دەرفەت بۆ هاووڵاتیان فەراهەم دەكات بۆئەوەی بەشێوەیەكی كاریگەرانە و پرۆفیشناڵانە كاربكەن لەبواری بزنس و لەحكومەت و لەڕێكخراوە كۆمەڵایەتییەكان، لەبەرئەوەی ئەوەی بەبێ پەروەردەیەكی بەهێز هیچ پەرەپێدانێك ڕوونادات لەسەر ئاستی ناوخۆیی. پاش سەركەوتنی








پەرەپێدانی ناوخۆیی هاندەر دێتەئاراوە بۆ پەرەپێدان لەبزنسی نێودەوڵەتی، پەرەپێدانی نێودەوڵەتی-ش لەڕێگەی دوو فاکتەر وەدیدەهێنرێت، یەکەمیان: وەبەرهێنانی کۆمپانیا و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان لەژینگەیەك کە تیایدا هێزی کار-ی بەهێز بوونی هەیە، ئەگەر سەیرێکی «سەنگافورا» بکەین دەبینین زۆربەی کۆمپانیاکانی ئەمریکی و ئەورووپی و ژاپۆنی و چینی و هندی بەخۆشحاڵییەوە کاری وەبەرهێنان لەوڵاتی «سەنگافورا» دەکەن ئەویش بەهۆی هەبوونی هێزێکی کاری بەهێز. لایەنی دووەم بریتییە لەوەی کە هاووڵاتیانی وڵاتان توانایان هەبێت بۆ گەڕانەوە بۆ وڵاتەکانی خۆیان و درێژبدەن بە کاری وەبەرهێنان، لێرەشدا مەبەستم لەو کەسانەیە کە دایك و باوکیان یاخود خۆیان وڵاتەکانی خۆیان جێهێشتووە و ڕوویانکردۆتە وڵاتێکی بیانی، دواتر بگەڕێنەوە بۆ وڵاتی خۆیان بۆ ئەنجامدانی کاری وەبەرهێنان، بۆنموونە لەوانەیە هەندێك لەهاووڵاتیانی «سەنگافورا» لەویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کاربکەن یاخود لەئەورووپا یان لەئوستورالیا، بەڵام لەبەرئەوەی سیستەمی پەروەردەیی سەنگافورا بەهێزە و بەهۆی هەلەکان و ژێرخانە بەهێزەکانی وڵات، وەبەرەهێنەرە بەرچەڵەکی «سەنگافورا» بەردەوام دەگەڕێنەوە وڵاتیان بۆ ئەنجامدانی کاری وەبەرهێنان، لێرەشدا دیارترین نموونە لەم بارەیەوە وڵاتی «هند»ە، کە هاووڵاتییە هندی-یەکان بە بەردەوامی دەگەڕێنەوە بۆ وڵاتی خۆیان و کاری بازرگانی و بزنس و وەبەرهێنان ئەنجام دەدەن، بەڵام بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی تەنیا یەکێکە لەفاکتەرە سەرەکییەکان، بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی هەل بۆ هاووڵاتیان فەراهەم دەکات بۆ وەبەرهێنانی کات و پارە لەو بوارانەی کە مایەی پەرەپێدانی ئابووری و کۆمەڵایەتین بەشێوەیەکی فراوانتر. لێرەشدا ئەو قسانەم دووبارە دەکەمەوە کە پێشتر ئاماژەم پێداوە، تەنیا بە وەدیهێنانی یەك لایەن پەرەپێدانی ئابووری و کۆمەڵایەتی سەرکەوتوو نابێت، بەڵکو سەرکەوتنی پەرەپێدان پەیوەستە بە وەدیهێنانی ئەو تێکەڵەیە لەو چوار پێنج ڕەهەندەی کە پێشتر باسیانمکرد لەوڵاتەکان لەپێناو وەدیهێنانی ئابوورییەکی بەهێز و کۆمەڵگەیەکی بەهێز)).



ئامێدی مێژووییەکی کۆنی هەیەو خاوەنی چەندین شوێنەوارەو بەناوچەیەکی گەشتوگوزاری دادەنرێت، ئەم سنوورە لەمێژوودا پێگەیەکی گرنگ و تایبەتمەندی هەبووە نەك تەنیا لە ڕووی ئایینیەوە، بەڵکو لە بواری هونەر و مۆسیقا و ڕۆشنبیری، ئامێدی لەساڵی ١٨٦٢ بۆتە قەزاو جگە لە ناحیەکانی (سەرسەنگ و دێرەلوك بامەڕنی و چەمانکی و کانی ماسی) ٣٢٦ گوندیش لەخۆ دەگرێت، لەم گوندانەدا (٤٩) گوندیان دانیشتووانەکەی برایانی مەسیحین.

ڕووبەری قەزای ئامێدی بەگشتی ( ٢٦٢٧) کیلۆمەتر دووجایە و ژمارەی دانیشتووانەکەی نزیکەی (١٠٠) هەزار کەس دەبێت، لە ساڵی ١٩٨٨ کە ئەنفال دەستی پێکرد،ئەنفال سەرتاپای سنووری قەزای گرتەوە، تەنیا چەند گوندێك نەبێت هەر هەمووی بەسەریەکدا خاپووركران و خەڵکەکەشی ڕاگوازرانەوە بۆ کۆمەڵگای زۆرەملێ و شاروشارۆچکەکانی تری کوردستان، تەنانەت سەنتەری قەزاو ناحییەکانیش بەدەرنەبوون لەخاپووركردن، بەمشێوەیە ژێرخانی ئابووری و خزمەتگوزاری قەزاکە بەتەواوەتی خاپوورو وێران کرا، تەنانەت لەدوای ڕاپەرینی ساڵی ١٩٩١ بەهۆی بارودۆخی ناوچەکەو نزیکی لە سنووری تورکیاوە، ژمارەیەکی زۆر گوند تا ئێستا ئاوەدان نەکراونەتەوە، لە کابینەی (٥) ی حکومەتی هەرێمدا لەم دەڤەرەدا ژمارەیەك پرۆژەی خزمەتگوزاری و ئاوەدانکردنەوە ئەنجامدراوە،بەڵام ئەو کارو پرۆژانەش بەپێی کاولکاری و داواکاری خەڵکەکەی نییە، بۆیە سنووری قەزای ئامێدی پێویستی بە ئاوڕلێدانەوەی زیاتر هەیە،لەم بارەیەوە دانیشتووانی سنووری قەزای ئامێدی داوای کاری خزمەتگوزاری زیاتر دەکەن و لێرەو لەوێ گلەیی و گازاندەیان لەچەندین لایەن و بواری خزمەتگوزاری هەیە. لە بەسەرکردنەوەیەکی گۆڤاری گوڵان دا گلەیی و گازندەکانی خەڵکەکەو چەند پرسیاری دیکەمان ئاڕاستەی (ئیسماعیل محەمەد) قایمقامی قەزای ئامێدی کرد، کە بەڕاشکاوی وەڵامی پرسیارەکانی داینەوەو راوبۆچوونی خۆی بەمجۆرە بۆ خستینەڕوو.



# داوا دەکرێت شوێنەوارەکانی ئامێدی بخرێتە لیستی ڕێکخراوی یونسکۆوە

ئیسماعیل محەمەد قایمقامی قەزای ئامێدی بۆ(گوڵان):

# دەڤەری ئامێدی تا ئێستا سنووری شارەوانی نییەو کوژاندنەوەی زەویشی بۆ نەکراوە

**لە بەشی سەرەوەی سەنتەری قەزای ئامێدی ناتوانرێت شارەکە بەرفراوان بکرێت**

کەمی ڕووبەری زەوی بەیەکێك لەو کێشە سەرەکییانەی قەزای ئامێدی دادەنرێت، کە ڕێگرە لەبەردەم فراوانبوونی شارو زیادکردنی ناوچەی نیشتەجێبوون،چونکە ئامێدی ناوچەیەکی شاخاوییەو فراوانبوونی زەحمەتە،هاوکات تاکو ئێستا کووژانەوەی زەوی بۆ ئەم قەزایە نەکراوە کەئەمەش گرفتێکی ئاڵۆزو گەورەیە،لەمبارەیەوە قایمقامی قەزای ئامێدی وتی: دەڤەری ئامێدی تا ئێستا سنووری شارەوانی نییەو کووژاندنەوەی زەویشی بۆ نەکراوە، نەبوونی کووژاندنەوەی زەوی (اطفاء) کێشەیەکی مەزنی بۆ سنوورەکە دروستکردووە، ناحییەکانی کانی ماسی و دێرەلوك و چەمانکی بە گشتی و بەشێك لە سنووری بامەڕنی و سەرسەنگ و سەنتەری قەزا ئیتفایان بۆ نەکراوەو هەقی خاوەن زەوییەکان دیاری نەکراون، بۆیە لەلایەکەوە زۆرپێویستە سنووری شارەوانی دیاری بکرێت تاوەکو بتوانرێت زەوی نیشتەجێبوون بەسەر خەڵکەکەدا دابەش بکرێت، لەمبارەیەوە داوامان لەلایەنی پێوەندار کردووە، بۆ ئەوەی ئەو کێشەو گرفتانە چارەسەر بکەن، لەلایەکی ترەوە بەپێی ئەو هەڵکەوتە جوگرافیایەی سەنتەری قەزای ئامێدی هەیەتی ناتوانرێت لە بەشی سەرەوەی قەزاکە شارەکە بەرفراوان بکرێت، چونکە ڕووبەری زەوی نیشتەجێبوون تێیدا دیاریکراوە، بەڵام لەبەشی خوارەوە پاش هەوڵێکی زۆر توانیوومانە هەزار پارچە زەوی دابەش بکەین و لەم بەرفراوانییەدا دوو گەڕەکی تازە دروستکراوە.

**ماستەرپلانی شارۆچکەکە و گەشتیاری سنووری قەزای ئامێدی لەژێر جێبەجێکردندایە**

لەزۆربەی شار و شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان تا ئێستا ماستەرپلانیان نییە، بۆیە لەچەندین لایەنەوە بەتایبەتی لە بەرفراوانبوون و پرۆژە خزمەتگوزارییەکاندا ڕووبەڕووی گرفت دەبنەوە، لەمبارەوە قایمقامی قەزای ئامێدی وتی: قەزای ئامێدیش ماستەرپلانی نەبوو، بەڵام ئێستاکە کۆمپانیای فۆسینگی ئەڵمانی خەریکی ئامادەکردنی ماستەرپلانە بۆ سەنتەری قەزاکە، ئەم ماستەرپلانەش کۆمەڵگای کانی و ناوچەی سیلاڤ و ئامێدی و... تاد. لەگەڵدایە،

**ماستەرپلانێك بۆ بواری گەشتیاری سنووری قەزای ئامێدی لە ژێر ئەنجامدانە**

هەر لەگەڵ ئەم ماستەرپلانەدا، ماستەرپلان بۆ شارۆچکەی سەرسەنگ و قدیش ئەنجام دەدرێت و لە ئایندەیەکی نزیکدا ماستەرپلانەکە تەواودەبێت و لە ناو ئەو ماستەرپلانەدا کێشەو گرفتی بەرفراوانکردنی قەزاو ناحیەکان چارەسەرکراوە.

هاوکات بەحوکمی ئەوەی سنووری ئامێدی دەڤەرێکی گەشتیارییە لەلایەن وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار و بەڕێوەبەرایەتی گەشتوگوزارەوە ماستەرپلانێك بۆ بواری گەشتیاری سنووری قەزای ئامێدی لە ژێر ئەنجامدانە کە تێیدا زۆر بەوردی شوێن و پێکهاتەکانی گەشتوگوزاری لەسەر دیاردەکرێت، ئەمەش یەکێکە لەو کارانەی کە برەو بە کەرتی گەشتوگوزاری دەدات و دەبێتە هۆی بووژاندنەوەی گەشتیاریی لە سنوورەکە و کوردستان بەگشتی.

**لە قەزای ئامێدی،پرۆژەیەکی ستراتیژی ئاوی خواردنەوە بە بڕی(١٠٨) ملیار دینار لەژێر جێبەجێکردندایە**

سەبارەت بەوەی کە ئاوی خواردنەوە یەکێکە لەوپێداویستیە سەرەکی و گرنگانەی کە ڕاستەوخۆ پێوەندی بەژیانی هەموو کەسێکەوە هەیەو لەماوەی ساڵانی ڕابردوودا بەپێی ئەو زانیاریانەی هەیە لەسنووری قەزای ئامێدی بەگشتی گرفتی کەمئاوی هەبووە لەپاشاندا هەوڵدراوە چارەسەر بکرێت لەم ڕووەوە قایمقامی ئامێدی وتی: لە ساڵی(٢٠٠٥)ەوە تا ئێستا ژمارەیەکی زۆر کاروپرۆژەی خزمەتگوزاری لە قەزای ئامێدی و سنوورەکە ئەنجامدراوە، بەتایبەتی لەسەردەمی کابینەی پێنجەمداو ئێستاکەش لە کابینەی شەشەم کارو پرۆژەی بەردەوام هەیە، یەکێك لەو گرفتانەی لێرەو لەوێ هەبوو کێشەی کەمئاوی بوو، بۆیە پرۆژەیەکی ستراتیژی ئاوی خواردنەوە خراوەتەپلانەوە، ئێستاکە لەژێر جێبەجێکردندایە و بڕی(١٠٨) ملیار دیناری بۆ تەرخانکراوە لەماوەی دەست پێکردنییەوە بەدوو ساڵ تەواو دەبێت، ئەم پرۆژەیە سەرچاوەکەی لە سنووری ناحیەی دێرەلوکە هەر لەم سنوورەوە تا دێتە سەرسەنگ و ئامێدی هەر هەموو سنوورەکە بە گوندەکان و کۆمەڵگاکانی دەوروبەریانەوە لەپرۆژەکە سوودمەند دەبن تا ماوەی زیاتر لە(٢٥) ساڵی تر گرفتی ئاوی خواردنەوەیان نامێنێت، پرۆژەکەش کاری باشی تێدا کراوە و قۆناخی گرنگی بڕیوە.

**لەقەزای ئامێدی تا ئێستاکەش یەك قوتابخانەی چوار دەوامی هەیەو چوار قوتابخانەش سێ دەوامییە**

سەبارەت بەڕەوشی پەروەردە کەیەکێکە لەولایەنانەی کە هەموو کاتێك بۆ ئایندەی میللەت گرنگەو لەدوای ڕاپەڕینەوە خەڵك لەهەرێمی کوردستان زۆر لە جاران زیاتر ڕووی لە خوێندن کردووە، لەمبارەیەشەوە لێرەولەوێ کێشەی سێ دەوامی و دوو دەوامی و میلاکات هەیە، بۆ زیاتر ئاگاداربوون لەم بوارەدا قایمقامی قەزای ئامێدی پێی وابوو زیادبوونی ژمارەی



قوتابی جێی دڵخۆشی ئەوانە، بەڵام پێویستیان بە دابینکردنی قوتابخانەو پێداویستییەکانی خوێندن و دابینکردنی چەند پسپۆرایەتییەکە، هەروەها زیاتریش لەمبارەیەوە روونکردنەوەی داینێ: لەسەرتاسەری سنووری قەزای ئامێدی (١٦٦) قوتابخانە هەیە، یەك لە قوتابخانەکان چوار دەوامییە، چوار لە قوتابخانەکانیش سێ دەوامیە، قوتابخانەکانی تر دوو دەوامی و یەك دەوامین و کێشەمان لە میلاکاتی پەروەردە و قوتابخانەکان تەنیا پسپۆڕایەتی هەندێ وانەیە، بۆ چارەسەرکردنی چوار دەوامی و سێ دەوامی و گونجاندنی قوتابخانەکان لەگەڵ سیستەمی تازەی خوێندندا، لە ساڵی رابردوودا چەند قوتابخانەیەك لەسنوورەکە دروستکراوەو ئەمساڵ بڕیارە لە سەنتەری قەزا بینایەك بۆ باخچەی ساوایان و بینایەکیش بۆ پەروەردەی قەزای ئامێدی دروست بکەین.

**تەنیا یەك، دوو گوند لەسنووری ئامێدی ماوە کارەبای حکومی بۆ بچێت**

سەبارەت بەبواری کارەباو کێشەو گرفت و کاروپرۆژەکان لەمبوارەدا قایمقامی قەزای ئامێدی وتی: ئەگەر رەوشی کارەبای سنووری قەزای ئامێدی ئێستاکە بەراورد بکەین بەچەند ساڵی رابردوو زۆر باشە، تەنیا لەساڵی ڕابردوو (٢٧) گوند تۆڕی کارەبای بۆ ڕاکێشراوە، ئێستاکە تەنیا یەك تا دوو گوند لەسنوورەکە ماوە کارەبای بۆ بچێت، لە سنوورەکە بە گشتی چەند وێستگەیەکی ناوەندی کارەبا دانراوە، هەروەها ئێستاکە خەریکین هێڵی کارەبای (KV١٣١) لە نێوان ئامێدی و سەرسەنگ و چەمانکی و مانگێشدا رابکێشین، بە تەواوبوونی ئەم هێڵە کێشە و گرفتی بواری کارەبا تا ڕادەیەکی باش چارەسەر دەبێت.

**لە ئایندەیەکی نزیکدا ئامێدی پێویستی بە نەخۆشخانەیەکی گەورە هەیە**

سەبارەت بە کەرتی تەندروستی کە ڕۆژانە خەڵك راستەوخۆ پێوەندی لەگەڵ هەیە، وەکو دەزانین سنووری قەزای ئامێدیش شاخاوییەو دوورە لە شارەوە، لە لایەکی ترەوە هاوسنوورە لەگەڵ تورکیادا،ئەگەر هەرکەموکورتییەك لەبواری تەندروستی هەبێت کاریگەرییەکی خراپی لەسەر خەڵکەکە بەتایبەتی لەسەر نەخۆش دروست دەکات، لەمبارەوە ئیسماعیل محەمەد پێی ڕگەیاندین:

ئێستاکە لەسنووری قەزای ئامێدی (٢٥) بنکەی تەندروستی هەیەو نەخۆشخانەیەکی (٦٠) قەرەوێڵەیی لەسەنتەری قەزاکەدا هەیە، بەڵام بەتەئکید بۆ ئایندەی ئامێدی پێویستمان بە نەخۆشخانەیەکی گەورەتر هەیە کە هەموو ئامێرو پێداویستی پشکنین و نەشتەرگەری جۆراوجۆری تێدا هەبێت، لەبەر ئەوەی سنووری قەزای ئامێدی بەرفراوانە و بە حوکمی گەشتوگوزاریش زیاتر هاتوچۆ و قەرەباڵغی لەسەرە.

**چەند شوێنەوارێك لە قەزای ئامێدی هەیە وەکو دەرگاکان و مەدرەسەی قوبەهای کە ماوەیەکە گرنگی تایبەت بەم شوێنانە دراوە**

**شوێنەوارەکان هۆکار و بنەمایەکی ترن بۆ ڕاکێشانی گەشتیار بەرەو سنوورەکە**

سەبارەت بەوەی بۆچی کەرتی گەشتوگوزاری لە سنووری ئامێدی پێشنەکەوتووە، گەرچی دەزانین هەر هەموو بنەمایەکانی گەشتیاری لەم دەڤەرەدا هەیە، دیارە نەبوونی ڕێگای جووت ساید کاریگەری هەیە یان کارو پرۆژەی گەشتوگوزاری لە سنوورەکە ئەنجام نەدراوە، قایمقامی ئامێدی وتی: کێشەی گەشتوگوزار تەنیا شەقامی جووت ساید نییە، چونکە بەچەند قۆناغێك ئێستاکە ئەو رێگایەی کە دێت بۆ سەرسەنگ و لەوێش بۆ ئامێدی دەبێتە دوو ساید، بەڵام کێشەیەی سەرەکی لە شوێنە گەشتوگوزارییەکان هەبوو کە خەڵك لە کاتی ئاوەدانکردنەوەی سنوورەکەی لە ناو خانووەکانی گەشتیاری نیشتەجێبوون، ئێستا بە بڕیارێك دەستکراوە بە چۆڵکردنی ئەم شوێنانە و لە سەرەتادا لە قۆناخی یەکەمدا (٥١٦) خانوو لە سەرسەنگ چۆڵکرا بە پشتگیری و هاوکاری پارێزگاری دهۆك و ئەم خانووانە دراوە بە وەبەرهێنەرێك کە سەرلەنوێ تازەیان بکاتەوە تا لەگەڵ سیمای گەشتوگوزار بگونجێت، هەروەها لەم ماوەیەدا رەزامەندی وەرگیراوە کە (١٣٠٠) خانووی تر لەمجۆرە کە لە ناوچە و شارۆچکە گەشتیاریەکانی تری سنوورەکەدان چۆڵ بکرێت، بە گەڕانەوەی ئەو خانووانە بۆ گەشتوگوزار بەرەو پێشڤەچوونێکی بەرچاو بەدی دەکرێت، هاوکات چەند شوێنەوارێك لە قەزای ئامێدی هەیە وەکو دەرگاکان و مەدرەسەی قوبەهای کە ماوەیەکە گرنگی تایبەت بەم شوێنانە دراوە، هەر بۆ نموونە رێگایەکمان بۆ قوبەهای بردووە و ئێستاکە کار لەسەر نۆژەنکردنەوە و کنە و پشکنینی مەدرەسەکە دەکرێت، واتە دوو پرۆژە بەیەکەوە خراوەتە بەر پلان و کارکردن، چونکە ئەم مەدرسەیە گرنگی تایبەتی و مێژووی بۆ ناوچەکە و گەلەکەمان هەیە و بودجەیەکی باشی بۆ تەرخانکراوە، بە تەواوبوونی ئەو پرۆژانە و نۆژەنکردنەوەی شوێنەوارەکان تایبەتمەندییەکی تری گەشتوگوزاری لەناوچەکە دەردەکەوێت و هۆکار و بنەمایەك دەبێت بۆ ڕاکێشانی گەشتیار بەرەو سنوورەکە.

سەبارەت بەفیستیڤاڵە هونەری و

ڕۆشـــنبیرییەکانیش قایمقامی قەزای ئامێدی وتی: لەماوەی ساڵانی ڕابردوو زۆر فیستیڤاڵ لەئامێدی ســـازکراوە، هەر لەمـــاوەی ڕابردوودا لەسەر هەر یەك لە بواری گەشتوگوزارو بواری کەلەپوور و ڕەسەنایەتی فیستیڤاڵ ئەنجامدراوە و دوو فیستیڤاڵ لەسەر هەڵخلیسکان و یارییەکانی سەربەفرو فیستیڤاڵێك بۆ گۆرانیبێژی بەناوبانگ تەحســـین تەها سازکراوە، بۆ زیاتر خزمەتکردنی هەمـــوو بوارەکانـــی هونـــەری و ڕۆشـــنبیری لەبەرنامە و پلاندایە کە گرنگی زیاتر بەهونەرو ڤیســـتیڤاڵەکان بدەین، بۆ ئەوەی ئـــەو لایەنانە گەشـــە بکات، هەر بۆ بـــەرز ڕاگرتنی هونەرو مۆســـیقا لەماوەی رابـــردوودا پەیکەرێکمان بۆ هونەرمەندی گۆرانیبێژ تەحسین تەها دروستکرد ئەمەش لەسەر داوای ئێمەو بەچاودێری وەزیری ڕۆشنبیری ولاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بـــوو، هەروەها داواکراوە لـــە زانکۆی دهۆك کە پێوەندی لە بارەی ئامێدیەوە لەگەڵ ڕێکخراوی یونســـکۆ بکەن، بـــۆ ئەوەی ئامێـــدی بخرێتە لیستی ڕێکخراوی یونسکۆوە کە وەکو شارێکی کەلتووری و شوێنەواریی و مێژوویی بناسرێت، داواشمان پێشـــکەش بەخوێندنی باڵا کردووە کە کۆلێژێك یـــان دوو کۆلێژ لە قـــەزای ئامێدی بکاتەوە و کۆلێژەکانیش پێمان باشـــبوو کۆلێژی شوێنەوارناســـی یان بەشی گەشتوگوزار بێت و بە کردنەوەی ئەم کۆلیژانەش زیاتر قەزاکە ڕووی شارستانی و کەلتووری و مێژوویی دەگەشێتەوە، هەرچەندە ئێســـتاکە پەیمانـــگای تەکنیکی لە ئامێدی هەیە، لەمبارەیەشەوە وەزیری خوێندنی باڵا و سەرۆکی زانکۆی دهۆك بەڵێنیان داوە کە جێبەجێی بکەن.

**ڕۆژانە سەنتەری قەزاپاك دەکرێتەوە و چاودێری وردیش لەسەر تیمەکانی شارەوانی هەیە**

پاککردنـــەوە و خـــۆ ڕزگارکـــردن لە زبڵوخاشـــاك بەپێی ئەو سیستەمەی تا ئێستاکە لە کوردستان پیادە دەکرێت سیستەمێکی خراپ و کۆنەو نەتوانراوە بەشێوەیەکی ڕێکوپێك ڕۆژانە کوچە و کۆڵانەکان و سەنتەری شار پاك بکەنەوەو لەپاشـــان زبڵوخاشاکەکە بەشـــێوەیەکی زانستی دووبـــارە بیکەنەوە بەکەرەســـتە ســـەرەتاییەکان، لەمبـــارەوە قایمقامـــی قـــەزای ئامێدی وتی: پاککردنەوەی قەزا و ناحیەکانی ســـنوورەکە هەر هەمـــووی ڕۆژانە بەپێی ئەو سیســـتەمەی کە لەهەموو شارو شـــارۆچکەکانی تری کوردستان هەیە پیادە دەکرێت، بەڵام لەلای ئێمە بەتایبەتی لەســـەنتەری قەزاوە جگە لە پاککردنەوە ڕۆژانە بەدواداچوون و چاودێری ورد لەســـەر تیمەکانی شـــارەوانی دەکەین، هەر بۆیەش ئەگەر سەیری ناو ســـەنتەر و گەڕەکەکانی قـــەزای ئامێدی بکەین دەبینـــن زۆر پاك و خاوێنە، پرۆســـەی خۆ ڕزگارکردن لە زبڵوخاشـــاکەکە زۆر خراپ و ناتەندروستە و هۆکارێکی پیسبوونی ژینگەشە، بەڵام لە ساڵی رابردوو لەلایەن وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار بڕیاردرا پاککردنەوەی سنووری ئامێدی بۆ ماوەی دەساڵ بدرێت بەکۆمپانیایەك

**بۆ زیاتر خزمەتکردنی هەموو بوارەکانی هونەری و ڕۆشنبیری لەبەرنامە و پلاندایە کە گرنگی زیاتر بەهونەرو فیستیڤاڵەکان بدەین**

و هەر ئەم کۆمپانیایەش کارگەیەکی ریسایکلین دابمەزرێنێت بۆ خۆ رزگارکردن لە زبڵوخاشاکەکە، بەڵام ئـــەم پرۆژەیە تا ئێســـتا نەکەوتۆتە واری جێبەجێکردنەوە.

**لە ساڵی رابردوو کێشەی ئاگرکەوتنەوە زۆربوو، وا چاوەڕوان دەکرێت ئەمساڵیش بەهەمان شێوە بێت**

سەبارەت بە ئاگرکەوتنەوە لە سنووری ئامێدی بەتایبەتـــی لە وەرزی هاویـــن چۆن ڕووبەڕووی دەبنەوە،کەموکـــوڕی و پێداویســـتیتان هەیـــە، قایمقامی قەزای ئامێدی وتی: لە ساڵی رابردوو کێشـــەی ئاگرکەوتنەوە زۆر هەبوو، وا چاوەڕوان دەکرێت ئەمســـاڵیش بەهەمان شێوە ئاگرکەوتنەوە لە ســـنووری قەزای ئامێـــدی زۆر بێت، لەبەر ئەوەی ســـنوورێکی کشـــتوکاڵییە و ڕەز و باغ و دارستانی زۆرە و هەندێ کەمتەخەرمیش لەلایەن هاووڵاتیانـــەوە ڕوودەدات لە کاتی ئاگرکەوتنەوە یان فڕێدانـــی جگەرە کە ئەمانەش پڕیشـــکی ئاگردروســـت دەکەن و لە پاشان ئاگری گەورەی لـــێ دەکەوێتـــەوە، بەڵام لە ڕێـــگای تیمەکانی بەرگری شارستانی و هێزی پێشمەرگەی ژینگە و پۆلیسی دارســـتان توانراوە تا ڕادەیەکی باش ئاگر کەوتنەوەکان کۆنترۆڵ بکرێت، ئەمســـاڵیش ئەولایەنـــە پێوەندارانـــە ئاگادارکراینـــەوە کە لە ئامادەباشی دابن و کەلوپەل و پێداویستی خۆیان ئامادە بکەن بۆ هەر ڕووداوێکی ئاگر کەوتنەوەی لە نـــاکاو، بۆ زیاتر کۆنترۆڵکـــردن و ڕوونەدانی ئاگر شـــەقام و ڕێگاکانـــی دەورووبەری زەوی کشـــتوکاڵی و دارســـتانەکان لە زبڵوپوشوپەڕاش پاك دەکرێتەوە و لە ناو زەویەکانیشدا هێڵی خۆڵ دروســـت دەکرێت بۆ ئـــەوەی ئەگەر ئاگریش لە پارچە زەویەك بەربوو نەچێت بۆ پارچەیەکی تر، هۆکاری ئاگرکەوتنەوەکانیش بەشـــی زۆری لە ئەنجامی هاتنی ڕێژەیەکی زۆری گەشتیارانە، چونکە گەشـــتیارەکان بۆ خواردن و چایی لێنان ئاگردەکەنـــەوەو لەئەنجامدا هەندێ جار ئاگرەکە دەپەڕێتەوە و دەغڵودان ئاگر دەگرێت یان هەندێ ئاگر کەوتنەوە لە ئەنجامی تۆپ بارانی ناوچە سنوورییەکان ڕوودەدات.



بۆ زیاتر پێش لە ئاگرکەوتنەوە و کووژاندنەوە داوامان کردووە بنکەی ئاگر کوژێنەوە لە سنوورەکە زیاد بکرێت، سەرەڕای ئەمانەش خەڵکی ناوچەکە لە حاڵەتی ئاگر کەوتنەوەکان زۆر هاوکارمانن.

### لە سنووری قەزای ئامێدی ژمارەیەکی زۆر مین چێندراون

سەبارەت بەبوونی مین لە سنووری ئامێدی قایمقامی قەزای ئامێدی وتی: لە ساڵی ١٩٦١ تا ١٩٩١ سنووری ئامێدی ناوجەرگەی شۆڕشی رزگاریخوازی گەلەکەمان بووە، لە دوای راپەڕینیش تا ئێستا بەحوکمی هاوسنووریمان ژمارەیەکی زۆر مین لە دەڤەرەکەدا چاندراوە و نەخشەیەکی تیروتەسەل لەبەردەستە کە چەند کێڵگەی مین لەناوچەکە هەیە تا ئێستاکە زۆر شوێن و کێڵگەی بەمین چێنراو پاککراونەتەوەو ژمارەیەکی زۆریش لەکێڵگەی مین ماوە پاك بکرێتەوەو لەئەنجامی ئەو میننانەشدا قوربانی لێکەوتۆتەوە، دەزگا و رێکخراوەکانی مین بەردەوامن لە کاروچالاکییەکانیان بۆ پاککردنەوەی سنوورەکە لە مین، چونکە هەر ئەم مینەیە وایکردووە زۆر گوند ئاوەدان نەکرێتەوە و چەندین باخ و بێستانیش دانەچێندرێت.

### پرۆژەکان زیاتر لەسەر بودجەی پەرەپێدانە، نەك وەزارەتەکان

سەبارەت بە کاروپرۆژەکان کە زیاتر پشت بە بودجەی پەرەپێدانی پارێزگا دەبەستن نەك بە وەزارەتەکان قایمقامی قەزای ئامێدی وتی: بێگومان یەکێك لە کێشەکان ئەوەیە کە کارو پرۆژەکان زیاتر لەلایەن بودجەی پەرەپێدانەوەن نەك وەزارەتەکان، بەڵام ساڵی رابردوو هەندێ لەپرۆژەکان لەلایەن وەزارەتەکانەوە ئەنجامدراوە بەتایبەتی پرۆژەی ستراتیژی ئاوی خواردنەوە کە لەلایەن وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزارەوە خراوەتە بەرپلان و ئێستاکە لە ژێرجێبەجێکردندایە.

### تا ئێستا بڕیاری دابەزاندنی دەسەڵاتی ئیداری کاریگەری لەسەر کارو ئیشەکانمان نەبووە

سەبارەت بە دابەزاندنی دەسەڵاتی ئیداری و کاریگەری لەسەر راپەڕاندنی ئیش و کارەکانیان قایمقامی قەزای ئامێدی وتی: بڕیارێك دراوە کە دەسەڵاتی ئیداری دابەزێتەخوارەوە،بەڵام ئەوە تەنیا وەکو بڕیار و نووسراو هەیە، دەنا تا ئێستا هیچ کاریگەری لەسەر ئیش و کارەکانمان نەبووە، لەلایەکی ترەوە ئەم بڕیارە لەگەڵ دوو تا سێ یاسا دژەو ناگونجێت بۆ نموونە لەگەڵ یاسای ئەنجومەنی پارێزگاکان، لەلایەکی ترەوە دابەزاندنی دەسەڵاتی ئیداری بەبێ دەسەڵاتی دارایی و یەکەی ژمێریاریی سوودی نییە و کاریگەریی لەسەر بەرەو پێشەوە بردنی کارو ئیشەکان نابێت، بەڵکو هەر کاتێك بودجە لەبەر دەست هەبوو و یەکەی ژمێریاری لەلامان دابمەزرێت ئەوە ئەو کاتە دابەزاندنی دەسەڵاتی ئیداری کار و مەرامی خۆی دەپێکێت.

**پرۆژەیەکی ستراتیژی ئاوی خواردنەوە خراوەتەپلانەوە، ئێستاکە لەژێر جێبەجێکردندایە و بڕی(١٠٨) ملیار دیناری بۆ تەرخانکراوە لەماوەی دەست پێکردنییەوە بەدوو ساڵ تەواو دەبێت**

### ئێمە کێشەیەکمان هەیە تا ئێستا(١٠٢) گوند لە قەزای ئامێدی ئاوەدان نەکراونەتەوە

سەبارەت بەوەی کە سنووری قەزای ئامێدی ناوچەیەکی کشتوکاڵی و ئاژەڵدارییە دەبێت وەزارەتی کشتوکاڵ چی بۆ ئەو سنوورە کردبێت، قایمقامی قەزای ئامێدی وتی: وەزارەتی کشتوکاڵ لەدوو، سێ ساڵی رابردوو لە گواستنەوەی بەرووبوومی جووتیاران هاوکاری باشی کردوین، ئەم هاوکارییەش کاریگەری لەسەر بەرەوپێشەوەبردنی کەرتی کشتوکاڵی لە ناوچەکەدا دیارە، هەروەها بەنداوێکی گەورەی بەناوی بێدیهی بە بڕی (١١) ملیار دینار دروست دەکات،ئەو بەنداوە ئێستا لەژێر ئەنجامداندایە، چەند کۆگای ساردکەرەوەی بۆ بەرووبومی سەوزە و میوە دروستکردووە، لەلایەکی ترەوە قەرز بە جووتیاران دەدات کە هاوکاری و پشتگیرییەکی گەورە و باشە بۆ جووتیاران، بەڵام ئێمە کێشەیەکمان هەیە تا ئێستا(١٠٢) گوند لە قەزای ئامێدی ئەوانەی سنوورییین لەگەڵ تورکیا، لەبەر بارودۆخەکە ئاوەدان نەکراوەتەوە.

### نەخێر وەزارەتی پیشەسازی تا ئێستا هیچ جۆرە پرۆژەیەکی لە دەڤەرەکە ئەنجام نەداوە

سەبارەت بەوەی کە وەزارەتی پیشەسازی و بازرگانی هیچ پرۆژە و کارگەیەکی لە سنووری قەزای ئامێدی ئەنجامنەداوە، قایمقامی قەزای ئامێدی وتی: نەخێر وەزارەتی پیشەسازی تا ئێستا کە هیچ جۆرە پرۆژە و کارگەیەکی لە دەڤەرەکە ئەنجام نەدراوە، کە هەموولایەك دەزانین ناوچەیەکی بەرفراوان و دەوڵەمەندە بە کشتوکاڵ و بەرووبوومی سەوزە و میوەجات.

لە کۆتاییدا قایمقامی قەزای ئامێدی وتی: سەیرانی بەری سیرێ، ئەو سەیرانە زۆر کۆنە لە کاتی میری بادینانەوە هەبووە، ئێستاکەشی هەموو ساڵێك لە(٥/١) خەڵکی ئامێدی بە گشتی لە شەوەکەیدا دەچنە ئەو سەیرانگایە تا رۆژی دواتر لەوێ دەمێننەوە، ئەم سەیرانە بۆتە کەلتوور و دابونەریتێکی خەڵکی ناوچەکەیە،پێمان باشە بیرازێنینەوە..

